یەکەمین گۆڤاری کارگێڕی و گەشەپێدانی مرۆیی
لە کوردستاندا

لە پێناو کەلێکی خاوەن بڕیاردا

بڕیار

66

ساڵی شەشەم
کانوونی یەکەمی 2013

مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕی و
گەشەپێدانی مرۆیی

مەملەکەتی ئەوین



ژیان
تاقیگەیە!

پێنج نهێنی
پێگەیاندنی
منداڵی زیرەک!

مەهێڵن گومان
بینابیتان
لێڵ بکات!

لەگەڵ هێمنی شاعیردا

لەناختدا بیفەوێنە،
بەڵام مەیمرێنە!!


بەختەوەری بریتی نییە لە ڤێلاو کەمالیات!



سروودی نیشتیمانی هەستە

پێش ئەوەی هەڵبەستێت!!

RASAN
Group



The first Magazine Specialized in Management and Human Development in Kurdistan

لە پێناو گەلێکی خاوەن بڕیاردا

بڕیار

مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی


ساڵی شەشەم - ژمارە 66 - کانوونی یەکەمی 2013

NO. 66

کارگێڕی و بازاڕسازی









خاوەنی ئیمتیاز

ئەندازیار: مەسعود تاهیر ڕۆژبەیانی

سەرنووسەر

عادل محەممەد شێخانی

sarnosar@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین

بەرزان ئەبوبەکر

دەستەی نووسەران

هاژە شێروانی
پەیمان بەرزنجی
زاهیر زانا
محەممەد مێرگەیی
محمد هاشم محمد
پەری شێخ کەریم
بێگەرد فارس
وەهاب حەسیب
ئەسکەندەر ڕەحیم
گوڵان حەمە ئەمین

ڕاوێژکاری یاسایی

پارێزەر: ئازاد محێدین

بەشی هونەریو دیزاین

قەیدار ڕەحیم
پشتیوان عبدالرحمن

ناونیشانی گۆڤار

سلێمانی - شەقامی سالم -تەلاری جەمالی حاجی عەلی-
نهۆمی سێیەم- نزیك پردی خەسرەو خاڵ
٣١٩٣٩٤٦ - ٠٧٧٠٢١٧٨٦٨٢

هەولێر - شەقامی پزیشکان -فولکەی مەلیك
مەحمود - نهۆمی زەمینی مۆتێل میلانۆ
٠٧٥٠٥٢٥٣٠٣٥ - ٠٧٥٠١٩٥٣٢٣٠
٠٧٥٠٤٤٦٣٢٣٠
E-mail: bryarmagazin@gmail.com

بەشی ڕیکلام: ٠٧٤٨٠١١٢٧٨٧

دابەشکردن: کۆمپانیای پەیك
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

چاپ: کۆمپانیای پیرەمێرد

نرخ 2500 دینار

مەهێڵن گومان بینابیتان لێڵ بکات!

ئازیزان هەرگیز مەهێڵن گومانی خراپ خۆشەویستانتان لێ بسێنێت، ڕێگە مەدەن ئاوێنەی خۆشەویستیتان لێڵ بێت، چونکە ڕۆژێك دەبێت ماڵاواییتان لێبکەنو بەجێتان بهێڵن، لە کاتێکدا ئێوە هێشتا قسەی زۆرتان لە دڵدا ماوە بۆئەوەی پێیان ڕابگەیەنن!

کەواتە ئەمڕۆ لە باوەشیان بگرن، گوزارش لە خۆشەویستیتان بکەن، لە هەڵەکانیان ببورن، پێش ئەوەی کە سبەینێ جگە لە یادگاری نەتوانن شتێکی دی لە ئامێز بگرن!

با دڵەکانمان بە گومان کرمێ نەبن، با ڕقمان لە کەس نەبێت، بە تایبەت ئەوانەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆشمان ویستوون، ئەوانە گوڵەباخی ژیانی ئێمەن، ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان بە مافی خۆمان زانی لێیان زیزبین، خۆ مافی ئەوەمان نییە ناوبانگیان بزڕێنین! کەسایەتیان لەکەدار بکەین!

خۆشەویستان: خۆ ئەگەر هۆیەك هەبێت بۆ ڕقو کینەو زیزبوون، ئەوا هەزار هۆکار هەیە بۆ خۆشەویستی!

با گومان نەکەینە هاوڕێی گیانی بە گیانیمان، توماس بین دەڵێت: (گومان هاوڕێی خۆشەویستی ڕۆحە لاوازەکانە!)

هەندێجار پێویستە بێدەنگ بین، وەڵام نەدەینەوە، بە تایبەت کاتێك کەسانێك کە زۆرمان خۆشدەوێن، زۆر خراپ باسمان دەکەن،، پشتمان تێدەکەن، بۆئەوەی لە دەستیان نەدەین، چونکە ئێمە نامانەوێت ئەو دڵانەمان لە دەست بچێت، لەبەرئەوەی بە ڕاستی خۆشمان دەوێن!

هەرچەندە ئەوان بەو کارەیان ڕاستییەکی تاڵ دەخەنە بەردەممان، پێیان وایە ئێمە گۆڕاوین، ئەوە نەبووین کە ئەوان گومانی باشیان پێ دەبردین.. نا نە ئێمەو نە ئەوان نەگۆڕاوین، بەڵکو دەیسەلمێنن کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە حەقیقەتی خودی خۆیان نزیکتر دەبنەوە!

بێدەنگی ئێمە تاڵە، سەختو دژوارە، وەلێ بۆ ئەوەی ئێوە زێتر بە هەڵە لێمان تێنەگەن، چەند ساتێك لێتان دووردەکەوینەوە، تا بزانین کەس وێڵە بە شوێنماندا!!

ئازیزانم، خۆشەویستیو بەهای بەرزو دڵی پاكو بێگەردمان، نابێت هەرگیز ڕێگامان بدات کە وەك بەرامبەر مامەڵە بکەین، چونکە زۆرن ئەو کەسانەی کە ئەگەر ئێمەش بە هەمان شێوازی ئەوان مامەڵە بکەین، ئەوا دەمێك بوو لە ژیانی ئێمە چووبوونە دەرێ! بەڵام لێرەدا خاوەنی ئاکارە بەرزەکان دەردەکەون!

با لێبوردەبین، چونکە هەموو کەسێك هەڵە دەکات، مەگەر ئەو کەسە مرۆڤ نەبێت!!

تەنها مرۆڤە گەورەکانن کە هەڵەکان دەشارنەوە، کورتەباڵاکان هەمیشە بە هەڵەکانمان دڵخۆش دەبن، ئەگەر دەستیان بگاتێ لەسەر ساباتی ئاسمان دەینوسن، تا هەموو جیهان هەڵەکانی ئێمە بزانن، وەلێ شوکور بۆ خودا باڵای ئەوان زۆر لەوە کورتترە دەستیان بەوەها شوێنێك بگات!

ئەوان لە بری ئەوەی ڕێزی مرۆڤە گەورەکان بگرن، دەیانەوێت ئەوانیش وەکو خۆیان لێبکەن، چونکە بە گەورەزانینی مرۆڤە مەزنەکان، هونەرێکە ئەوان لێی مەحرومن!!

با لە ناسینی مرۆڤەکاندا پەلە نەکەین دیدارێکو دووان بەس نییە بۆ ناسینیان، با لێگەڕێین ڕۆژگار کانزای هەموو مرۆڤەکان دەردەخات، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێك زۆر لەوە جوانترو گەورەتر بوون کە ئێمە گومانمان پێ دەبردن!

گەر ڕۆحیشمان بە کەسانێك ئاشنا نەبوو، نەمانتوانی لە نزیکیاندا بژین، ئەوا شمشێری زمانیان لێ ناسوین! بەڵکو بە هێمنی بەجێیان دێڵین! لە پەروەردگار دەپاڕێینەوە کە بەختەوەریان بکاتو لەسەر ڕێگای ئێمەیان لابەرێ!

ئەبو یەزیدی بیستامی دەڵێت: هەرکەسێك گومانی وابێت کە کەسێك لەو خراپتر هەیە لەسەر زەویدا ئەوە "لوتبەرزو خۆبەزلزانە!".

با بە ناخی خۆماندا ڕۆبچین، لە خۆشەویستی خۆمان دڵنیابین، چونکە مرۆڤ تا خۆشەویستی زیاتر بێت، لێبوردنی زیاتر دەبێت، گومانی باشترو هەستی پاکترو بۆچوونی ڕووناکترو دڵی میهرەبانتر دەبێت، گەر نموونەشتان دەوێت تەماشای دڵی دایك بکەن!

لە بیاباندا جگە لە دڕكو داڵ چیدی ناڕوێت، لە گوڵزاری ڕۆحە پاکەکاندا نەبێت میهرو ئەوین لە دایك نابێت، لە دڵە سپییەکاندا نەبێت خۆشەویستی جێگیر نابێت!

دەتوانن یەکەم دڵۆپ هاوڕێ بە خونچە گوڵێك نوقڵێکی مینو، بکەنە دیاری بۆ هەموو ئەو کەسانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆشتان ویستوون!



کارگێڕی بە گوفتار

زێڕو مرواری بە کەوتنە سەرزەوی،
نرخو بەهایان ون نابێت!

پەندێکی هندی

تەنها کەسێك کە لە ژیانیدا تامی شکستی نەکردووە، ئەو کەسەیە کە
بەبێ ئامانج دەژی!

نیتشە

ئارامگرتن گوڵێکە لە هەموو باخچەیەکدا نارِوێت..

جون هایوود

هەندێك بە پیری لە دایك دەبن، هەندێکیش بە لاوی دەمرن.

شکیب ئەرسەلان

پیری بە ئازارەکانییەوە باشترە، لە لاوی بەبێ هیواو ئاوات.

تیرنس

کۆبوونەوەی باسكو بازووەکان، نیشتمانێك بنیات دەنێت، کۆبوونەوەی دڵەکان
خەمو پەژارە لە گۆڕدەنێت..

پەندێکی ئەسکەتلەندی

سیستەمی کارگێڕی!

دەگێڕنـــەوە جارێکیـــان پێشـــبڕکێیەکی بەلەمەوانی ســازکرا لــە نێوان دوو تیپــی ژاپۆنیو عەرەبیدا، بەلەمــی هەرلایەك (٩) کەســی هەلگرتبوو، لە کۆتایی پێشـــبڕکێکەدا، تیپە ژاپۆنیەکە بە جیاوازییەکی زۆر بەرچاو لە تیپە عەرەبییەکەی بردەوە!

دوای شـــرۆڤەکردنی ئەنجامەکە دەرکەوت کە تیپە ژاپۆنییەکە پێکدێت لە بەڕێوەبەرێكو (٨)کەس کە سەوڵ لێدەدەن بۆ ڕۆیشتنی بەلەمەکە!

بـــەڵام تیپە عەرەبییەکە پێکهاتبوو لـــە (٨) بەڕێوەبەرو یەك کەس کە بە تەنیا کەس سەوڵی لێدەدا.

تیپە عەرەبییەکە هەوڵیدا دووبارە تیپەکەی لەســـەر شـــێوەی تیپە ژاپۆنییەکە ڕێکبخاتەوە، ئەوانیش یەك بەڕێوەبەریان هەبێت.

دووبارە پێشـــبڕکێ دەســـتی پێکـــردەوە، بەڵام دووبـــارە تیپە ژاپۆنییەکـــە بـــە جیاوازییەکـــی زۆر بەرچاو وەکو جاری پێشـــوو بردییەوە!

دوای لێکۆڵینـــەوە دەرکەوت کە تیپـــە ژاپۆنییەکە وەکو جاری پێشـــوو پێکهاتبوو لە یەك بەڕێوەبەرو (٨) ئەندام کە سەوڵیان لێ دەدا! بەڵام تیپە عەرەبییەکە پێکهاتبوو لە:

بەڕێوەبـــەری گشـــتی، (٣) بەڕێوەبەری کارگێڕی (٤) ســـەرۆك بەشو یەك سەوڵ لێدەر!

لە کۆتایشدا تیپەکە بڕیاری دا لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرسیاری ئەم هەڵەیە بکات، لە ئەنجامیشدا ئەو ئەندامە لە کارەکەی دەرکرا کە بە تەنیا سەوڵی لێدەدا!!

لەم چیرۆکەوە فێردەبین:

١- سیســـتەمی کارگێـــڕیو پلان بـــۆ ســـەرکەوتن، ڕازو نهێنی گەیشتنە بە ئامانج.

٢- جیـــاوازی ئێمـــەو کۆمەڵـــگا پێشـــکەوتووەکان، جیـــاوازی بیرکردنەوەو بۆچوونو بەرژەوەندیو کارکردنە!

٣- هەســـت ناکەیـــت ئەو سیســـتەمە عەرەبییـــە، کوتومت لە سیستەمی کارگێڕی لەمەڕ خۆمان دەچێت؟!

٤- ئەگـــەر بێلایەنانە لە هەڵەکانی کارگێڕی نێو داموو دەزگای وڵاتەکەمـــان بکۆڵینەوە، زۆر بە ڕوونی شـــێوازی دووەمی کارگێڕی تیپە عەرەبییەکە دەبینین!

٥- دۆزینـــەوەی کار بـــۆ کەســـەکان تا ئێســـتا دەخرێتە پێش دۆزینەوەی کەس بۆ کارەکان!

٦- تا کەی بە پۆســـتی بەتاڵو ناوی کلۆرەوە ســـامانی گشـــتی بەهەدەر بدرێ.

٧- تـــا کەی هەموو فشـــارو زەحمەتێك لەســـەر شـــانی چەند کەسێك بێتو لە کاتی هەڵەو ناتەواویشدا هەر ئەوان سزا بدرێن!



تەنها بۆ سەرکردەکان

ئەگەر ناتەوێت سەرکردە بیت، ئەم لاپەڕەیە مەخوێنەرەوە!

سەرکردەی لێهاتوو ئەو سەرکردەیە کە ئارەزووی پێشکەوتن و گەشەسەندن لە ئاخی شوێنکەوتوانیدا دەڕوێنێت، بۆئەوەی شوێنکەوتووانی بکاتە کەسانی شارەزاو بە ئەزموون و بە توانا!

فرید مانسك

سەرکردە لێهاتووەکان هەوڵەکانیان دەخەنەگەڕ، بۆبەرزکردنەوەی ئاستی ڕێزگرتن و متمانەبەخۆبوونی کارمەندو شوێنکەوتووەکانیان، چونکە ئەو کاتەی خەڵکی متمانەیان بە خۆیان زیاد دەکات، دەبینیت چ شتگەلێکی سەرسوڕهێنەر ئەنجام دەدەن!

سام والتون

گەورەترین پاداشت بۆ کارمەندو شوێنکەوتووەکانت، بریتییە لەوەی هەل و دەرفەتی زیاتریان پێببەخشی، تا کاری زیاتر ئەنجام بدەن!

جوناس سالك

هەر شتێك لە ژیاندا دەتەوێت، دەتوانی بەدەستی بهێنیت، ئەگەر ژمارەی پێویست لە کارمەندو شوێنکەوتووان، هاوکارو یارمەتیدەرت بوون!

زیج زیجلر

سەرکردەی لێهاتوو، تەنها پشت بە زانیارییەکانی خۆی نابەستێت، بەڵکو سوود لە هەموو زانیارییەکانی کەسانی چواردەوری وەردەگرێت!

دودرو ویسلون

گیرفانە بەتاڵەکان، مرۆڤەکان پێش و دواناخەن! بەڵام عەقڵ و دڵە بەتاڵەکان، کارەساتی سەرسوڕهێنەر ئەنجام دەدەن!

نورمان فینسنت بیل



زاراوەی کارگێڕی

وەهاب حەسیب محەممەد

کاریزما: کاریزما لە بنەچەدا وشەیەکی یۆنانییە، بە مانای دیاری، یان بەخشندەیی خودادێت، ئاماژەیە بۆ هەندێك خەسڵەت لە کەسانێکدا هەن وادەکات ئامادەگییەکی بەردەوامیان هەبێتو سەرنجی کەسانی دەوروبەری، لە ڕووی جەستەیی، سۆزداری، ڕۆشنبیرییەوە ڕابکێشێت، نهێنی کەسایەتی کاریزما بەشێوەیەکە دەوروبەری خۆشیان بوێتو گوێڕایەڵی بن، هەندێك لەوانەی لەسەر کاریزما قسەیان کردووە هەوڵیان داوە وشەی کاریزما وەربگێڕن بۆ (سحر الشخصیە)، فریودان، یان هەڵخەڵەتاندنی کەسێتی، یان هێزی کەسێتی ....تاد، ئەو وشانە بە بەراورد بە واتای کاریزما لە زمانی ئینگلیزیدا واتاکەی نایەتەوە، بەڵام دەتوانرێت وەك ئاماژە وشەکە پەیوەست بکرێت بە کەسێتیەکی دیاریکراوەوە، واتە کاریزما ئەو کەسەیە کە توانایەکی ناسروشتی هەیە لە ڕابەرایەتی، باوەڕهێنانو کۆیلەکردنی کەسانی تر، هەروەها لە کاتی پەیوەندیکردن بە کەسانی ترەوە دەتوانێت سەرچاوەی ئیلهامیان بێت، زیاد لە پێویست سەرنجی ئەو کەسانە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

کەسی کاریزمی کێیە؟

کەسێکە لە یادەوەریماندا دەمێنێتەوە، خۆشمان بوێت، یان نا، تواناکانی سنوریان نییە، دیارترینیان دەست بەسەراگرتنە، لە یەکەم دیداردا سەرنجت بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، دەتوانێت لە یادەوەریو هەستەوەریتدا بمێنێتەوە، تەنها بەوەندەی لەگەڵ کۆمەڵێك کەسدا کۆبێتەوە، یان گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، دەبێتە جێگای تێڕوانینیان، زیاد لەو خەسڵەتانە هەموو ئەوانەی بەدیداری شادبوون، هەوڵدەدەن بە ئاگایی بێت، یان بە نەزانین لاسایی بکەنەوە، کەسی کاریزمی کەسێکی کۆمەڵایەتییە، چالاکە، خۆشەویستە، ئارەزووی گۆڕانکاریو تەحەدا دەکات، هیچ شتێك لە بەردەمیدا ناوەستێت، بیرکردنەوەی قوڵە، خاوەن بیرکردنەوەو هەڵوێستی دیاریکراوە، باوەڕی بە خۆیەتیو توانای باوەڕپێهێنانی هەیە، کەسایەتی کاریزمی لە بواری ڕامیاریدا دەردەکەوێت وەك: (لە کەسایەتی جیڤارا، ماندیلا، غاندیو ... دەرکەوت)، هەروەها لە بواری ئاینو وەرزشدا دەردەکەوێت وەك: لە کەسایەتی: حەسەن بەنا، زیدانو بێکهامو... ڕەنگی دابۆوە) بە هەمان شێوە لە بواری گۆرانی هونەردا دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەدا تیۆرە کۆنەکان باوەڕیان بە وابوو کاریزما بەخشندەی خودایە لەگەڵ لە دایکبوونی کەسەکەدا کەسایەتی کاریزمی بەو کەسەوە پەیوەستە، بەڵام تیۆرە تازەکان سەلماندوویانە جێگای گومان نییە کاریزما کۆمەڵێك خەسڵەتو هەڵسوکەوتە دەکرێت بە هەوڵدان، فێربوون، لێبڕان بەدەست بهێنرێت بەڕای پرۆفیسۆر (ڕیتشارد وایزمان) ٥٠٪ کاریزما خۆرسکە، ئەوەیتری لە ڕێگای هەوڵدانەوە بەدەستدەهێنرێت، لێپرسینەوە: واتە لێپێچینەوە لە بەردەست، (ئەو کەسەی لە بەردەستی کەسێکدا کاردەکات، وەك ڕێزێك لەسەرچاوەی مرۆیی زۆرێك ناوەندو دەزگاکان لە وشەی بەردەست خۆدەپارێزن، تەنها بە سەرچاوەیی مرۆیی گوزارشت لەو سەرچاوەیە دەکەن)، دەربارەی ئە نجامی ئەو کارەی کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا جێبەجێیکردووە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دەسەڵاتەی پێیدراوە، کارێکی سروشتییە لێپرسینەوە لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتو بەرپرسیارێتییەدا بێت کە بەرپرس تیایدا سەرپشککراوە، لێپچینەوە لە پەیکەری ڕێکخراوەکاندا لە خوارەو بۆ سەرەوە دەبێت، بە پێچەوانەی دەسەڵاتەوە کە لەسەرەوەی پەیکەری ڕێکخراوەکەوە دادەبەزێنرێت بۆ بەشەکانی خوارەوە، بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی دابەزێنراوە ئەو کەسە هێندە دەسەڵاتو بەرپرسیارێتی دەبێت، دواتر لێپچینەوەکە لە بەشەکانی خوارەوەی ڕێکخراوەکە دەست پێدەکات، کەواتە بەڕێوەبەرێتی جێبەجێکاری بەرپرسە لە بەردەم بەڕێوەبەرێتی ناوەند، بەمشێوە بەڕێوەبەرێتی جێبەجێکاری لەبەردەم بەڕێوەبەرێتی باڵادا بەرپرسە، لێپرسینەوە دەربارەی ئیش بەشێوەیەکی تەنها دەبێت، واتە بەردەست لە ئەنجامی ئیشەکانی بە تەنها لە بەردەم لێپرسراوەکەیدا بەرپرسیارە.



ن: شیری بایکۆسفی..
و. بۆ عەرەبی: محمد عنان..
و. بۆ کوردی: زانکۆ قەرەداغی

500 بیرۆکەی قەشەنگ

بۆ ڕێکخستنی هەموو شتێک...

٤٢٩- سیستمێك بۆ ڕێكخستنی كەلوپەلەكانت:

ئەگەر خولیا، یان دووكانێكی دارتاشی بچوكت هەبوو، ئەوەندە تفاقت هەبوو كە لە سندوقێكدا جێگایان نەدەبووەوە، ئەوا لە بازاڕەكاندا عەلاگەی تایبەت هەیە كە سنگو ئەڵقەی جۆراوجۆری لەسەر جێگیركراوەو دەتوانرێت دابكوترێت بە دیواردا بۆ هەڵواسینی ئەو كەلوپەلانەی كە هەتە، ڕەنگە خۆشت بتوانیت بە سەلیقەو دەستڕەنگینی خۆت لە تەختەو بزمارو قولاپی هەڵواسین چەند دانەیەك لەو عەلاگانە دروست بكەیتو سیستمێكیان لێپێكبهێنی بۆ ڕێكخستنی وەرشەكەت.

٤٣٠- تیپ:

بوونی تیپی ئاوی لە ماڵو نوسینگەدا پێویستەو زۆر كاری پێ ئەنجام دەدەیت، وەك داخستنی دەمی زەرفی نامەو چاككردنەوەی پارەی دڕاوو بۆ زۆر كاری تریش سودی هەیە.

٤٣١- زۆر ڕوونو ئاشكرایە:

ئەگەر لە كاتی سەیركردنی كتێب، ڕۆژنامە، یان گۆڤارێكدا، بڕگەیەك سەرنجی ڕاكێشایت، بەڵام كاتی خوێندنەوەت نەبوو، ئەوا دەتوانی بە پێنوسێك ئەو بەشانە دیاری بكەیت كە حەزدەكەیت دواتر بیانخوێنیتەوە، بۆیە چاكتر وایە هەمیشە پێنوسێكت پێبێت، ڕەنگی سەوز، یان سور.

٤٣٢- تەنها یەك دەست بەكاربهێنە:

ئەوەندەی لە تواناتدا هەیە بیر لە پاشەكەوتی كاتو كۆشش بكەرەوە، جۆرە قەڵەمێك هەڵبژێرە كە بە تەنها دەست پیاهێنانێك نوكەكەی دێتە دەرەوەو ئامادەی نوسین دەبێت، ئەم جۆرە چاكترە لەوانەی پێویستە بۆ لابردنی سەرقاپەكەی.

٤٣٣- كەرەستەی تر بۆ ڕێكخستن:

لەم كتێبەدا زۆر كەرەستەی ڕێكخستنو بەكارهێنانەكانیان دێنە بەرچاوت، لەوانە:

أ- ئامێری چاپكردن لەسەر پلاستیك بۆ چاپكردنی ناونیشانو جێگیركردنیان لەسەر سندوقی تفاقو دۆلابی دۆسیەو شتگەلی تریش.

ب- لەزگەی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ نیشانەكردنی كارتۆنو سندوق لە كاتی گواستنەوەیانداو هەروەها جیاكردنەوەی كتێب لەسەر ڕەفەو ناو كتێبخانەكەدا.

ج- فایلو دۆسییە بۆ پاراستنی نوسراوەكانتو دۆزینەوەیان بە ئاسانی لە كاتی پێویستدا.

د- چەقۆ، یان كەتەرێكی تیژ بۆ لێكردنەوەی پارچە لە ڕۆژنامە، یان گۆڤارێك.

ە- سنگو قولاپی هەڵواسینی جۆراوجۆر كە لەسەر دیوارو پشتی دەرگاو ناو دۆلابدا جێگیر دەكرێن.

و- مەترو فوتو ڕاستە بۆ پێوانەی شتومەكو شوێنەكان.

ز- پێنوسو كاغەز بۆ بەكارهێنانی جۆراوجۆر.

سەفەر..

٤٣٤- دەربارەی ئەو شوێنە بخوێنەرەوە:

ئەگەر لە سەفەری كار، یان گەشتو گوزاردا بوویت، پێش ئەوەی بچیت بۆ شوێنێك بە چاكی دەربارەی ئەو شوێنە بخوێنەرەوە بۆ ئەوەی كات بە هەندێ شتی ناشایانی وەك ڕێگا لێتێكچوونەوە بەفیڕۆ نەدەیت، پاش گەیشتنت بە شوێنی مەبەست نامیلكەی ڕێنماییو نەخشەو زانیاری دەربارەی ڕێگاكانی سەفەر كۆبكەرەوە، ئەگەر كاتی تەواوت هەبوو پەیوەندی بكە بە خاڵە بازرگانییەكانەوە تا ئەو كاڵایانەی دەتەوێت بۆت بنێرن، ئەگەر لەو سەفەرەدا پەیوەندی زۆرت بۆ دروست بوو، ئەوا فایلێك بۆ هەر بوارێك بكەرەوە.


٤٣٥- زانیاری بۆ ماوەیەكی دیاریكراو:

لە ڕێنماییو نەخشەكانەوە زانیاری كۆبكەرەوەو بە جیا بیاننوسە تا بە شێوەیەكی كاتی بەكاری بهێنیت، دوایی، یان بیاندڕێنە، یان لای خاوەن ئوتێلەكە دایانبنێ تا كەسانی تریش سودی لێوەرگرن.

٤٣٦- نەخشە:

نەخشەكانت لە چەند كۆمەڵەیەكدا ڕێكبخە، یەكەم جار بە گوێرەی ناوچەو پاشان ڕیزبەندیان بۆ بكە بە گوێرەی پیتەكان، كارتۆنی پێڵاو زۆر گونجاوە بۆ پاراستنی نەخشەكانت، ناونیشانی ڕوونو ئاشكرا لەسەر كارتۆنەكان بنوسە، ئەوەت لە یاد بێت زۆر نەخشە هەن دوای چەند ساڵێكی كەم بەكارهێنانیان بەسەردەچێت.

مامۆستا : فازیل شەورۆ



دەرسی خسوسی لە نێوان (ڕۆبۆت)سازیو (زانست)سازیی لە کوردستاندا

بەرکوڵ:

پێت سەیر نەبێت گەر بڵێم مێژووی سەرهەڵدانی دەرسی خسوسی (وانەی تایبەت)، پێش داهێنانی خودی نووسینە.. ئەو لە ڕۆژگارێکدا سەری هەڵدا، کە تەنیا پەرستگەکانو دیوەخانی بیرمەندو حەکیمەکان، مەڵبەندی زانستو بنکەی ڕۆشنبیری مرۆڤ بوون، لە چاخەکانی پێش زایندا.. میرو سوڵتانو بەگزادەو پیاوانی ئاینی، بەدوای فێرکارو مامۆستاوی شیاودا دەگەڕان بۆ فێرکردنی کوڕەکانیان، بە مەبەستی زامنکردنی گەنجینەیەکی پڕ زانستو مەعریفەت بۆ دوارۆژیان، لە سەردەمی گەشەسەندنی عەقڵی مەعریفیو فەلسەفەی ڕۆمان (١٤٥ – ٤٤ پ.ز). (ئیغریقە کۆنەکان (٨٠٠-٦٠٠ پ.ز)، شێوازی دەرسی خسوسی گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەرداهات. بۆ ئامادەکردنو ڕاهێنانی کوڕە میرو پاشاکان، بۆ گرتنە دەستی حوکمڕانیو زامنکردنی تاجی پاشایەتی، جگە لە مەشقی سەربازی - کە هەموو هونەرەکانی شەڕو بەکارهێنانی چەكو تفاقی سەردەمی تێدا پراکتیزە دەکرا – کوڕەکانیان دەبوایە، لە سەرجەم زانستو هونەرەکاندا دەرسو دەوری قورسو بەهاداریان - لە زانستی لاهوتو فەلەكو کیمیاو زیندەوەرزانیو ئەدەبو زمانو فەلسەفەو هونەر – بخوێندبایە. شار بە شارو وڵات بە وڵات بە دوای مامۆستای کارزانو ناودارو لێهاتوودا دەگەڕانو بە مزەو حەقدەستو خەڵاتی پاشایانە خەنییان دەکردنو لە کۆشكو تەلارەکانیان پێشوازییان لێدەکردن. ئەوە نەریتی ئەوانە، تاکو ئەمڕۆش، سەرۆكو مەلیكو سوڵتانو میرەکانی دنیا پەیڕەوی دەکەن.. هەر بۆ نمونە، کوڕو کچی مەلیکێك، یان سەرۆکێك، یان پاشایەك، شك نابەی لەم ڕۆژهەڵاتەی ئێمەدا، دەرسو دەوری خسوسی، لە ناودارترین زانکۆکانی لەندەنو پاریسو ڤێناو ڕۆما، پێنەدرابێ.

لەگەڵ گەشەکردنی نووسینی سادەو سەرەتایی لە مەڕ سۆمەرییەکانەوە، ئەوا مامۆستای تایبەتی بۆ کوڕە پاشاو بەگزادەکان تەرخان دەکرا، تا فێری نووسینی سەر تابلۆ قوڕەکانیان بکەن، لە یاسایەکانی (حامورابیشدا ١٧٥٠ پ.ز) ئاماژە بەوەکراوە. خولاسە، دەسەڵاتدارو پارەدارو ئاغاکان، هەر چاویان لە سەروەتو سامانو هێزو لەشکرو کۆشكو قەڵای باشو گەورە نەبووە، بەڵکو بەدوای باشترین زانستو هونەریشدا گەڕاون بۆ نەوەکانیان، ئەمەش بەبێ بوونی مامۆستاو فێرکاری کارمەندو خاوەن ئەزموون دەستەبەر نابێت. هەر بۆ نموونە، هەرچەندە میرەکانی دەوڵەتی عەباسی لە کاتی خۆیدا، مەزنترین زانکۆو مەڵبەندی زانستیو هونەریو ئایینیان لە شارە گەورەکاندا بنیاتنا، بەڵام هەمیشە مامۆستای چاكو بە توانا لە هاتووچۆی تەلارو باڵەخانەکانی

ئەواندا بوون، بۆ پەروەردەکردنی کوڕەکانیان.

لــە ســەدەکانی ناوەندا، لە ڕۆژئاوا، دەرســی خسوســی ڕەهەندێکی تریشــی وەرگرت، کاتێك ســەیریان کرد، هەر بە تەنیــا فێربوونــی زانســتی ڕووت، دوور لە مۆراڵو ڕەوشــت کەسایەتی کامڵو بەهێز دروست ناکات، بۆیە پێشکەشکردنی دەرسی ڕەوشتو هەڵسوکەوتو ڕەفتارو مۆراڵیش خرانە پاڵ وانە زانســتو هونەرییەکانەوە. تەنانەت مامۆستای خسوسی مافی فەلاقەکردنو سزادانی خوێندکارانیشی پێدرا بوو، لەناو ماڵــی خۆیانداو بەبەرچاوی دایکو باوکییانەوە. بەمشــێوەیە دەرسی خسوســی پێ بە پێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی زانستو هونــەرو پیشەســازیو پێشــکەوتندا هەنگاوی نــاوەو بەرەو پێشــەوە چووە، بــەڵام ئەم خاڵەی کە دەبــێ زەق بکرێتەوە ئەوەیە، ئەم جۆرە دەرســە، هەمیشــە بۆ کوڕە دەوڵەمەندو خواپێداوەکان بووە، بەدەگمەن مامۆســتایەکی خسوسی ماڵی کوڕە هەژارێکی پێزانیوە- ئەم حەقیقەتە تا ئەم ڕۆژگارەیش ڕاستو دروستە- لەم سەدەیەدا، کە زانست سەر پاڵەی هەموو جمگەکانی بــوونو ژیانە، فێرکردنو فێربوون، گەورەترین ڕووبــەری لە ســەر ئــەم زەمینە داگیرکــردووە. تۆ هەر بە ســەرپێیی ســەرنجێك لە ژمارەی خوێندکارو مەڵبەندەکانی خوێنــدنو کتێبو دەفتــەری دنیا بدە، ئەوســا دەزانیت کە پــەروەردەو فێرکردن چ گەورەییو شــکۆیەکی هەیە. (لە بیریشــت نەچێ گــەر منداڵ لــە لای ئێمە بە چــوار پێنج ســاڵی بخرێنە بەر خوێندن، ئەوا لە هێندێ وڵاتاندا، منداڵی تەمەن شــەش مانگی، یان یەك ســاڵی دەچێتە خوێندنگەی خۆی). ئەوا دوو سێ جۆر خوێندنگەی تایبەت، پێش چوونە قوتابخانە هەیە (Preschool). ئەوســا چەندەها فێرگە، بە نــاوی جیا جیا ڕۆڵــی خۆیان لە پێشکەشــکردنی عیلمو ئەدەبو هونەردا دەبینن. وەك خوێندنگەی گشتی (Public School)، خوێندنگــەی تایبەتــی (School Private)، خوێندنگــەی ماڵــەوە (School Home)، خوێندنگــەی تایبەتمەنــد(School Specialist)، خوێندنگــەی ســەربەخۆ(School Independent)، خوێندنگــەی بەهــرەداران (School Magnet)، خوێندنگەی نموونەیی (School Ideal)هتــد. تا دەگەیتــە کۆلێژو زانکۆکان. لەم کەینو بەینەی خوێندنو فێرکردندا، (دەرســی خسوسی)یش پشکێکی باشی بەرکەوتووە.

مەبەست لە (دەرسی خسوسی- یان وانەی تایبەتی) چییە؟

دەرســی خسوســی (Lesson Private)؛ (Private Tutoring)؛ (Tutoring Personal):

بریتییە لەو وانەیەی کە مامۆســتا، یان کەســێکی شارەزا لە بوارێکی تایبەتیدا پێشکەشــی دەکات بە خوێندکارێك، یان چەنــد خوێندکارێك لە بری هێندێ پارە (لە شــوێنێکدا کە زۆربەی جــار ماڵە) کەواتە، پێداچوونــەوەی دایكو باوکان بە ئەرکــی منداڵەکانیان، یان وانەی مــەلاکان بۆ فێرکردنی قورئــانو ئاین، یــان فێرکردنی بەندییەك لــە زینداندا لە لایەن بەندییەکی تــرەوە، ناچنە خانەی وانەی تایبەتییەوە. ئەم پشــکەی پەروەردەو فێرکردن، لێکۆڵینەوەو قسەو باسو خواســی لەسەر کراوە، چونکە بابەتەکە، ئەمڕو بە تەواوی بەســتراوەتەوە بە بودجەو ئابوریو ماڵدارییەوە، نەك تەنیا لەســەر ئاســتی تاکی کۆمەڵ، بەڵکو لە سەر ئاستی دەوڵەتو حکومەتیشدا، (دواتر دێینەوە سەر ئەم خاڵە).

ڕووە باشەکانی وانەی تایبەت:

پســپۆڕان بــە چەند خاڵێك ســوودو خێروبێــری وانەی تایبەت بەم شێوەیە ڕاڤە دەکەن:

١- یارمەتییەکــی باشــە بــۆ ئــەو خوێندکارانــەی لــە وانەکانیانــدا بەجێماون لە بەر نەخۆشــی، یان ســەفەر، یان هەر هۆێکی تر بێت.

٢- دەستی ئەو خوێندکارە دەگرێ، کە لە بەر هێندێ هۆی بایەلۆژی، دەروونی، کەســێتی خۆیــەوە، ناتوانێ لە ناو پۆلدا هۆشی بداتە مامۆستاو پێ بە پێ لەگەڵی بڕوات.

٣- هەســتکردنی خوێنــدکار بــە بوونــی کەلێنێك، یان بۆشاییەك لە تێگەیشتی بابەتێکدا-وەك بڵێی لە بەرئەوەی لە هەنگاوی ســێیەمو چوارەمی خاڵێك تێنەگەیشتووە ناتوانێت لە هەنگاوی پێنجەمو شەشــەم تێبگات- ئەوا وانەی تایبەتی دەتوانێت ئەم کەلێنە پڕکاتەوە.

٤- مامۆســتای تایبەتــی دەتوانێــت خــۆی لــە دڵــی خوێندکارێکدا بکاتەوەو بە خۆشــی وانەکــەی تێبگەیەنێت، ئەگەر ئەو خوێندکارە لە بەر هەر هۆێەك بێ- لە مامۆستای بابەتێکــی خوێندنگەکەی خۆی تۆرابــێ، کەم خولق بێ، یان ڕەویبێتەوەو هەست بە ناڕەحەتی بکات.

٥- خوێندکاری شــەرمنو گۆشەگیرو پەشــێو، لە ماڵەوە زۆرتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، دوور لە چاوی هاوپۆلو هاوڕێکانیان، بۆیە باشتر لە مامۆستای تایبەت تێدەگەن.

٦- ئەم جۆرە وانەیە سوودی هەیە بۆ خوێندکارە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، چونکە لە ماڵەوە ئازادن لە جووڵەو هەڵسوکەوتو گفتووگۆدا.

٧- کات کراوەیــە، بــە زەنگی خوێندنگە وانەکە دەســت پێنــاکاو تەواو نابێــت، ئەو خاڵەی تێینەگەیشــتووە، دەکرێ مامۆستاکەی چەندەها جار بۆی دووبارە بکاتەوە. لە کاتێکدا لە خوێندنگەدا مامۆستا پابەندە بە کاتو خشتەو پرۆگرامی هەفتانەو مانگانەی دیاریکراو.

٨- دەرگای پرســیارکردن ئاوالایــە، دەبــێ مامۆســتای تایبەت هەموو داواکارییەکانی خوێندکارەکە جێبەجێ بکاتو پرسیارەکان وەڵام بداتەوە، بە پێچەوانەی ناو پۆل.

٩- ئــەوە خوێنــدکارە کــە مامۆســتاکە هەڵدەبژێــرێو دەتوانێت هەرکاتێك ویستی بیگۆڕێ.

١٠- خوێندکار باری سووکە لە سزاو نمرەو ئەرکو واجیب لەم جۆرە وانەیەدا.

١١- خوێندکار ئازادە لە پۆشــینی جلو بەرگو خواردنو خواردنــەوەو هەڵســانو دانیشــتندا. لە کاتێکــدا خوێندنگە بریتییە لە کۆمەڵێك یاساو ڕێساو سیستەمو دەستور.

دەتوانیــن چەنــد بڕگەییەکی تریش بخەینە ســەر ئەم خاڵانە، بەڵام خاڵە گرنگەکانم ڕوونکردەوەو نامەوێت زێتری لەسەر بڕۆم.

لــە ژمارەی داهاتوودا خاڵــە نەرێنییەکانی وانەی تایبەت بخوێنەرەوە.

دوو برا

دەگێڕنەوە لە سەردەمی دێرین، دوو برا هەبوون، کێلگەیەکی گەورەیـان بە میرات لە باوکیانەوە بۆ مابووەوە، هەر دوو برا کێلگەکەیان بە یەکسانی لە نێوان خۆیاندا دابەشکردبوو.

چەند ساڵێك تێپەڕیو برا گەورەکە ژنی هێناو شەش منداڵی لێی هەبوو، بەڵام برا بچووکەکە ژنی نەهێناو هەر بە تەنیایی مایەوە.

شەوێکیان برا بچووکەکە خەو لە چاوەکانی تۆرا، چونکە زۆر بیری لە حاڵی برا گەورەکەی دەکردەوەو لەبەرخۆیەوە دەیگوت: هەق وانییە منو براکەم هەمان ڕووبەری کێلگەمان هەبێتو من بە ئەندازەی ئەو زەویم هەبێت، لە کاتێکدا براکەم خاوەنی ژنو شەش منداڵەو منیش نە خێزانم هەیەو نە منداڵ، کەواتە پێویستە بەشی ئەو لە هی من زیاتر بێت.

هەر لەو شەوەدا برا بچووکەکە چووە کۆگاکەیو بڕێکی زۆر گەنمی کردە ناو کیسەیەك، بە گردەکەی نێوان هەردوو کێلگەکەیان سەرکەوتو چووە ناو کۆگای برا گەورەکەی، بەبێئەوەی کەس بەم کارەی بزانێت، کیسە گەنمەکەی لە کۆگاکە جێهێشتو زۆر بە دڵخۆشییەوە بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە.

هەر لە هەمان ئەو شەوەدا برا گەورەکەش نەیدەتوانی بخەوێتو بیری لە حاڵی برا بچووکەکەی دەکردەوەو بە خۆی دەگوت: ئەگەر من کەوتمە ساڵەوە، ئەوا منداڵەکانم لە ئیشوکاری کێلگەکەدا یارمەتیم دەدەن، ئەگەریش زۆر پیربووموو پەکم کەوت، ئەوا نەوەکانم یارمەتیم دەدەنو ئاگایان لێم دەبێت، بەڵام ئەی براکەم چی دەکات، کەوا نە ژنی هەیەو نە منداڵ؟ ئەگەر پیربوو کێ چاوی لێی دەبێتو یارمەتی دەدات، بۆیە دەبێت براکەم گەنمی زیاتر بفرۆشێت، تاوەکو بتوانێت بە پارەکەی ژیانێکی باشتر لە تەمەنی پیریدا بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

بەمشێوەیە برا گەورەکەش چووە کۆگاکەی خۆیو بڕێکی زۆر گەنمی کردە ناو کیسەیەك، بە گردەکەدا سەرکەوتو کیسەکەی لە کۆگای برا بچووکەکەی جێهێشت، ئینجا بە خۆشحاڵییەوە گەڕایەوە ماڵەوە.

لە بەیانی ڕۆژی دواتردا برا بچووکەکە سەری سوڕما کاتێك کیسەیەك گەنمی لە کۆگاکەیدا دیت، بە خۆی گوت: وادیارە براکەم کیسەکەی گەڕاندۆتەوە، لەبەرئەوەی ئەمەی بەلاوە بڕێکی کەم بووەو پێشبینی کردووە زیاتری بۆ بنێرم. لە هەمان کاتیشدا برا گەورەکەش سەری سوڕما کە کیسەیەك گەنمی لە کۆگاکەیدا بینیو بڕیاریدا بڕێکی زیاتر گەنم بە براکەی بدات.

لە شەودا هەر یەکێك لە دوو براکە کیسەیەکی گەورەتریان لە کیسەکەی شەوی ڕابردوو پڕ کرد لە گەنمو بەبێئەوەی هیچ کەس بزانێت بەو تاریکە شەوە بە ئاڕاستەی کۆگاکانیان کەوتنەڕێ. دیسان بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر سەریان سوڕما لە بینینی کیسە گەنم لە کۆگاکەیاندا، بۆیە بڕیاریاندا بڕە گەنمەکە زیاتر بکەن.

لە شەودا هەر یەك لەوان کیسەیەکی گەورەی گەنمیان بردو بێئەوەی کەس پێیان بزانێت بە گردەکەدا سەرکەوتن، هەریەکەو بە ئاڕاستەی کۆگاکەی ئەوی تر، ئەوەبوو لە سەرەوەی گردەکە هەردوو برا بە کیسە گەنمی سەر پشتیانەوە ڕووبەڕوو کەوتنە بەرامبەری یەکترەوە، کە هەردوو برا بەمشێوازە یەکتریان بینی، لەوە تێگەیشتن کە چی ڕوویداوە، بۆیە بێئەوەی هیچ قسەیەك لە دەمیان بێتە دەرەوە، کیسەکانیان خستە سەر زەویو بۆ ماوەیەکی زۆرو بەوپەڕی خۆشەویستیو بە گوڕوتینەوە باوەشیان بە یەکتردا کرد.

سەرچاوە: گۆڤاری (ماجد)، ژمارە ١٥١٢، ساڵی ٢٠٠٨



و: محەممەد مێرگەیی



دیمانەیەك لەگەڵ م. ئاوارە بەختیار هەڵشۆیی

ئا/ شەماڵ حەسەن خۆشناو

مامۆستا ئاوارە.. مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی بەڕێوەبردنو ئابووری- بابەتی بەڕێوەبردنی بەبازارکردن/ ڕاوێژکاری پەیوەندییە ئەکادیمیەکانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین، ماستەر لە بواری بەبازارکردنو ڕیکلام .MSc Marketing and Advertising لە وڵاتی بەریتانیا زانکۆی Derby، بەکالۆریۆس لە بەڕێوەبردنو کار BA. Business and Management لە وڵاتی بەریتانیا زانکۆی Derby. ماوەی شەش ساڵ لە کۆمپانیای Toyota وەکو بەڕێوەبەری کوالیتی کۆنترۆڵ کاری کردووە لە وڵاتی بەریتانیا.

بڕیار: سەرەتا ئەگەر بکرێت پێناسەیەکی ڕیکلاممان بۆ بکەی؟

م. ئاوارە: بەشێوازێکی گشتی لەڕووی ئەکادیمییەوەو بە پشت بەستن بەقسەی کۆمەڵێك زانای بواری بە بازاڕکردن بۆ نموونە (کوتلەر)، یاخود (پیتیتو براسینگتۆن) دەتوانین بڵێین: کە ڕیکلام: "بریتییە لە هەرجۆرێکی پێداهەڵدانو پێشکەشکردنی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانو بیرۆکەکان کە بەشێوازێکی گشتی دەبێت کۆمپانیا بودجەو بڕی پارەی بۆ دابین بکاتو بیدات بە کەسێکی تایبەت، یان لایەنێکی تایبەت بۆ بڵاوکردنەوەی. کە زۆرجار ئەو کەسە بە میدیای گشتی لە قەڵەم دەدرێت».

بڕیار: ڕیکلام چ گرنگییەکی هەیە بۆ فرۆشتنو بە بازاڕکردنی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان لەم سەردەمی پێشکەوتنو تەکنەلۆژیایەدا؟

م. ئاوارە: پێش ئەوەی بچینە سەر گرنگی ڕیکلام پێم باشە زیاتر باسی ڕیکلام بکەم لە ڕووی ئەکادیمیو بەبازاڕکردنەوە Marketing، لە چ شۆێنێك خۆی دەبینێتەوە، لێرەدا پێویست دەکات کە باسی ئەوە بکەم، ڕیکلام بەشێکی بچووکە لە کرداری جاڕدان، کە تۆ جاڕدەدەی بۆ کاڵایەك کۆمەڵێك ئامرازی تریش هەیە کە بەکاردەهێنرێت، ئینجا جاڕدان بۆ خۆی بەشێکی بچووکە لە پرۆسەی بەبازاڕکردن، ئێمە لە پرۆسەی بە بازاڕکردندا شتێکمان هەیە بەناوی (4ps or Marketing Mix) کە پێکدێن لە (بەرهەم Product، نرخ Price، جاڕدان Promotion، شوێنPlace) کە هەموویان بە یەکەوە تێکەڵەی بەبازاڕکردن پێکدێنن، لە ناو جاڕدانیشدا کۆمەڵێك ئامرازمان هەیە کە کۆمپانیاکان بەکاری دەهێنن، بۆ پرۆسەی ناساندنی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانیان کە ئەمەش پێی دەگوترێت تێکەڵەی جاڕدان Promotion Mix کە بەشەکانی بریتین لە:

- ڕیکلام(Advertising) کە پێشتر باسمان لێوەکرد کە دەتوانرێت بکرێت لە ڕێگای: جاڕدان (تەلەفزیۆنو ڕادیۆ)، چاپ، ئینتەرنێت، لە دەرەوە (سەرجادەو پردەکان).
- پەیوەندی گشتی (Public Relations)ئەویش بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆمپانیا بۆ دروستکردنی ناووناوبانگی باشو هەروەها پوچەڵکردنەوەی هەر قسەیەکی خراپ سەبارەت بە کۆمپانیاکە، ئەمەشیان دەتوانرێت بکرێت لە ڕێگای: کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی، سپۆنسەرشیپ، بۆنەی تایبەتو ماڵپەڕی تایبەت.
- فرۆشتنی تاکی(Personal Selling) کە بریتییە لەو پەیوەندییە تاکییەی کە کۆمپانیا دەیکات لە ڕێگای نوێنەرەکانی فرۆشتنی لەگەڵ بەکاربەراندا بەمەبەستی فرۆشتنی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانیو دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ کڕیارو بەکاربەراندا. دەتوانرێت بکرێت لە ڕێگای: پێشکەشکردنی کاڵا لە لایەن فرۆشیار، پێشانگای بازرگانی، پرۆگرامەکانی هاندان.

پێداهەڵدانەکانی فرۆشتن(Sales Promotion): بریتییە لە جۆرێك لە پرۆگرامی هاندان کە دەکرێت کەڵکی لێوەربگیرێت، بۆ زیاترکردنی ڕێژەی فرۆشتن بۆ ماوەیەکی کاتی. دەتوانرێت بکرێت لە ڕێگای: داشکاندنەکان، نمایش.. پیشاندانو شاشە.

لە کۆتاییدا بازاڕکاری ڕاستەوخۆ(Direct Marketing) کە ئەویش بریتییە لەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی کە دەکرێت لەگەڵ هەندێك کەسی هەڵبژێردراو بۆ ئەوەی هەم کاردانەوەیان هەبێت، هەروەها پەیوەندییەکی باشو درێژ دروست بێت لە ڕێگای بەکارهێنانی (نامە، تەلەفۆن، کەناڵی کڕینی تەلەفزیۆنی، نامەی ئەلیکترۆنی، هەروەها ئینتەرنێت) بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسی مەبەست.

ئێمە زۆرجار بەو هەڵەیەدا دەچین، کە پێمان وایە ڕیکلام پێناسەی بەبازاڕکردنە! نەخێروەکو بینیتان بەبازاڕکردن خۆی زۆر گشتگیرە، وەکو باسمان کرد، چوار لایەنی سەرەکی هەیە، یەکێك لەوانە جاڕدانە، ئینجا جاڕدانیش کۆمەڵێك لایەنی سەرەکی هەیە، کە ڕیکلام بەشێکە لەوان.

بڕیار: تا چەند پرۆسەی ڕیکلام لە کوردستان شێوازێکی ئەکادیمی لەخۆگرتووە، یان ڕیکلام هیچ پێوەرێكو توێژینەوەیەکی زانستی بۆ کراوە؟

م. ئاوارە: ئەگەر لە ڕووی ئەکادیمییەوە سەیری ئەو کۆمپانیایانە بکەین، کە لە کوردستان ڕیکلام دەکەن، دەتوانم دەستنیشانی ئەوە بکەم، کە پرۆسەی ڕیکلام پڕە لە کەموکوڕیو بێ سەروبەری، لەبەرئەوە ئێمە تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە بەشێوازێکی ئەکادیمی ڕیکلامەکانمان ئاراستەی بەکاربەر بکەین، بۆ ئەوەی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانمانیان، پێ بفرۆشین، ڕاستە ئێمە لە کوردستان یاسای (حیمایەی مستهلك، پاراستنی بەکاربەر) (consumer protection) مان هەیە، بەڵام تاکو ئێستا ئەو یاسایە کاری پێناکرێ لە بازاڕدا، دەزگاو کۆمپانیاکان بە ئارەزووی خۆیان ڕیکلام بڵاودەکەنەوە، بیر لە دەروونی بەکاربەر ناکەنەوە! گەورەترین ئامانجی کۆمپانیاکان ئەوەیە لە بازاڕ فرۆشی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانیان زیاد بکاتو بەس. دەتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین بەڵێ کەموکورییەکی زۆر هەیە لە پرۆسەی پێشکەشکردنی ڕیکلام لە کوردستاندا، بە شێوازێکی ئەکادیمی پێشکەش نەکراوە، تاوەکو ئێستاش هیچ پێوەرێكو توێژینەوەیەکی زانستی بۆ ڕیکلام دانەنراوە وەك ئەوەی لە وڵاتانی پێشکەوتوو هەیە.

بڕیار: پێتوانییە ڕیکلامکردن لە کوردستاندا لە قەیراندایە؟

م. ئاوارە: دەتوانین باس لەوە بکەین، ئێمە تاوەکو ئێستا لە ناو پرۆسەیەکی تاقیکردنەوەی تازەو سەرەتاییداین، بازاڕی کوردستان بۆتە بازاڕێکی بەکاربەر، واتە ئێمە پرۆسەی بەرهەمهێنانمان کەمە، ئەو کاڵایانەی دروستیشکراوە هی وڵاتانی ترە، بەسەر خەڵکی ئێمەدا ساغدەکرێنەوە! زۆربەی ئەو ڕیکلامانەی لە کوردستاندا دەکرێن، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕیکلامانەن کە لەوڵاتانی تردا کراون، واتە ئەو ڕیکلامە بۆ تاکی کۆمەڵگایەکی تر دروستکراوە، ئەگەر ئێمە ئەو ڕیکلامە کۆپی بکەینو لێرە پەخشی بکەین، ئەوا کارێکی هەڵەیە، چونکە گوزارشت لە هەڵسوکەوتی تاکی Consumer Behaviour وڵاتی ئێمە ناکات.

بڕیار: بە بۆچوونی بەڕێزتان ئەو ڕیکلامانەی ئێستا لە بازاڕەکان دەکرێ، تا چەند ڕیکلامێکی تەندروستە، یاخود ڕەچاوی باری دەروونی کڕیار کراوە لە ڕیکلامەکاندا؟

م. ئاوارە: دەتوانم پێت بڵێم کە لە بنەماکانی ئەکادیمی ڕیکلامێکی تەندروست دەبێ ئەم خاڵانە بە گرنگ سەیر بکرێت:

١- دەبێت ڕیکلامەکە ڕاستو دروستو شەفاف بێت.

٢- نابێت ئەو ڕیکلامەی تۆ پێشکەشی دەکەیت، شکاندنی بەرژەوەندی کۆمپانیایەکی ڕکابەر بکاتە ئامانج.

٣- دەبێت بە توێژینەوەی زانستی کرابێت، کە تا چەند ئەو ڕیکلامە کاریگەری سایکۆلۆجی لەسەر بەکاربەر دەبێت.

٤- نابێت ڕیکلام لایەنی سوککردن، یان هەست بریندارکردنی هیچ کەسێك، یان لایەنێك، یان نەتەوەیەکی تری تێدا بێت.

لە کوردستان دەبینین زۆر بە ئاسانی ڕیکلام دژی منداڵ دەکرێ، لە هەموو وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکاو کەنەدا، بە پێی یاسا ڕیکلام دژی منداڵ نابێ بکرێت، لەبەرئەوەی منداڵ سادەو ساکارە، وەکو پەڕەیەکی سپی وایە، داهاتووی بەمەوە بەندە، چی لەسەر بنوسی هەر ئەوە ڕەنگدانەوەی لە ژیانیدا دەبێت، لە هەموو سیستەمو یاسایەك لە وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەو جۆرە ڕیکلامە ناکرێت، تەنانەت ڕیکلام بۆ شیری قووتوش ناکرێت، بەڵکو دایکان هاندەدەن کە شیری خۆیان بدەن بە منداڵەکانیان نەك شیری قووتوو، هەروەها کۆمپانیاکان هەست بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دەکەنو پابەندی دەبن.

بڕیار: ئایا بەکارهێنانی ناوی کەسانی ناودار، یاخود ناولێنانی شوێنی کار بەناوی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان، هەروەها ڕیکلامکردن بۆیان لە بەرامبەر یاسادا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟

م. ئاوارە: ئەوە بابەتێکی جیاوازە، پەیوەندی بە دابو نەریتی کڕیاری کوردییەوە هەیە، کە چۆن مامەڵە دەکات لەگەڵیدا، بەڵام من تائێستا لە (T.V) یەکانەوە نموونەی وام نەبینیوە، لە ناو ڕیکلامدا خاڵێك هەیە بەناوی (Copy Right) مافی بڵاوکردنەوەت هەیە، گریمان تۆ ناوی کەسێکی ناودارت بەکارهێنا، یان شوێنێك، یان هەر شتێکی تر، ئەوا کەسی بەرامبەر مافی ئەوەی هەیە سکاڵای یاساییت لەسەر تۆمار بکات، بۆ نموونە من لێرە لە کوردستان (Facebook Cafe)م بینیوە، ئەگەر سایتی (Facebook) بیەوێ بێگومان دەتوانێت سکاڵای یاساییان لەسەر تۆمار بکات، یاخود بۆ نموونە کۆمپیوتەر فرۆشی (Google))، یان هەندێجار کارێکتەری دیزنی وەکو تۆمو جێری، یان وینی دەپوم بینیوە لە شوێنەکانی سەرگەرمی منداڵانو پارکەکان....هتد.

بڕیار: بەبۆچوونی بەڕێزتان ئەو جیاوازی نرخەی لە دابەزاندنی ڕیکلام لە تەلەفزیۆنێکەوە بۆ تەلەفزیۆنێکی تر هەیە، لە بەرامبەر هەر چرکەیەکی ڕیکلام، ئەمە کاریگەری (T.V) یەکانە، یان بە ئارەزووی خۆیان نرخ دادەنێنو لایەنی بەرپرس لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکات؟

م. ئاوارە: ئەو جیاوازی نرخە، لە نێوان میدیاکاندا تا ئەندازەیەك دەتوانم بڵێم قابیلی قبوڵە، واتە قبوڵکراوە، بە مەرجێك لەسەر بنەمای ئەو داتاو زانیاریانە بێت کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی کاری لەسەر دەکەن، لە زۆربەی وڵاتان دەزگایەك هەیە کۆنترۆڵی ئەو زانیاریانە دەکات، بۆ نموونە لەچرکەیەکدا چەند کەس سەیری (T.V)یەکان دەکات، بە زۆری پرۆسەی فرۆشتنی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی لە سەر بنەمای شتێکە پێی دەگوترێ (Rating)واتە ژمارەی ئەو کەسانەی لەو کاتەدا سەیری ئەو (T.V)یە دەکەن، ئێمە لە میدیادا دوو کاتمان هەیە، (Peak On And Peak Off) بریتییە لەو کاتەی کە زۆرترینو کەمترین بینەر سەیری ئەو (T.V)یە دەکات، بە پێی کەسایەتیو کلتوری وڵاتەکەی دەگۆڕدرێ، تا چەند خەڵك لەو کاتەدا سەیری ئەو (T.V)یە دەکات، ئەوە نرخی ڕیکلامەکە دیاری دەکات، واتە لەسەر ئاستی ژمارەی بینەریان نرخ دادەنرێت.

ئەگەر ئاراستەکە بگۆڕین بۆ میدیای خوێندراو، لێرەدا دوو پێوەرەی ترمان هەیە، کە پێیان دەگوترێ (Circulation and Readership) بریتییە لەوەی کە تۆ تیراژی گۆڤارو ڕۆژنامەکەت Circulation لە بازاڕدا چەندە، هەروەها چەند جا دەستاو دەستیکردووە بە مەبەستی خوێندنەوە Readership. ئەم داتایانە دیسان نرخی ڕیکلامی خوێندراوی لە سەر دادەنرێت.

لە ڕیکلامی ئەلیکترۆنیدا بابەتەکە زۆر ئاسانترە لەبەرئەوەی داتاکان بە سانایی دێنە بەردەست، لێرە شتێکی ترمان هەیە پێی دەگوترێ (view-Per Click)واتە تا چەند کلیك لەسەر

ڕیکلامەکە کراوە، بەپێی ژمارەی کلیکەکان نرخ دادەنرێت.

من دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە دەزگا میدیاییەکان، بەپێی داتاو زانیاری نرخ دانانێن، بەڵکو بە شێوازێکی هەڕەمەکی نرخ بۆ ڕیکلام دادەنێن.

بڕیار: ئایا لە ڕووی ستانداردەوە، هیچ ستانداردێکی جیهانی هەیە ماوەو مەودای ڕیکلام دیاری بکات؟

م. ئاوارە: پرۆسەی دانانی ماوەی ڕیکلامەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیاکان، چونکە ڕیکلامی ماوە درێژ خەڵك زۆر گرنگی پێنادات، بە پێی توێژینەوەی زانستی بۆمان دەرکەوتووە، کە خەڵکی زۆر حەزیان لە ڕیکلام نییە، بۆ نموونە ئەگەر لە (T.V)یەك لە ناوەڕاستی بەرنامەیەك ببێتە ڕیکلام، ئەوا خەڵکی کەناڵەکە دەگۆڕن، بە پێی ستاندارد ئەوا هیچ ستانداردێکی جیهانی نییە ماوەی ڕیکلام دیاری بکات، بەڵام ڕیکلامی ٣٠ چرکەیی، ئاسەوارێکی باشی هەیە لەسەر دەروونی بەکاربەر، لەبەرئەوەی مەلەل نایگرێو توشی بێزاریو دڵەڕاوکێ نابێت.

بڕیار: ئایا جیاوازی ئەو کۆمپانیایەی ڕیکلام بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییەکی تایبەت دەکات، لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەی بۆ هەمان جۆری کاڵاو خزمەتگوزاری ڕیکلام ناکات چییە؟

م. ئاوارە: ئەو بابەتە پەیوەندی بە سایکۆلۆژیای خەڵکی کوردستانەوە هەیە، خۆی واباوە لە پرۆسەی بە بازاڕکردن لە ناو ڕیکلامدا لەسەر ئاساتی جیهان دەستەواژەیەك هەیە بەناوی (As seen As on T.V) واتە: وەکو ئەوەی کە لە (T.V) وە بینراوە. ئەوەندە خەڵکی متمانەی بە (T.V) هەیە، چونکە بڕوایان وایە کە لە (T.V) بینیم کەواتە بابەتەکە ڕاستە، بەڵام لە کوردستان هاوکێشەکە بەشێوازێکی ترە، ڕیکلام ئاڕاستەیەکی خراپی وەرگرتووە، لەبەرئەوەی ئێمە ڕیکلامەکەمان تەندروست نەبووە، بە شێوازێکی ئەکادیمی نەچۆتە ناو پرۆسەکە، بۆیە دەبینین خەڵکی هیچ گرنگی ئەوتۆ بە ڕیکلام نادات، چونکە ئەو بنەمایانەی کە باسمان کرد، ڕیکلامی کوردی لێی بێبەشە، خەڵکی باوەڕی بە ڕیکلام نەماوە. زۆرجار گوێم لێبووە، دەڵێن: ئەوا بۆیان نافرۆشرێت بۆیە ڕیکلامی بۆ دەکەن.

بڕیار: کاریگەرترین جۆری ڕیکلام بە بۆ چوونی بەڕێزتان، چ جۆرە ڕیکلامێکە؟

م. ئاوارە: کاریگەرترین جۆری ڕیکلام، لە پرۆسەی پێشکەشکردنی کاڵاو خزمەتگوزارییەکاندا، مۆدێلێك هەیە بە ناوی (Unique Selling Point) کورتکراوەکەی (USP)یە کە بریتییە لە خاڵی جێکەرەوەی فرۆشتن.

واتە: کەسێك کاڵایەك دەخاتە ناو بازاڕەوە دەبێ شتێکی جیاوازی هەبێ لە کاڵاکانی تر، بۆ نموونە من کۆمپانیای ئاوم هەیە، دەتوانم بڵێم ئاوەکەم بریتییە لە ئاوی شێخی باڵەکان شیفا بەخشە، دەتوانم بڵێم ئاوەکەم لە شاخەکانی فەڕەنسا بەرهەمهێنراوە، زۆر پاکەو بێگەردە، هیچ ماددەیەکی کانزایی زیانبەخشی تێدا نییە، ئەو کۆمپانیایانە لە بواری ڕیکلام سەرکەوتوون کە جیاواز لە ناو ڕیکلامەکانی تردا دەردەکەونو سەرنجڕاکێشن، لە پرۆسەی دروستکردنی ڕیکلامدا، پەنا بۆ هەزەلیاتو پێکەنین دەبەن، یان لایەنی زۆر هەست وروژێنەر، چونکە کاریگەری باشی دەبێ لەسەر خەڵکی بەکاربەر.

بڕیار: بە بۆچوونی بەڕێزتان پێویستە حکومەتی هەرێم چ میکانیزمێك بگرێتە بەر، بۆ ڕێکخستنو کۆنترۆڵکردنی ڕیکلام لە بازاڕدا؟

م. ئاوارە: ئێمە چەندین سیمینارو کۆنفرانسمان ئەنجامداوە بۆئەوەی بتوانین بەرنامەیەك دابنێین بۆ ڕێکخستنی بواری ڕیکلام لە کوردستان، هەرچەندە پرۆژە یاساش پێشکەشی پەرلەمان کراوە، بەڵام من وەکو خۆم پێم باش نییە پرۆژە یاسا هەبێت، بەڵکو پێم وایە هەبوونی ڕێبەرێك زۆر باشترە، بۆئەوەی بەرچاو ڕوونییەك پیشانی کۆمپانیاکان بدات بۆ ڕیکلامکردن، هەروەها دەزگایەکیش هەبێت بۆئەوەی لە کاتی ڕیکلامی هەڵە بەکاربەر بچێ داوای مافی خۆی لێبکات، بۆ نموونە ڕیکلام بۆ دەرمانێك دەکرێت، پێت دەڵێ ئەو دەرمانە بکڕە، لە ماوەی مانگێك ١٠ کیلۆ لە کێشی لەشت دادەبەزێ، کەوا نەبوو بەکاربەر هیچ دەزگایەك شك نابات کە سکاڵا پێشکەش بکات بۆ مافی خۆی. ئێمە لە کوردستان ئەو دەزگایەمان نییە، بە بڕوای من لە کوردستان یەکەم هەنگاو پێویستە دەزگایەکی لەو شێوەیە دروست بکرێت، هەروەها ڕێبەرێك هەموو بنەما ئەکادیمیەکانی تێدابێ بۆ دروستکردنی ڕیکلام.

لە پەرلەمان تەنیا پێویستە یەك بڕگە هەبێ بۆ نموونە بڵێ: ئەو کەسەی پابەندی ڕێبەری ڕێکخراوی (Advertising Standard Agency) نەبێ، توشی لێپێچینەوەی یاسایی دەبن.

بە بڕوای من، ئێمە پێویستە سوود لە گایدی بەریتانی وەربگرین، کە بەشێوازێکی زۆر زانستیانە ڕێبەرێکی گشتگیری بۆ ڕیکلامکردن، لە هەمان کاتیشدا سود لە گایدی وڵاتێکی ئیسلامی وەربگرین، بۆ نموونە میسر، یان لوبنان کە وڵاتێکی پێشکەوتوون لە بواری ڕیکلامدا لە کلتوری دینی ئێمەش نزیکن. ئەو بوارە پێویستی بە کۆنفرانسێکی گەورەی ئەکادیمی هەیە، نەوەك یاسازانێك هەڵسێت یاسایەك لە بارەی ڕیکلام دابنێ، کە کەمترین زانیاری لەسەر ڕیکلام هەیە، هەروەك چۆن کە من خۆم هەستم بە ئەو هەڵە جەوهەریانە کرد کە لە پێناسەی ڕیکلامدا کرابوو، لەو پرۆژە یاسایەی کە بۆ پەرلەمانی کوردستان بەرزکرایەوە لە لایەن چەند یاسا ناسێکەوە.

بڕیار: لە کۆتاییدا ئەگەر وتەیەکت هەبووبێو ئێمە دەرفەتمان پێنەدابی، یاخودوتەی کۆتایی بەڕێزتان لەسەر ڕیکلام چیە؟

م. ئاوارە: بەڕاستی وروژاندنی ئەو بابەتە زۆر گرنگە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوەیە، گرنگیو کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کۆمەڵگا، هەمووومان بەرپرسیارین لەو پرۆسەیە، جا چ وەکو کۆمپانیا چ وەکو خەڵکی ئەکادیمی، ئێمە بەرەو وڵاتێکی گەشتیاری هەنگاو دەنێین، بۆیە پێویستە ڕیکلامەکانمان لە ڕووی ستانداردو یاساییەوە زۆر باش بێ، چونکە گەشتیاری بیانی دێتە ئێرەو ڕیکلامەکانمان دەبینێت.


بڕیار: بۆچوونی بەڕێزتان لەسەر گۆڤاری بڕیار چییە؟ ئایا بڕیار تاچەند توانیویەتی خزمەتی لایەنی کارگێڕیو بەبازاڕکرن بکات؟ ئەگەر هەر ڕەخنەو پێشنیارێکتان هەبێ، ئێمە بە خۆشحاڵییەوە قبوڵی دەکەین؟


م. ئاوارە: زۆر سوپاسی بەڕێزتانو ستافی گۆڤارەکەتان دەکەم، بۆ ئەو دەرفەتەی کە پێتان بەخشیم، بۆئەوەی بتوانین لێرەوە خزمەتێك بە خەڵکی بگەیەنین، حەزدەکەم گۆڤارەکەتان بەشداربێت لە پرۆسەی بەرەو پێشچوونی کوردستان لەلایەنی کارگێڕییەوە، واتە ئێوە دەبێ پەیوەندی ڕاستەوخۆتان هەبێ بەو دروشمەی هەڵتانگرتووە، کە دەڵێن گۆڤارێکی تایبەتە بە کارگێڕی، ئەگەر هەر بە پێوەری ئەم بابەتەی دیمانەکەمانەوە کە ڕیکلامە هەڵی بسەنگێنین، ئێوە نابێت، ڕیکلام بۆ شتێك بکەنو شتێکی تر بگوازنەوە، چونکە خوێنەر بە تەواویو دروستی بەرەو ئەو ناڕاستەیە ناڕوات کە بانگەشەی بۆ دەکەن، من پێم باشە ئێوە زیاتر بایەخ بە لایەنی کارگێڕی بدەن، هەروەها هۆشیاری کارگێڕی بڵاوبکەنەوە، دووبارە زۆر سوپاس.

گەشەپێدان









بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا

لە ژێر دروشمی « یاسای 20/80 .. یاسای سەرکەوتن‌و بەختەوەرییە»

گروپی ئاسمان بە هاوکاری گۆڤاری بڕیار خولێك دەکاتەوە

بۆ ئەو کەسانەی خوازیاری سەرکەوتنن‌و دەرکەوتنن لەژیاندا!!

لەم خولەدا:

- چۆن بە کەمترین کات، زۆرترین بەرهەم بەرهەم دەهێنیت؟

- جیهانی 20/80

- بۆچی پێوستە یاسای 20/80 بزانین؟

- بیرکردنەوەو سەرکەوتن بەپێی یاسای 20/80

ئەمانەو چەندین بابەتی دیکە لەم بارەیەوە.


پەلەبکە لە ناونووسین.. 12/14 خولەکەمان دەست پێدەکات.

نرخی بەشداری کردن: 25000 دینارە

وانەکان لە ڕۆژی شەممەدا دەبێت، بەیانیان یان ئێواران بەپێی خواستی بەشداربووان

بۆ ناونووسین: ناوی سیانیت بنێرە بۆ 07709713939 لەکاتی دەستپێکردن بەو ژمارانە ئاگادار دەکرێنەوە

زمانی جەستە



نیشانەکانی کەسی ڕەخنەگر

قسەکردن هاوشێوەی کاڵا فرۆشتنە، هەندێك لە خەڵکی کاڵاکەیان زۆر بە دڵەو هەندێکی تریش بە پێچەوانەو بەڵکو ڕەخنەشی لێدەگرن.

- بە شێوەیەکی گشتی تێڕوانینی گوێگر بەرامبەر بەو وتانەی دەیبیستێت چوار جۆرە:

١- بە تەواوی هاوڕایە لەگەڵیدا.
٢- تاڕادەیەك هاوڕایە لەگەڵیدا.
٣- بە تەواوی دژی ڕاکەیەتی.
٤- بێ لایەنە.

- لێرەدا ئاماژە بە چەند نیشانەیەکی کەسی ڕەخنەگر دەکرێت:

١. داپۆشینی دەمی:

گوێگر دەستی، یاخود هەندێك لە پەنجەکانی لەسەر دەمی دادەنێت، یان یەکێك لە پەنجەکانی لەسەر لووتی، یان خوارتر دادەنێت، چونکە لەم کاتەدا لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەی لە مێشکدایەو بەڵام بەهۆی دوودڵی لە دەربڕینیدا دەست دەخاتە سەر لووتی، یان دەمی.

٢. خوراندان، یان دەستدان لە مل:

بەهۆی ئەو هاوڕابوونەی گوێگر لەگەڵ قسەکانی قسەکەردا، بارودۆخی نائارامەو دەیەوێت ڕێگری بکات لەو قسانەی لە ناخیدایە لەبەرئەمە پەنجەکانی بەرەو ملی دەباتو خۆی سەرقاڵ دەکات.

٣. دانانی دەمو چاو لەسەر دەست، یان (گرتنی چەناگە بە پەنجەکانت):

گرتنی چەناگە بە پەنجەکانو دانانی پەنجەی دۆشاومژە، یاخود پەنجە گەورە لەسەر ڕوومەت، لە پاڵ ئەم نیشانانەدا ڕەنگە گوێگر قاچەکانی، یاخود قۆڵەکانی بە شێوەی یەکتربڕ دابنێ، هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنێت کە گوێگر لێکدانەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بەرامبەر بابەتەکە هەیەو ڕەنگە بیەوێت بڵێت: (من پێچەوانەی ئەو وتانەم کە دەیڵێیت).

٤. ڕوانین لەسەرو سنوری چاویلکەوە:

یەکێکە لە بەهێزترین نیشانەکانی ڕەخنەگرتن، مانای ڕەزامەندنەبوونو بڕوا نەبوونو بەکەم سەیرکردنی وتەکانی قسەکەرە.

بەڵام ئەم لێکدانەوەیە جێبەجێ ناکرێت بەسەر ئەو کەسانەی چاویلکە بەکاردەهێنن بۆ خوێندنەوە، چونکە ئەوان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ سەیرکردنی بەرامبەردا نییەو بەبێ چاویلکە دەتوانن بیبینن.

٥. دەستدان لە گوێ:

دەستدان لە گوێ، یاخود ڕاکێشانی نەرمایییەکەی، یان بردنە پێشەوەی گوێمان، هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە کەسەکە گومانی لەو قسانەیە کە بیستویەتی، یان حەزدەکات قسە بکات، گەر لەگەڵ ئەمانەشدا ڕووی بەملاولادا وەرگێڕا مانای وایە ئەوەی پێویست بێت بیستویەتیو نایەوێت زیاتر ببیستێ. زیاتر لە کاتی تۆمەتبارکردنو گلەیی کردنی قبوڵ نەکراو دەبینرێت.

ئاگادارییەکی گرنگ:

پێش بڕیاردان لەسەر کەسەکە، تێبینی باری کەسەکە بکە (ئایا قسە دەکات، یاخود گوێگرە؟) چونکە دەستدان لە گوێ لە کاتی قسەکردن ئاماژەیە بۆ درۆکردن، بەڵام کاتێك گوێگر دەست بۆ گوێچکەی دەبات مانای وایە هاوڕا نیە (ڕای جیاوازی هەیە)، بە هەمان شێوەش بۆ دەستدان لە ملو دەمو لەرزاندنی یەکێك لە شانەکان..هتد)، هەردوو ئەمانە دەبێت باری کەسەکە لەبەرچاو بگیرێت.

٦. بورجی هەڵگەڕاوە:

بە یەکگەیشتنی سەری هەر چوار پەنجەی دەستێکت بە دەستەکەی ترتو پەنجە گەورەش بە پەنجە گەورەکەی ترت، بەڵام بە دوور لە پەنجەکانی تر بە جۆرێك شێوە بورجێك دروست بکات، ئەم شێوازە لە لای کەسی گوێگر مانای وایە دەیەوێت ڕەخنە بگرێت.


بەڵام بۆ کەسی قسەکەر، گەر ئاڕاستەی سەری بورجەکە (چوار پەنجەکانت) بۆ سەرەوە بێت متمانەیەکی زۆر دەگەیەنێت، گەر بە ئاڕاستەی پێشەوە بوو ئەوە متمانە بە خۆبوونو هاوسەنگی دەگەیەنێت، گەر بۆ خوارەوە بوو نەبوونی متمانەو لاوازیو شڵەژاوی دەگەیەنێت، هەر بۆیە ئاڕاستەی سەرەوە زۆرێك لە وتار بێژە شارەزاکان بەکاری دەهێنن.

٧. کۆتایی چاویلکەکە؟

لابردنی چاویلکە لە چاوداو خستنە دەمی کۆتایی چاویلکەکەو سەیرکردنی قسەکەر بە ماوەیەکی دوورو درێژ، یان دانانی قەڵەم لە دەمدا ئاماژەیە بۆ ڕەخنەگرتن..

٨- سەیرکردنی سەرەوە (بەرەو سەرەوە تێڕوانین):

گەر بە ئاڕاستەی ڕوانینی گوێگر لە سەرەوە بۆ خوارەوە بوو ئاماژەیەکی بەهێزە بەوەی بڕواناکات بەوەی کە دەیبیستێ، گەر درێژکردنەوەی لێوەکانیشی بۆ زیادکرد ئاماژەیە بۆ درۆکردنو ڕیسوا کردن پێکەوە.



٢٠ هۆكار
بۆ دەربازبوون
لە نیگەرانی

٢/١



ن: د.حسان شمسی پاشا
و: یەحیا محەممەد عەلی

رۆشنبیری تەندروستی!

ئـەم خالآنەی خـوارەوە ئەگـەر جێبەجێبكرێن، لـە نیگەرانی دەمانپارێزێت:

١- لە سـنوری ئەمڕۆتا بژیو سـەرقاڵ مەبە بە بیركردنەوە لە داهاتـوو، مەترسـە لە كەمـی ڕزقو ڕۆزی، ڕزق بە دەسـتی خودایە وەك پـەروەردگار دەفەرموێت: ((وفی السـماء رزقكـم وماتوعدون)) الذاریات:٢٢.

٢- بیر لەو زیانە گەورەیە بكەرەوە كە دەیكەیتە دیاری جەستەت لە ئەنجامی نیگەرانی!

٣- واز لە ڕابردوو بهێنە، چونكە ڕابردوو بەسـەرچوو هەرچەند هەوڵبدەیـت تازە ناگەڕێتەوە، پەیامبەر (درودی خوای لەسـەر بێت) دەفەرموێت: (پشـت بە خودا ببەسـتەو مەڕوخێ، ئەگەر شتێكت بۆ وەپێش هات مەڵێ: ئەگەر وامكردبا وادەبوو، بەڵكو بڵێ: ئەوە ڕوویدا كە خودا فەرمانی لەسـەر بوو، لەبەرئەوەی "ئەگەر" دەرگا بە ڕووی شەیتاندا دەكاتەوە).

٤- بیر لە ڕاستییەكان بكەرەوە پێش بڕیاردان، هەركات پلانێكی یەكلاكەرەوەت دا، زۆر مەردانە هەسـتە بە جێبەجێكردنیو پشت بە خودا ببەستەو دوودڵ مەبە فەرمودەی پەیامبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە یادبێت (ئەگەر داوات كرد داوا لە خودا بكە، ئەگەر ویستت پشت بە كەسێك ببەستیت ئەوا پشت بە خودا ببەستە، بزانە ئەگەر گرۆی مرۆڤایەتی كۆبنەوە لەسەر ئەوەی سودێكت پێبگەیەنن ناتوانن مەگەر خودا نوسـیبێتی، ئەگەر كۆبنەوە لەسـەر ئەوەی زیانێكت پێ بگەیەنن، ناتوانن مەگەر خودا لەسەری نوسیبێتی، قەڵەم هەڵگیراوەو پەڕاوەكانیش وشك بوونەتەوە).

٥- ڕازیبـە بـەو ڕووداوانەی خـودا دەیهێنێتە پێـش، باوەڕدار لە چەرمەسـەرییەكان ناترسـێت، هەمـوو ڕووداوەكانی ژیانی خێرو چاكەیـە، پەیامبـەر (درودی خـوای لەسـەر) دەفەرموێت: (سـەرم سـوڕدەمێنێ لە كاروباری بـاوەڕدار، چونكە هەمووی خێرو چاكەیە، ئەمەش بۆ هیچ كەس نییە باوەڕدار نەبێت، ئەگەر ڕووداوێكی خۆشی بەسەرهات، سوپاسگوزاری پەروەردگاری دەبێت، ئەمەش خێری تێدایە بۆیو ئەگەر ڕووداوێكی ناخۆشـی بەسەرهات ئارام دەگرێت، ئەمەش خێری تێدایە بۆی).

٦- سوپاسگوزاری ئەو بەخششانە بە، كە خودا پێی بەخشیویت، لە جیاتی ژماردنی گرفتو چەرمەسەرییەكان، پەروەردگار دەفەرموێت: (وان تعدوا نعمةالله لا تحصوها إن الله لغفور رحیم) النحل ١٨.

هەمیشـە لـە خۆت بپرسـە: ئایا ئـەوەی خودا پێـی داویت بە ملیۆنێـك دۆلاری دەگۆڕیتەوە؟ ئایا چاوەكانت دەفرۆشـیت لە پێناو ماڵـدا؟ ئەو بڕە پارەیە چەندە كە شایسـتەیە بدرێـت لە بەرامبەر دەستەكانت، یان قاچەكانت، یان منداڵەكانت؟ دانە دانە سەروەتەكانت ئەژماربكە، پاشـان كۆیان بكەرەوە، دواتر دەزانیت بە هیچ سەروەتو سامانێك مەزەندە ناكرێت!

شـۆبنهور دەڵێت: (ئـای چەندە كەم بیر لەوانـە دەكەینەوە كە هەمانـە! ئـای چەنـدە زۆر بیر لەوانـە دەكەینەوە كە لە دەسـتی دەدەین!).

٧- گرنگـی بـە كارە كـەم بایەخـەكان مـەدەو ڕێمەدە كێشـە بچووكـەكان بەختەوەریت لەناوبـەرنو جەنگ بەرپا مەكە لە پێناو شتە پڕوپوچەكاندا.

٨- زیـاد لەوەی شایسـتەیە گرنگی مەدە بە بـارودۆخو كارەكان، سـەرنج بدە بزانە ئەم شتە شایەنی ئەوەیە تا چ ئەندازەیەك گرنگی پێبدەیتو هەموو شتێك بە ئەندازەی خۆی گرنگی پێبدە.

٩- لـە كارەكەتدا نقوم ببـە، ئەگەر نیگەرانی بەرۆكی پێگرتیت، ئەوا خۆت سـەرقاڵ بكە بە كارەكەتەوە، یان بە شـتێكی بەسـوودی ترەوە.

١٠- خۆپەرست مەبەو گرنگی بە چواردەورت بدە، هەموو ڕۆژێك كارێك بكە وێنەی زەردەخەنەیەك لە ڕووخساری مرۆڤێكدا بكێشیت، خۆشەویسـتمان سـلاوی خـودای لێبێـت دەفەرموێت: (باشـترینی كردەوەكان: زەردەخەنە خستنە سەرلێوی موسوڵمانێكە، یان قەرز بۆ دانەوەیەتی، یان نان پێدانێتی).

١١- كارەكانت تەنها لە پێناو خودا ئەنجام بدەو چاوەڕێی سوپاس لە هیچ كەس مەكە، پێغەمبەر (درودی خودای لەسـەر) دەفەرموێت: (پاداشتی كردەوەكان بەستراوە بە نیازی ناودڵتان).

١٢- هـەوڵو تەقەلات چڕكەرەوە لەسـەر ئەو كـردارەی لەناو ناخی دڵتـەوە بە باشـترین كرداری دەزانیو گوێ بۆ تانـەی تانەگران مەگرە، ئەگەر لە خۆتدا هەڵەیەكت بەدی كرد، ئەوا بەڕێزەوە بە خۆتدا بچۆرەوە.

١٣- پەڕاوێـك بۆخـۆت دابنێ ئـەو هەڵانەی تێـدا تۆماربكەیت كـە ئەنجامت داوەو شـایەنی ئەوە بووە كە بـە هۆیانەوە ڕەخنەت لێبگیرێت.. ماوە ماوە بەسـەریاندا بچـۆرەوە، بۆئەوەی ئەو وانانەی لـەو هەڵانە فێربوویت لای خۆت بپارێزیـتو كەڵكی لێوەرگریت بۆ داهاتوو، تۆ بزانە زۆر زەحمەتە بە درێژایی ژیانت هەمیشـە لەسـەر ڕاسـتی بیت، بۆیە هەرگیز سـڵ مەكەرەوە لەوەی داوا لە دڵسۆزانت بكەیـت كە ڕەخنەی بنیاتنەرانەت لێبگـرنو ئامۆژگاری وەربگرە لە خەمخۆرەكانت.

پێنج نهێنی پێگەیاندنی منداڵی زیرەك!

محەممەد تاهیر تۆفیق

منداڵان بێ یارمەتی دایكو باوكیان ناتوانن بگەنە توانای زیرەكیو بیری بەهێز، كاتێك سەیری چاووی گەشی منداڵەكەت دەكەیت، لە جوانییەكانی ژیانت تام دەكەیت، ئەم كارە زۆر جوانەو یارمەتیدەرە بۆ بەهێزبوونی توانای مێشكی منداڵەكەت.

١- ئاسوودەییو ئارامی دەروونی: یارمەتی فراوانبوونی توانای فێربوونی منداڵەكەت دەدات، لەو ڕووەوە كە مێشك هەمیشە بە دوای ئارامیدا دەگەڕێت، یارمەتی فێربوون دەداتو ئەگەر منداڵ مێشكی ئارام نەبێت ناتوانێت شت فێرببێت.

بە بەركەوتنی پێستت لە گەڵ پێستی منداڵەكەت، یارمەتی ئاسوودەیی دەروونی منداڵەكەت دەدەیت، هەروەها سەیركردنی ناووچاوانی، قسەكردنو دوواندنو لەبەركردنی پۆشاكەكەی هەمان كاریگەری دەبێت.

پەیوەندی بە هێزی دایكو باوك بە تایبەت لە سەرەتای دایكبوونی منداڵدا یارمەتی ئاسوودەیی منداڵ دەدات.

٢- دروستكردنی پەیوەندی لە ڕێی چاوەوە:

لێكۆڵەرەوەكان ئەوەیان سەلماندووە كە منداڵ لە ٢-٤ مانگییەوە بارە جیاوازەكانی ڕووخساری دایكو باوكی دەناسێتەوە، لە (٥) مانگیدا هەستو سۆزی ڕووخساری كەسانی بێگانەش دەخوێنێتەوە، لە (٧- ٩) مانگی دەتوانێت سەگو پشیلەش لە یەك جیا بكاتەوە.

هەست یەكەمین هۆكارە كە منداڵ لە ڕێگەیەوە پەیوەندی دروستدەكات، بە چاوبڕین لە چاوانی منداڵەكەت دەتوانی گەشەی مێشكی منداڵەكەت باشتر بكەیت.

٣- هەموو ڕۆژێك بە دەنگی بەرز چیرۆكی بۆ باس بكە:


ڕەنگە ئەم هەڵسوكەوتە جێی سەرنج بێت، بەڵام پسپۆڕان جەخت لە سەر ئەوە دەكەنەوە كە دەبێت منداڵ زۆر بدوێنرێت، مێشك سیستەمێكە هەمیشە بە دوای ڕێنماو ڕێنمونیكەرێكدا دەگەڕێت، هەر چەندە وشەو ڕستەی جۆراوجۆر ببیسێت، زۆر زووتر فێری قسەكردن دەبێت، ئەگەر منداڵەكەت بەمشێوە دواند، ئەوا لە قوتابخانە زووتر لە هاوڕێكانی فێری خوێندنو نووسین دەبێت، باشترین ڕێگەكان بۆ ئەم كردارە بەكارهێنانی وشەی زۆر، جۆراوجۆرو قوورس، هەروەها گۆڕانكاری لە چۆنییەتی دەربڕینی قسەكانە.

٤- كەمكردنەوەی بەكارهێنانی عەرەبانەو گالیسكە:

بەكارهێنانی ئەم عەرەبانانە جووڵەی منداڵ سنووردار دەكەن، وای لێدەكەن كە بەرامبەر دەووروبەری وەڵامدانەوەی نەبێت، لە كاتێكدا پێویستە منداڵ بتوانێت بە دەوروبەریدا بسووڕێتو بە دڵی خۆی چەند دەگونجێت بە دوای شتەكاندا بڕوات، ئەم كردارە باشبوونی تەركیزو سەرنجو وریایی منداڵ دەدات.

٥- ئاماژەكردن بە پەنجە:

لێكۆڵینەوەكان ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە كە ئاماژەدان بە پەنجە لە كاتی ناوهێنانی شتەكان، یارمەتی گەشەی خێرای زمانگرتنی منداڵ دەدات. دایكو باوك دەتوانن لە ڕێی ئاماژەدانی پەنجە بە شتەكانی دەوروبەرو باسكردنی ئەو شتانە منداڵەكانیان چالاكتر دەكەن لە ناسینەوەو دەرككردنی شتەكان، هەوڵبدرێت شوێنو شتی جۆراوجۆری پیشان بدرێت.



و: کیژان فەرەج

بەفیڕۆ دەدرێن!!
کاتەکان

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە ئەمریکادا ئەنجام درابوو، دەرکەوتووە کە لاوان لە تەمەنی هەرزەکاریاندا نزیکەی (٣٩) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا لەبەردەم تەلەفزیۆندا بەسەردەبەن، لە بەرامبەر ئەمەشدا گەورەکان نزیکەی (٣٠)کاتژمێر لە هەفتەیەکدا بەسەردەبەن!!

ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زۆربەی کاتەکانی خەڵکی بە شتی هیچو بێ سودەوە بەسەردەبرێت، دواتریش ئەم کەسانە بۆڵەبۆڵ دەکەن بەوەی دەڵێن: کاتمان نییە تاوەکو زانستو زانیاریمان چنگ بکەوێت.

یەکێك لە دیارترینو گرنگترین نیشانەکانی ئەم سەردەمە نوێیەی کە تیایدا دەژین، بریتییە لەو تەقینەوە زانستییەی کە بووە هۆی فراوانبوونی ئاسۆی زانستو زانیاری لە هەموو بوارەکاندا، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی هەموو زانستەکان لە پێشبڕکێدا بن بۆی، لەبەرئەوە پێویست دەکات هەمیشەو بەردەوام لە چاودێری ورددا بین بۆ هەر زانستێکی نوێو زانینی کۆتا شت کە زانست پێی گەیشتووە تاوەکو بتوانیت لەگەڵ ئەم سەردەمەدا هەنگاو بنێیتو خزمەتێك بە نەتەوەکەت بگەیەنیت چۆن دەکرێت نیازت ئەوە بێت خزمەتێك بە نەتەوەکەت بکەیت لە کاتێکدا خۆت لە دواوەیت؟!!

چۆن دەتەوێت شتێك ببەخشیت لە کاتێکدا خۆت خاڵیت لە زانستو زانیاری؟!! سەرەڕای ئەوەی بۆ هەمووان ڕوونەو دەشزانیت کە بیرۆکەکانو چارەسەرەکان لە زانستو زانیارییەکانی خۆتەوە سەرچاوە دەگرێت وەك وتراویشە:

(مێشکی مرۆڤ هاوشێوەی پەڕەشوتە، ئیش ناکاتو سودی نابێت تا ئەو کاتەی نەکرێتەوە)!

(ئیبراهیم فەقێ) وای دەبینێ کە کەسانێك هەن سەرەڕای ئەوەی ماڵو سامانی خۆیان سەرف دەکەن لە جلو بەرگو سەیارەو... هتد، کەچی ئامادەنین پارە لە ئەقڵیاندا سەرف بکەن!!

قبوڵ ناکرێت بیانووی سەرقاڵبوونو نەبوونی کاتی تەواو بۆ خوێندنو خوێندنەوە، قەناعەت پێنەکراوە، ئەوەتا زۆر بە ئاشکرا دەبینرێت چەندین ئاسانکاری کراوە لەو بوارانەدا لەوانە: خوێندنی ئێواران، خوێندن لە ڕێگای ئینتەرنێت هەروەها سیدیو (DVD) وکاسیەت...خولو سیمینار...زۆرن ئەوانەی زانستو زانیاریت زیاد دەکەن ئەگەر خولیاتەو دەتەوێت لە ژیانتدا گۆڕان ڕووبدات، ئەوا فێرببە ئەگەرچی تەنها یەك زانیاریش بێت لە ڕۆژێکدا.





٥٠ مۆم بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەتان



کارکردن کلیلی ژیانە

مۆمی ١٦

ن: د. عبدالکریم بکار
و: ئاسیا صەلاح

ژیان هاوشێوەی سندووقێکی داخراوە، ئێمە هەموومان زۆر پێویستمان بەوەیە کە بزانین چی لە ناودایە، سندوقە داخراوەکەی ژیان تەنها یەك کلیلی هەیە، ئەویش کارکردنە!

لە قورئانی پیرۆزدا پەیوەستبوونێکی بەهێز هەیە لە نێوان باوەڕو کاری باشدا، چونکە باوەڕ بەرچاوڕوونمان دەکات، ڕاستە ڕێگامان نیشان دەدات، کارکردنیش ئەو ئەسپەیە کە بۆ بڕینی ئەو ڕێگایە تاوی دەدەین، کچو کوڕەکانم هەستدەکەم خودای بالادەست تواناگەلێکی کەم وێنەی بە مرۆڤ بەخشیوەو لە پاڵ ئەوەشدا دەرفەتانێکی مەزنی پێداون، بەڵام بە پێی پێویست لێی سوودمەندنابن، دەبێت هۆکارەکەی چی بێت؟؟

چەند هۆکارێك هەن، لە گرنگترینیان تەممەڵی، کەمبوونەوەی توانای ڕۆحی داواکراو بۆ بەردەوام بوون لە هەوڵدان، وتەی یەکێك لە دانایان سەرنجی ڕاکێشام: «مرۆڤ بێ ئەرزش نییە، بەڵام ئێجگار کەمتەرخەمە!!»

هیچ دیمەنێك هێندە ئازارم نادات هێندەی لاوێکی بێ هیوای غەمباری بێکار، کە لە شەقامەکان دەسوڕێتەوە، خەرجی ڕۆژانەی لە باوکە هەژارو ماندووەکەی داوا دەکات.

ئازیزەکانم تێبکۆشن لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو پیشەیەی کە حەزتان پێیەتی، گەر بەدەستتان هێنا، گرنگی پێبدەنو بەباشی ئەنجامی بدەن، بەشێوازێك لێی بڕوانن کە تاقیکردنەوەیەکی قورسەو کێ برکێتان لەگەڵدا دەکات، هەمیشە لە بیرتان بێت ئەو کارانەی بەپێی پێوانە بەرزەکان ئەنجامی دەدەن ئاسۆی نوێ هەڵدێنێت بەڕووی دەرفەتو کاری گەورەتردا کە هەر بەبیریشتاندا نەهاتووە، لێرەدا هەزارەها چیرۆکو ڕاستی هەن کە ئەم واتایە پشت ڕاست دەکەنەوە.

کچو کوڕەکانم بە ویستی خودا سەرکەوتوودەبن گەر ئەو کارەی لە ئەستۆتاندایە بە لێهاتوویی و باشی ئەنجامی بدەن، دواتر دەبێت بە شێوازێك سەیری کارەکەتان بکەن کە پیشەیەکی ڕۆژانەیەو هەموو تواناتانی بۆ بخەنە کار، لە کاتی ئەنجام دانیدا وا هەست بکەن کارێکی مەزن ئەنجام دەدەن.

کارکردن بەخششێکی خودایە، ئەوەك کۆمەڵێك سەختی، بەڕاستی سەیرە پیشەیەك چەندە بچووکیش بێت، بەڵام هەمان تایبەتمەندی کارێکی گەورە لە خۆدەگرێت، بۆ نموونە کار بچووك بێت، یان گەورە ئەمانەی خوارەوە دەستەبەر دەکات:

* لە دەستبەتاڵی ڕزگارمان دەکات.

* لە قۆناغی پلاندانانو هیواخواستنو ئارەزووکردنەوە، دەمانگەیەنێتە قۆناغی جێبەجێکردن.

* یارمەتیمان دەدات لە درکپێکردنی خوودی خۆمانو تواناکانمانو بەهرەکانمان.

* ئەو ژینگەیە باشتر دەکات کە تیایدا دەژین، تا دواتر ژیان تیایدا ئاسانتر بێت.

ئەم وتانە چی دەگەیەنێت لای کوڕو کچەکانم؟ ئەمانە دەگەیەنێت:

١- پێویستە کاروبارەکانتان لەسەر ئەو بناغەیە ڕێکبخەن کە ژیان واتە کارکردن، کاری باش واتە ژیانێکی باش.

٢- گەر کەسێکتان نەیتوانی کارێکی گونجاو بەدەستبخات، با بێکار دانەنیشێت، بەڵکو لە هەر شتێکی سوودمەندی تردا کار بکات، تاوەکو ئەو کارەی دەیەوێت بەدەستی دەهێنێت.

٣- بەو شێوەیە سەیری پیشەکان مەکەن کە شەرمەزارکەربن، بەڵکو لە ڕاستیدا شەرمەزاری پەنابردنە بۆ خەڵکو بەرتیلو کاری نەشیاو، خواردنی ماڵی خەڵکی بە ناڕەوا.

٤- لەم نیشتیمانەدا هەلی زۆر هەیەو بەبەردەوامی لە گەشەدایە، بەڵام کێشەکە لێرەدا نەبوونی کەسی شیاوە بۆی، بۆیە بەباشی خۆتان ڕابهێنن.

شیکردنەوەی کەسایەتیت لە ڕێگەی وێنەوە

زۆرێك لە ئێمە لەو کاتەی دەست بەتاڵین‌و خەیاڵمان ڕۆیشتووە، بێ مەبەست پێنووسەکەمان بە دەستەوە دەگرین‌و هەندێك وێنە دەکێشین، بۆ ئەم مەبەستە زانایانی بواری دەروونناسی هەڵسان بە لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەم بابەتە، لە کۆتاییدا بۆیان دەرکەوت کە ئەو وێنانە بەڵگەن لەسەر کەسایەتی مرۆڤ، دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو وێنانەوە کەسایەتی وێنەکێشەکە بدۆزرێتەوە:

یەکەم: وێنەی ڕووخسار: ئەو کەسەی وێنەی ڕووەکانی دەم‌و چاو دەکێشێت، واتە ئەو کەسە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەردا زۆر جار دووچاری ئاستەنگ‌و ناڕەحەتی دەبێت، بەڵام ئەگەر وێنەی ڕووخسارێکی دڵخۆش‌و لێو بە خەندە بکێشێت، واتە هەموو شتێك بە ئاسانی گوزەر دەکات‌و بە ویست‌و ئارەزووی ئەوە، بەڵام ئەگەر وێنەی ڕووخسارێکی خەمناکی کێشا، واتە توانای هاوکاری‌و یارمەتیدانی کەسانی دەوروبەری نییە.

دووەم: وێنەی مارو خشۆکەکان: بەڵگەیە لەسەر هێزو توانای جەستەیی، یاخود ئەو کەسەی ئەو جۆرە وێنانە دەکێشێت، وەڵامی بەجێ‌و دروست دەداتەوە، کورد وتەنی: هەمیشە وەڵامی ئامادەیە.

وێنەی مرۆڤ بەبێ ڕووخسار: بەڵگەیە لەسەر نەبوونی پەیوەندییەکی تۆکمەو بەهێز، یاخود بە جۆرێکی دیکە بڵێین ئەو کەسە هەستدەکات کەسانی دەوروبەری ڕێزی ناگرن، یان هەست بە بوونی هیچ کەس ناکات کە دۆستی ڕاستەقینەی بێت، یان هەست بە شڵەژان دەکات بە هۆی نەبوونی هەستی تایبەتمەندێتی!

خشتەك، یان شەش ڕوو:

ئەو کەسەی وێنەی خشتەك، یاخود شەش ڕوو دەکێشێت، پێویستی بە هاوڕێیەتی هەیە، بیرۆکەی تەنیایی بەلاوە پەسەند نییە، واتە حەز بە تەنیایی ناکات!

گوڵ:

بە زۆری ئەو کەسانە وێنەی گوڵ دەکێشن، کە خاوەنی هەست‌و سۆزن، کەسانێکی هەستیارن، هەروەها گرنگی بە هەموو ئەو شتانەش دەدەن کە پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە هەیە.

تیرو نیشانە:

کێشانی وێنەی نیشانەو تیرو ڕاستەهێڵ... بە زۆری ئەو کەسانە ئەو وێنانە دەکێشن کە دوو دڵ‌و نیگەرانن، ئەگەر هاتوو نیشانەکە ئاڕاستەکەی بەرەو سەرەوە بوو، بەڵگەیە لەسەر هیواو ئاوات، بەڵام ئەگەر بۆ لاکانی دیکە بوو، بەڵگەیە لەسەر بیرێکی کراوە.


ئەستێرەکان: وێنەکێشانی ئەستێرەکان، بەڵگەیە لەسەر هیوای بەرزو خۆئامادەکردن‌و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو کۆسپ‌و تەنگ‌و چەڵەمەکانی ژیان، تەنانەت شکاندنی نەریت‌و یاسای تاك، یان کۆمەڵ، لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو شتانەی دەیانەوێت.

چاوەکان: بەڵگەن لەسەر کەسایەتییەکی شاراوە، چاوی بچووك‌و تەسك مانای خەم‌وپەژارەیە، بەڵام چاوی گەورەو قەشەنگ، بەڵگەیە لەسەر ڕۆحییەتی ئاسوودەو خۆشحاڵ، برژانگی نەخشین‌و ڕازاوە بەڵگەیە لەسەر کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش.

دڵەکان: ئەو کەسەی بە هەمیشەیی وێنەی دڵ دەکێشێت، بەڵگەیە لەسەر لاوازی لایەنی سۆزداری، هەمیشە ئەگەری دووچاربوونی هەیە بە برینداکردنی هەست‌و سۆزی، هەرچەندە وێنەی دڵەکان زیاد بێت، ئەوا ژمارەی هەست بریندارکردنی لایەنی سۆزداری زیاترە.

بازنە: بازنە کێشان بەڵگەیە لەسەر تەممەڵی، هەروەها ئەوە دەردەخات کە ئەو کەسە خاوەنی کاری سەربەخۆ نییە، بەڵام بازنەی سادەو ساکار مانای ئەمانەت‌و ڕاستگۆیی لەلایەنە دیارەکانی ئەو مرۆڤەن، بەڵام بازنەی زۆرو کەڵەکەبوو، یان چەند بازنەیەك لە ناو یەکەدا ئەوە مانای پلاندانانە بۆ خۆدوورخستنەوەو خۆپاراستن لە کێشەو گرفت‌و ناڕەحەتی.





باڵۆڵو خوانی نیوەڕۆ!

باڵۆڵی دانا ئەو کەسەی بە بیری تیژو چارەسەری کێشە سەختەکانو بیرۆکەی ناوازەو دانایی‌و حەکیمی ناسراوە، باڵۆڵ کەسێکی حەکیم‌و لێهاتوو بووە لەسەردەمی خۆیداو لە زۆرێك لە کێشە دژوارەکانداو لەو کاتەی دەوروبەری دەستەوەستان‌و دۆش داماون، حەکیم بە بیرۆکەیەکی ناوازەو گوتەیەکی بەهێز هاتۆتە مەیدان‌و زۆر بە سانایی کێشەکەی چارەسەر کردووە، هەروەها ئامۆژگاریکارو خاوەن ئەزموون بووەو کەسانی دەوروبەری لە هەموو بوارەکاندا سوودیان لە داناییەکەی بینیوەو قسەکانیان بە هەند وەرگرتووە..

لە بەسەرهاتو چیرۆکی ئەمجارەی باڵۆڵی حەکیمدا باس لە بیرۆکەیەکی ناوازەی دیکەی دەکەین، ئێستا با پێکەوە ئەم بەسەرهاتە بخوێنینەوە..

فەرمانڕەوای شار لەسەر کێشەیەك سزایەکی سەختی بەسەر یەکێك لە لاوەکانی شاردا سەپاند، سزاکەش بریتی بوو لەوەی بچێتە ناو ڕووبارێکەوە، دەبێت بەرگەی سەرماو سۆڵەی ئاوەکە بگرێت، لەو کاتەداو لە کاتی سەپاندنی سزاکەدا بەسەر ئەو لاوەدا، واتە کوڕەکەیان خستە ناو ڕووبارەکە.. دایکی کوڕە لاوەکە لەوبەری ڕووبارەکە ئاگرێکی کردەوە.. دایکەکە دەیزانی کوڕەکەی لەناو ڕووبارو ئاگر لە کەناری ڕووبار هیچ سوودێك بە کوڕەکەی ناگەیەنێت، بەڵام ئاگری جەرگ بە ئازارەو ئەویش شتێکی دیکەی لە دەست نەدەهات..

کوڕەکە لە ناو ڕووبارەکەدا لە سەرمادا هەڵدەلەرزی، کاتێك هاتە قەراغی ڕووبارەکەو ویستی بێتە دەرەوە.. جەنابی فەرمانڕەوا وتی: تۆ دایکت ئاگری بۆ کردوویتەوە، لەبەرئەوە لە ڕووبارەکەدا سەرمات نەبووەو بەرگەت گرتووە، دەبێت دووبارە بڕۆیتەوە نێو ڕووبارەکە، لە کاتی دووبارەکردنەوەی سزاکەدا باڵۆڵ ئامادەبوو، بەو بڕیارە ستەمکارانە ڕازی نەبوو، هەربۆیە دەستبەجێ بیرۆکەیەکی بە خەیاڵدا هاتو وتی: جەنابی فەرمانڕەواو قازی شارو ئەو کەسانەی لێرە ئامادەن بۆ نانی نیوەڕۆ میوانی من دەبن‌و تەشریف بهێنن بۆ ماڵی ئێمە، ئەوانیش بانگهێشتەکەیان قبوڵ کردو هەمووان بەڕێکەوتن بۆ ماڵی باڵۆڵی حەکیم، کاتێك گەیشتنە ماڵی باڵۆڵ میوانەکان چاوەڕوانی خوانی ڕازاوەو خواردنی خۆش بوون، کات درەنگ بوو، بەڵام خواردن ئامادە نەبوو، پرسیان بۆ خواردن نەهات، باڵۆڵ گوتی: هێشتا پێ نەگەیشتووە، کاتژمێرێك دووان، سێیان تێپەڕی، بەڵام خواردن هەرنەهات، سکی برسییان چی دی ئارامی نەماو دووبارە پرسیان بۆ خواردن نەهات، باڵۆڵ وتی مەنجەڵەکە لەسەر ئاگرەکەیە، خواردنەکە پێنەگەیشتووە، کات زۆر درەنگ بوو، هێشتا خواردن نەهاتووە، مشتومڕی میوانەکان‌و سکی برسییان لەوە زیاتر ئارامی نەگرتو وتیان کوا ئەو مەنجەڵەی خستووتە سەر ئاگر، نیشانمان بدە، بزانین بۆ ناکوڵێ، باڵۆڵ بردنی بۆ لای مەنجەڵەکەو نیشانی دان، بەڵام هەمووان لە هەڵسوکەوتی باڵۆلی حەکیم سەرسام بوون، بینیان لەسەر زەوییەکە ئاگری کردۆتەوەو مەنجەڵەکەی بە نێوان دوو درەختی دارخوما بەبەرزی هەڵواسیوە! هەموو وتیان تۆ شێتی، گاڵتەمان پێدەکەی، مەنجەڵ بەوبەرزییەوە، ئاگر لەو خوارەوە، چۆن ئەو مەنجەڵە گەرم دەکات، چ جای ئەوەی بیکوڵێنێت؟

باڵۆڵی حەکیم وتی: باشە ئەو دایکەی لەوبەری ڕووبارەکە ئاگری کردەوە، چۆن کوڕەکەی لەناو ڕووبارەکە گەرمی هاتەوە؟ ئایا ئاگری ئەو دایکە بەهێزترە، یان ئاگری مەنجەڵەکە؟!!

ن: عەبدوڵا عوسمان
و: خالید محەمەد



لە توڕەبونەکەت تێبگە، بۆ ئەوەی زاڵبیت بەسەریدا..

بەشی دووەم

هەموو شتێك ئاساییە:

دڵەڕاوکێ لەو کاتەدا دروستدەبێت کە بیر لەوە بکەیتەوە کە هەڵەیەك ڕوودەدات، یان وابزانی شتەکان ئاسایی نین.

ڕووبەڕووی هەڵەکان ببەرەوەو لێیانەوە فێرببە، زۆر ئاساییە بکەویتە هەڵەوە، مرۆڤ هەرچەندە بەباشی خۆی ئامادە بکات بۆ پێشهاتەکانو ئاهەنگو تاقیکردنەوەکان، بەڵام هەر توڕە دەبێت، بەتایبەت ئەو کاتەی کە هەڵەیەك ڕوو دەدات جامی توڕەیی خۆی بەسەر خۆیدا، یان بەسەر کەسانی تردا دەڕێژێت، باشتر وایە لە هەموو شتێکدا هەڵە قبوڵ بکەینو لە هەموو کاروبارەکانماندا داوای تەواوێتی نەکەین.. بیر لەم شتانە بکەرەوە پاش سەد ساڵ ئایا بەڕاستی گرنگن؟ سەد ساڵ نا دوای ساڵێك، ئایا کاتێك بیر لە هۆکاری توڕەبونەکەت دەکەیتەوە پێکەنینت بە عەقڵی خۆت نایەت؟ ئایا بەڕاستی هەڵەکە شایەنی ئەوە بوو کە ئێمە بەو جۆرە خۆمانی بۆ سەغڵەت بکەین؟ گرنگە تەندروستیو لاشەی خۆمان بخەینە مەترسییەوە بە هۆی هەڵەیەکەوە؟

تاقیکردنەوەکان وەکو ئەزموون وەرگرەو وایدانێ ژیان یارییەك، یان گەشتێکە نەك مەیدانی جەنگو پێکدادان.

(توڕە مەبە)

پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەری خوا (سەلامی خوای لێبێت) وتی: ئامۆژگاریم بکە ، ئەویش فەرمووی: توڕە مەبە، چەند جارێك ئەمەی دووبارە کردەوە، هەمان وەڵامی (توڕە مەبە)ی وەرگرتەوە.

فەرمودەیەکی زۆر کورتو پوختو گەورەیە، گەر بمانەوێت باس لە گەورەییەکەی بکەین نوسینی زۆری دەوێت، تێبینی بکە خۆشەیستمان (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرموێت: توڕە مەبە، نافەرموێت توڕەبوونەکەت دەربڕە.

توڕە مەبە، واتە تۆ وەك شتێکی ئاسایی دەڕوانیت بۆ ئەو ڕووداوانەی کە توڕەت دەکەن، هەر ئەمەشە کە ئێمە دەمانەوێت لەم کتێبەدا پێی بگەین.

خزمەتگوزارەکەت هەڵە دەکات ئاوەکەی لە دەست دەکەوێتە خوارەوەو دەیڕژێ بەسەر تۆدا، تۆش توڕە مەبە، ئەمە مەبەستی ئێمەیە (توڕە مەبە)، ئەو شتانەی کە وادەزانی دەبێت توڕەبی بەهۆیانەوە، ئاسایی بۆیان بڕوانە وایدانێ شایەنی توڕەبوون نین.

لەبری ئەوەی بیرکردنەوەت وابێت کە خزمەتگوزارەکەت سوکایەتی پێکردویتو بە مەبەست وایکردووەو پۆشاکەکەی خراپ کردویت، یان تێناگاتو پێناگات، باشتروایە وای دابنێیت کە هەڵەیەکەو تێی کەوتوەو ئێستە ئەو پەشیمانەو داوای لێبوردنی کردووەو نەیزانیوەو مەبەستی نەبووە ئەو کارە بکات، تۆ کە نەرمونیانی بەرامبەری ئەوەندەی تر گەورە دەبی لەلای ئەو، لە هەڵەکەی فێر دەبێتو توانای تۆی لە چارەسەرکردنی کێشەو ڕووداوەکاندا بۆ دەردەکەوێت، ئەوەی بۆ ساغ دەبێتەوە کە ئەم خزمەتی کەسێك دەکات ژیرەو بەتوانایە لە گێڕانەوەی ئاو بۆ ڕێڕەوەکانی خۆی، کەواتە: (توڕە مەبە).



بەهای بەخشین

زاهیر زانا

بەخشین بەهایەك كە بەبێ بوونی ژیان ئەستەمەو ناگوزەرێت، بەهایەك كەسەختییەكان ئاسان دەكاتو دووژمنەكان دەكاتە دۆستو دۆستیو هاوڕێیەتییەكان پتەوو توندوتۆڵ دەكاتو گرێی كێشەو گرفتەكان دەكاتەوە، بەخشین دەرگا لەسەر بەڵاو نەهامەتییەكان دادەخاتو كۆتایی بەدووبەرەكیو ناكۆكییەكان دێنێت.

بەخشین بریتییە لە پێشكەشكردنی ئەوەی لە تواناتدایە لە كاتێكدا كەسانی تر پێویستییان پێیەتی، بەخشین واتە ئەوەی تەنها بۆ خۆمان نەژینو شتێك زیاد بكەین بۆ ئەم دونیایە، بەخشینیش ماددیو مەعنەوی هەیەو هەر یەكێكیان گرنگی خۆی هەیە، بەڵام لوتكەی جوانی ئەوەیە هەردووكیان بە یەكەوەبنو لە ناخی دڵەوە بێنە دەرەوەو لە ڕۆحی مرۆڤدا جێگیربووبن.

بەخشینو بەخشندەیی كلیلی بەختەوەرینو تابلۆی نیشاندەری سەركەوتنو سەرفرازین، ئەمەش پێمان دەڵێت: پێویستە لە تەواوی كایەكانی ژیانماندا بەخشندەیی بكەینە بەهایەكی بەرزو باڵای ناو ژیانمانو لە خۆمانەوە دەست پێ بكەین، چونكە گەر لەگەڵ خۆماندا بەخشندە نەبین ناتوانین لە بەرامبەر هەڵەو كەمو كورتیو شكستەكاندا خۆڕاگربینو دووچاری گرفتی ڕووخانی دەروونی دەبین، لە كاتێكدا گەر لە هەڵەو كەمو كورتییەكان خۆمان بەخشیو وانەیەكیان لێ فێربوین، ئەو كاتە بە ئاسانی درێژە بە كاروانی ژیانی خۆمان دەدەینو دەتوانین بارە لاسەنگەكان هاوسەنگ بكەینەوەو تۆڵەی كەمتەرخەمییەكان بكەینەوەو بگەینە ئەوەی دەمانەوێتو بەرهەمی زۆر باش بەدەست بهێنین، مرۆڤ كاتێك فێر بوو لەگەڵ خۆی بەخشندەبێت، ئەو كاتە بۆ چواردەوریشی بەخشندە دەبێتو خەسڵەتی بەخشندەیی تێیدا دەبێتە خوو نەریت!

لە هەمانكاتیشدا بەخشین لەگەڵ دەوروبەریشدا گرنگییەكی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤێك شیاوی هەڵەكردنە، گەر نەتوانین چاوپۆشی لە هەڵەی هاوڕێكانمان بكەینو دڵمان گەورە نەبێت، ئەوا هەمووان لە خۆمان زویر دەكەینو ژیانمان لەلا سەختو دژوار دەبێت، لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی دەبێت لە كەموكورتییەكانیان ببورینو بە سنگی فراوانەوە وەریبگرینو هەلێكی نوێیان پێ بدەین، چونكە هەموو مرۆڤێك دەگونجێ هەڵە بكاتو هەمووانیش شایستەی لێبوردنن.

بەخشین مەودایەكی فراوانی هەیە، دەتوانین ماڵو سامان ببەخشین، زانستو زانیاری ببەخشین، لە كاتی خۆمان ببەخشینو ئامۆژگاریو پێشنیاری باش بكەین بۆ كەسێك كە پێویستییەتی، دەستی نابینایەك بگرین، دەست بەسەری منداڵێكی بێ باوكدا بێنین، گوێ بۆ خەمی گرفتارێك بگرین، دڵی دڵشكاوێك بدەینەوە، چاوێكی بە فرمێسك بسڕین، دەتوانین زەردەخەنەیەك ببەخشینو خەندەیەك بخەینە سەر لێوی بەرامبەرمان.

بەخشندەیی سیفەتی خوای گەورەیەو ئێمەش دەبێت وەك جێنشینێك ئەو سیفەتە جوانە بكەینە ڕەوشتی خۆمانو لەگەڵ یەكتریدا بەخشندەبین، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی گەورەمان بكاتو بەرەو تێگەیشتنو پێگەیشتنمان بەرێتو بایەخو نرخێكی زیاترمان پێ بدات، هەرچەند لە بەخشندەیی نزیك بینەوە، لە خودای میهرەبان نزیك دەبینەوە، ئەو كاتەش بەرەو پوختیو كامڵی زیاتر دەچین..

پیرەمێردی شاعیری مەزنیش جوانی فەرمووە كە دەڵێت:

دەبێت بەخشندە مل كەچكا لە ئاستی موچەخۆری خۆی
سوراحی سەر فرو دێنێ لە بۆ پیاڵە كە تێیكا بۆی

چەند جوان پێمان دەڵێت، هەرچەند گەورەبیت نیشانەی گەورەییت ئەوەیە بەخشندەبیو لە كاتی بەخشندەیشدا لە خۆباییو خۆبەگەورەزان نەبین، بەڵكو خاكی بینو بەڕێزو قەدرەوە دەستی هاوكاری درێژ بكەین، دەگێڕنەوە خاتوو عائیشەی دایكی بڕواداران (هەر كاتێك ماڵێكی ببەخشیایە، ئەوا بۆنی خۆشی لێدەداو بەڕێزەوە دەیبەخشییە هەژارەكان)!

بەڵێ بەخشین هێزێكی ئەفسوناوی تیایە بۆ ئارامیو ئاسودەیی دڵو دەروون، زانایانی بواری گەشەپێدانی مرۆیی بەخشینیان بە یەكێك لەو حەوت هۆكارە داناوە كە دەبێتە هۆكاری بەختەوەری مرۆڤو دووربوون لە خەمو پەژارە، جوانی بەخشندەیی لەوەدایە كە مرۆڤ دەتوانێت بە بەخشندەیی هەموو شتێك بكرێت، هەر لە دڵی شكاوو موحیببەتو چاكەو ڕێزگرتنو بەختەوەری دەروونیو ..هتد، كەسی بەخشندەش بەڕادەیەك خۆشەویستو بەڕێزە كە بەخشندەییەكەی هەماهەنگە لەگەڵ سروشتدا، ئەوەتا خۆر بەبێ داواكردنی بەرامبەر بە یەكسانی ڕووناكی بە هەمووان دەبەخشێو باران بۆ هەمووان دەبارێتو بێ ئەوان ژیان بوونی نامێنێ! دەبێت هەموومان دڵنیابین مرۆڤی بەخشندە وەك بارانو خۆر خۆشەویستە، ئەمەش بەسە بۆئەوەی هەموومان هەنگاوێك خێراترو زیاتر بەرەو ئەو ڕەوشتە پیرۆزە هەڵبگرین...

پێستەی گایەك!

زەوییەك بە ئەندازەی

لە دێر زەماندا، خانێکی ستەمکاری هاوشێوەی جەنگیزخان هەبوو، لەشکرێکی هێجگار زۆرو زەوەندی هەبوو، هێرشی ببردایە سەر هەر شارو ئاواییەك، پاش کوشتوبڕو جەنگی خوێناوی، دەیخستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

ڕۆژێکیان خانی زۆردار، گەیشتە نزیك گوندێکی بچووك، بەرلەوەی بە لەشکرەکەی پەلاماری گوندەکە بدات، بڕیارێکی سەیری دا.. فەرمانی بە سەربازەکانی دا، لە نزیك گوندەکە چادر هەڵبدەنو پشوو بدەن.

بۆ سبەی بەیانی، جارچیی خان ڕۆیشت بۆ ناوجەرگەی گوندەکەو جاڕی دا: (ئەی خەڵکینە، باش گوێ ڕابگرن! ئەمە فەرمانی خانی خانانە: ئەگەر کەسێکی بەهۆشو بلیمەتتان، بتوانێت بمبەزێنێت، ئەوا هیچ زیانێك بەم ئاوەدانییە ناگەیەنم، ئەگەر نا، گەردنی گشتان، دەخەمە بەر تیغی تیژی شمشێرو خاکی گوندەکەتان بە توورەکە دەکێشم).

جارچی ڕۆیشتو هەموو خەڵکی، لە مزگەوتی گوندەکەدا، لە دەوری یەکدی کۆبوونەوە، تا ڕاوێژ بکەنو چارە بۆ ئەم بارە نالەبارە بدۆزنەوە، هەر کەسەو شتێکی دەگوت، هەمووشیان ناوبانگی کوشتوبڕو شاڵاوی بێئەمانی خانیان بیستبوو، سەرەنجام، بڕیاریان دا: چەند ڕدێن سپییەك بنێرنە لای خان، تا بەر لە هێرشو کوشتوبڕی بگرن.

ڕدێن سپییەکان چوونە ناو چادری خانەوەو ڕێزو سڵاوی خۆیان بۆ دەربڕی، یەکێکیان کە لەوانی دیکە بەتەمەنتر بوو، ئەستوونی باڵای چەمی بوو، چەند هەنگاوێك چووە پێشو گوتی: (ئەی خانی خانان، ئێمەومانان کۆمەڵێك بەندەی بێچارەو بێدەرەتانی خوداین، ڕۆژگار بە نەبوونیو دەسکورتی بەسەر دەبەین، ئازارمان بە کەس نەگەیاندووەو ببین بە ئاگریش، هیچ شوێنێك ناسووتێنین.. ئێمە دەمانەوێت لە ئاشتیو ئارامیو ئاسایشدا بژینو ئێشو ئازارو ئەشکەنجەی خۆتمان لێ دوور بخەیتەوە...)

لەپڕ خان دەستی هەڵبڕیو ڕدێن سپییەکەش قسەکانی بڕی، خان، قەڵافەتی زەبەلاحی خۆی ڕاوەشاندو پرسی: (ئا بڵێن کێ منی هێناوە بۆ ئەم ئاواییە؟)

ڕدێن سپییەکان، دەستیان خستەسەر سنگیانو ڕێزیان بۆ خان نواندو ویستیان شتێك بڵێن، بەڵام خان، لەپڕ لە پڕمەی پێکەنینی داو بێئەوەی پرسیارێکی دیکە بپرسێت، فەرمانی بە پیاوکوژەکانی دا، بیانکوژن.

خەڵکی کە زۆر بەخراپی تۆقیبوون، دیسان لە مزگەوتی ئاوایی کۆبوونەوە، تا چارەیەکی دیکە ببیننەوە، چونکە هەرگیز نەیاندەتوانی، بە شمشێرە کۆنو ژەنگاوییەکانیان، بە گژ لەشکری پڕچەکی خاندا بچنەوە.

لەناکاو، لە گۆشەیەکی مزگەوتەکەدا، گەنجێکی تازەپێگەیشتووی هەژارو نەدار، هەستایە سەر پێو ڕووی لە هەمووان کردو گوتی: (ئەگەر یەك بزنو یەك وشترم پێ بدەن، گرێی گشت گرفتێکتان دەکرێتەوە).

ئەسکەندەر ڕەحیم



هەمووان بەسەرسامییەوە، سەیری یەکدییان کردو کەسیان باوەڕی نەدەکرد، ئەم گەنجە هەژارونەدارو لەڕولاوازە، شتێکی لەدەست بێت. وێڕای ئەوەش، دڵیان خۆشبوو، هەر لەبەرئەوە دەستوبرد، بزنو وشتریان ئامادەکرد، گەنجەکەش هەردووکیانی وەرگرت، بەبێ ترسو لەرز، بەرەو چادرگەی خان، ملی ڕێی گرت.

کاتێك گەنجە هەژارەکە، چووە ناو چادرەکەوە، خانی زۆردار شانی بە پشتییەکەوە دادابوو، سەرخەوێکی دەشکاند. خان، بەزەحمەت چاوە ئاوساوەکانی هەڵبڕیو بەسووکایەتییەکەوە گوتی: (هێی منداڵی بێچاووڕوو، بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە؟!)

گەنجەکە، وەڵامی چاوە زەقەکانی خانی دایەوەو گوتی: (من هاتووم، پەیامی خەڵکی ئاوایییەکەت پێ بگەیەنم)!

خان، بە سەرسامییەوە سەیری لەشولاری لەڕولاوازو قەدوباڵای کورتوکوڵی گەنجەکەی کردو بە گاڵتەجاڕییەوە لێی پرسی: (مەگەر لەو گوندەدا، لە تۆ ڕیشچەرمووتری تێدا نەبوو، وا تۆیان ناردووە؟!)

گەنجەکە، دەستی بۆ بزنەکە ڕاکێشاو گوتی: (لە گوندەکەماندا، لەو بزنە ڕیشچەرمووترمان نییە.. ئەگەر ڕیشچەرمووت دەوێت، ئەوا لەگەڵ ئەودا قسە بکە).

خانی زۆردار، کە چاوەڕێی وەها وەڵامێکی نەدەکرد، ئەو ڕیشچەرمووانەی بیر کەوتەوە، کە ماوەیەك لەوەو پێش، ڕادەستی پیاوکوژەکانی خۆی کردبوون.. هەر بەدەم ئەم بیرکردنەوەوە، ڕووی لە گەنجەکە کردو پرسی: (مەگەر لەم ئاوایییەدا، کەسی لە تۆ گەورەتریان تێدا پەیدا نەبووە، وا تۆیان ڕەوانە کردووە؟!)

گەنجەکە، دەستی بۆ وشترەکە ڕاکێشاو گوتی: (ئەگەر دەتەوێ لەگەڵ گەورەترینماندا قسە بکەیت، قسە لەگەڵ ئەو وشترە بکە، چونکە ئەو، لە گشت خەڵکی ئاوایی گەورەترە). پاش کەمێك، درێژەی بە قسەکانی دایەوەو گوتی: (بێجگە لەم دووانە، نە ڕیشچەرموویەکت هێشتووەتەوە، نە گەورەیەك! گەر دەشتەوێت، لەگەڵ پیاوی پیاوانەدا وتووێژ بکەیت، ئەوا من ئامادەم).

خانی زۆردار، کە قسە ژیرانەکانی گەنجەکەی بیست، لە ناخەوە ڕاچڵەکی، بەس بەسەر خۆیدا نەهێناو پرسی: (کێ منی هێناوە بۆ ئێرە؟)

گەنجە ژیرو هۆشیارەکە، پاش برێك ڕامان، بە ڕەوانی گوتی: (هەڵپەو خوازەڵۆکیی خۆت، تۆی کێشاوەتە ئەم شوێنە).

خانی زۆردار، لەتاو تووڕەیی خۆی، دەلەرزی، سمێڵی خۆی با دەدا، لێوی خۆی دەکرۆشتو بە چاوی خوێنبارەوە، زەق زەق لە لەشی لەڕی لاوەکەی دەڕوانی.

گەنجەکە، بەبێ هیچ ترسو لەرزێك، قسەکانی هێنابوویە سەر زار، تەنانەت خانی زۆرداریش، لە هەواونەوای دەنگی ئەودا، ترسو لەرزی بەدی نەکردبوو. هەر لەبەرئەوە، کەوتە ناو دەریای بیرکردنەوەوە.. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: (لە گەنجێکی وا ناوەشێتەوەو نایەتەوە، تا ئەم ئەندازەیە، ئازاو دانا بێت).

پاش چەند ساتێك، خانی زۆردار، سەری بەرز کردەوەو گوتی: (گەرچی گوفتارت، وەك ژاری مار بوو، بەڕووقاییمیو ڕوودارانە، وەڵامت دامەوە، بەڵام بێباکیو بوێریو وەڵامی ژیرانەت، ڕەسەنو پەسەند بوون.. تۆ بەم کارەت، توانیت خۆت لە چنگوچەپۆکی مەرگ، دەرباز بکەیت.. من بە نیازم، تەواوی خەڵکی ئەم ئاوایییە، بخەمە بەردەمی تیغی تیژی شمشێر، هەروەها خاکییان بە توورەکە بکێشمو تەفروتووناي بکەم). خان، لەپاش قاقایەکی بەرزو درێژخایەن، ئەنگوستیلە زێڕینەکەی، لە پەنجە دزێوو ناقۆڵاکەی دەرهێناو درێژەی بە قسەکانی دا: (ئێستە، شتێکم لێ داوا بکە، تا پێت بدەم).

دەستبەجێ گەنجی ژیرو دانا، وەڵامی دایەوە: (خانی گەورە سەلامەت بێت، ئەمن هەژارونەدارم، هیچ زەویوزارێکیشم نییە، سا لەبەرئەوە، داواکارم لە زەویوزاری ئەم ئاوایییە، پارچە زەوییەکم بە ئەندازەی پێستەی گایەك پێ بدەیت!)


خان لە داواکاریی گەنجەکە، زۆر سەری سوڕما، چونکە چاوەڕێی ئەوە بوو: داوای کیسەیەك زێڕوزیو بکات، خان دەستیکرد بە بیرکردنەوە، تا سەر لە هۆکاری ئەم داواکارییە دەربکات، بەڵام بە هیچ ئەنجامێك نەگەیشت، کەمێکیش بیری لەوە کردەوە، کە ڕەنگە لە جێیەکدا، بە ئەندازەی پێستەی گایەك، زێڕوزەمبەرێکی زۆروزەوەند، حەشار درابێت، بەڵام لەبەرئەوەی بەڵێنی بەگەنجەکە دابوو، کە داواکارییەکەی جێبەجێ بکات، هیچی دیکەی نەپرسیو گوتی: (زۆر باشە، هەتا سبەی دەرفەتت هەیە، ئەو پارچە زەوییەی دەتەوێت، دەستنیشانی بکەیت، چونکە سبەی، لەگەڵ یەکەم تیشکی هەتاودا، ناتوانیت شتێك بۆ خۆت پەیدا بکەیت. دیارە، ئەمنم خانی خانان، خاکتان دەکەم بە تۆزی بانان).

گەنجە ژیرو داناکە، خوداحافیزی کردو بەدڵخۆشییەوە بەرەو ئاوایی گەڕایەوە، تەواوی ڕووداوەکەی بۆ خەڵکی گێڕایەوە، ئەوانیش وەخۆ کەوتن، سەرەتا گایەکی دابەستەیان هێناو سەریان بڕی، پێستەکەیان داماڵیو کەوڵیان کرد، پاشان گۆشتەکەیان، بەسەر هەژارانی ئاوایییەکەدا بەخشییەوە.

گەنجە ژیرو داناکە، باشترین دەباغچییەکانی ئاوایی کۆکردەوە، داوای لێکردن، کە پێستەی گاکە، بە شێوەی تاڵ تاڵی باریك ببڕن. پاش ئەوە، هەر تاڵێك بەتاڵەکەی دیکەوە گرێ بدەن. ئەوانیش بەو پەڕی دەستوبردییەوە، دەستیان بەکار کرد، بە ماوەیەکی کەم، تاڵی باریکی ئێجگار درێژیان دروستکرد، بە هاوکاری یەکدی، هەموو خەڵکی ئاواییش، تاڵی باریكو درێژیان، بە دەوراندەوری ئاواییدا کێشا.

سبەی، شەبەقی، خانو لەشکرەکە، بە نیازی هێرش، هاتنە نزیك ئاوایییەکەوە، خان ناردی بەدوای گەنجە ژیرو داناکەدا، ئەویش یەکسەر، خۆی گەیاندە لای خانو بەرەو ئاوایی دەستی ڕاکێشاو گوتی: (ئەی خانی گەورە، پێستەی گایەك، هەر ئەو هێندە زەوییەی تێدا جێ بووەتەوە.)

خان، سەری لە ئاست ئەو هەموو داناییو ژیرییەی گەنجەکەدا سوڕما، چونکە چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد، لە بەرامبەر تاڵێکدا، کە لە پێستەی گا دروستکرابوو، دابمێنێتو چۆك دابدات، بەم هۆیەوە، خان فەرمانی بە لەشکرەکەی دا، کە هیچ زیانێك بە خەڵكو خاکی ئەو گوندە نەگەیەنن.



د. ابراهیم فەقێ | و: چیا عەبدوڵا

بکوژی بێدەنگ!

بەشی سێیەم

سێ ئاستی سەرەکی لە وتووێژی خوددا:

ئاستی یەکەم: ترساندنی ناوەکی:

ترساندنی ناوەکی لەمەترسیدارترین ئاستەکانی وتووێژی خودییە، ڕەنگە بتکاتە کەسێکی بێ هیوا، ڕەنگە هەستی بێ توانایيت بۆ دروستبکات، ڕەنگە کارەساتت بۆ دروستبکات، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەیشتن بە ئاواتو ئامانجەکانت، ترساندنی ناوەکی ئاماژەی لەم جۆرانەت ئاڕاستە دەکات: (من شەرمنم، من لاوازم، من لەبیرهاتنەوەی شتدا زۆر لاوازم، من ناتوانم کێشم دابەزێنم، زۆر هەوڵمدا بەڵام سەرکەوتوو نەبووم، من بەیانی ناتوانم زوو بەخەبەربێمەوە، من ناتوانم بەرامبەر جەماوەر بدوێم، من شێوەو ڕووخسارم جوان نییە... هتد).

خەڵك ئاماژەی نەرێنی زۆر دەنێرن بۆ عەقڵی ناوەوەیان، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دووبارەی دەکەنەوە تادەبێتە بەشێك لە بیروباوەڕی بەهێزو لە ئاکامدا کاریگەری دەبێت لەسەر هەستو شعورو هەڵسوکەوتی تایبەتیانو پاشان دەوروبەریان.

ئاستی دووەم: وشەی (بەڵام):

ئەم ئاستە لە وتووێژ لە ئاستی یەکەم باشترە، کەسێك دەڵێت من حەزم لە گۆڕانکاریە، پاشان دەڵێت (بەڵام)، بەداخەوە کە وشەی (بەڵام) ئاماژە نەرێنیەکانی پێش خۆی دەسڕێتەوە تا کۆتاییان پێدەهێنێت، بۆ نموونە: (من دەمەوێت کێشم دابەزێنم، بەڵام ناتوانم، من دەمەوێت واز لە جگەرەکێشان بهێنم، بەڵام دەترسم کێشم زیاد بکات، من دەتوانم بەیانی زوو بەئاگابێمەوە، بەڵام حەزم لێی نییە... هتد).

ئێستا ئەگەر من پێت بڵێم تۆ زۆر باشیت، بەڵام! ئایا لە دوای ئەو بەڵامە چی بەمێشکتدا دێت، وشەی (بەڵام) بەردەوام ئەوەی پێش خۆی دەسڕێتەوە، لەسەر ئەم شێوەیەش ئەو نامەو ئاماژەیەی کە عەقڵی ناوەوەت هەڵی دەگرێت، ئەوەیە کە (من ناتوانم)، وشەی (بەڵام) ئەو کەسانە بەکاریدێنن کە هەڵدێن لە بڕیاردانێکی کاریگەرانە، لە پێش وشەی (بەڵام)و(من ناتوانم) ەوە ترسێك هەیە، دەبێتە ڕێگر لەبەردەمی ئەو کەسەدا کە بگاتە ئامانجەکانی.

ئاستی سێیەمو کۆتایی: (قبوڵکردنی ئەرێنی):

ئەم ئاستە لە وتووێژی خودیدا لە بەهێزترین ئاستەکاندایە، لە هەمان کاتدا سەرچاوەیەکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆ متمانەبوون بە خودو ڕێزی تەواو لە خود، ئەو کەسە متمانەی بە توانای خۆیەتی لەسەرکەوتندا بڕوای بە توانای بەدەستهێنانی خەونەکانی هەیە.

چەند نموونەیەك لە (قبوڵکردنی ئەرێنی):

(من دەتوانم واز لەجگەرەکێشان بهێنم، من دەتوانم ئاواتەکانم بهێنمە دی، من بەهێزمو توانایەکی گەورەم هەیە، من کەسێکی زۆر باشم، من بیرهێنانەوەیەکی بەهێزم هەیە)..

ئەم نامەو ئامازە ئەرێنیانە پاڵپشتی هەنگاوە کرداریيەکانمان دەکات، متمانەمان زیاد دەکات تا ئامانجەکانمان بەدیدێنین، تا ئێستا باسمان لە (٥) سەرچاوەی سەرەکی کرد لە بەرنامەڕێژی خودی، سێ ئاستی وتووێژ لەگەڵ خوددا، بە ویستی خودا لە ژمارەی داهاتوودا باسی سێ جۆر لە وتووێژی خودی دەکەین..

لە ژێر ئەم دروشمەدا "گرووپی ئاسمان" بە هاوکاری "گۆڤاری بڕیار" خولێکی "٣٠ کاژێر"ی کردەوە، لە پێناو بنیاتنانی دایکێکی نموونەیی، بۆئەوەی بتوانێ منداڵێکی نموونەییو سەرکەوتوو بنیات بنێ، پێمان خۆشبوو چەند ڕاوبۆچوونێکی ئەو دایکانە بخەینە ڕوو کە بەشدارییان لە خولەکەدا کردووە، تا لە زاری خۆیانەوە بزانین چەند سوودیان لە خولەکە بینیوە، ئەمانە وتەی ئەو دایکانەن کە بەشدارییان لە خولەکەدا کردووە:

لەگەڵ هاوسەرەکەمدا:

- ئێستا شتگەلێك لە هاوسەرەکەم قبوڵ دەکەم، کە پێشووتر زۆر تووڕەیان دەکردم.

- بوومەتە ئەوینداری هاوسەرەکەمو زۆرترین خۆشەویستی بۆ دەردەبڕم.

لەگەڵ منداڵەکانمدا:

- بوومەتە هاوڕێیەکی باشی منداڵەکانم، ئێستا لێیان نادەمو زۆر میهرەبانم لەگەڵیاندا.

- هاوکارو هاودەمێکی باشیانمو چەندین ڕێگای زۆر سەرکەوتوویان لەگەڵ بەکاردەهێنم.

- ئێستا سەعییەکی چەند ناوازەو زیرەکانەیان پێدەکەم!!

- منداڵەکانم دەزانن چۆن هاوڕێی ژیانیان دیاری بکەن.

- ئێستا زۆر باشترن لە جاران، چونکە بەرنامەی ژیانیان هەیە.

- کێشەکانیان بۆ باس نەدەکردم، بەڵام ئێستا دێن لای دایە گیانیان کێشەکانیان باس دەکەن.

- هەر دایکێك ئەم پەروەردەیە پەیڕەو بکات، هەرگیز نائومێد نابێت لە منداڵەکانی.

لەگەڵ خۆمدا:

- ئێستا تووڕەییەکەم گۆڕاوە بۆ ئارامی.

- لە هەموو بوارەکانی ژیانمدا ئەم خولە گۆڕانکاری گەورەی هێنایە کایەوە!

- ئێستا دەزانم چەندە گەورەم، ئەرکێکی چەندە مەزنم لە ئەستۆیە!

- ئێستا بەختەوەرترین هاوسەرو دایکی زەویم.

چەندە کەسایەتیو هیممەتم بەرزە ئێستا!

راهێنەری خولەکە:

- نەرمو نیانیو دڵسۆزیو هەڵسوکەوتە جوانەکەی، گەورەترین سەرمەشقی ژیانمانە!

- کردارو گوفتاری چەندە سەرسامت دەکات؟!!

دایکە بەشداربووەکانی تر:

- ئەو کۆبوونەوە هەفتانەیە لەگەڵ کۆمەڵە دایکێکدا، ژمارەیەکی زۆر کێشەی بۆ چارەسەرکردم.

- خەمخۆری ئەم دایکانەم بینی بۆ منداڵەکانیان، شەرمەزاربووم لە ئاست کەمتەرخەمیم.

گرووپی ئاسمان:


- شانازییەکی گەورەیە ئەم گرووپەمان ناسی.

- تکایە لە هەموو بوارەکانی ژیان خول بکەنەوە، زۆر تامەزرۆین!

- خۆزگە هەموو دایکان ئەم خولەیان دەبینی!

- دەستی دایکان بگرن پێش ئەوەی منداڵەکانیان بە ڕێگای نارێکدا برۆن!

دایکێکی نموونەیی بنیات بنێ، کۆمەڵگایەکی نموونەیی بنیات دەنێت





لەناختدا بیفەوێنە.. بەڵام مەیمرێنە!!

شەیدا صابر

ئەی مرۆڤ تۆ بوونەوەرێکی زۆرناوازەی، کاری ناوازەش هەر لە مرۆڤە ناوازەکان چاوەڕوان دەکرێت، تۆ یەکێکی لە قەشەنگترینو جوانترینو ناوازەترین بەدیهێنراوەکانی خوای پەروەردگار، توانایەکی ماددیو مەعنەوی ئەوەندە بەهێزت پێبەخشراوە، بەکارەکانت دەتوانیت ببیە هۆکارێکی خێر، بۆ سوودگەیاندن بە ئەوانیترو کاری ئەوەندە سەرسوڕهێنەرو دانشمەندانە ئەنجام بدەیت، ژیرەکان سەرسامو مەدهۆش بکەیت.

ئاخر تۆ بوونەوەرێکی ئەوەندە سەرسوڕهێنەری تائێستا فەیلەسوفو ڕۆشنبیرو دانشمەندەکان، دۆش داماون لە ماهیەتت. لە توانا شاراوەکانی ناخت، تۆ بارێکی ئەوەندە قورست هەڵگرتووە کێوەکان لە ترسی شەقار شەقاربوونو نەیانتوانی بچنە ژێرباری، وەئاگاوەرەوە تواناشاراوەکانی ناخت وەئاگابێنە، خۆت بە بچووک سەیرمەکە، هەر کارێك گەر بتەوێت ئەنجامی بدەیت دەتوانیت، تەنها خۆتو توانا شاراوە سەرسوڕهێنەرەکانی ناخت بناسەو متمانەت بە خۆت هەبێت.

ئاخر تۆ بە دەستی خودا دروستکراویت، ئێستا دەزانی تۆچیت؟ کێیت؟ ئاخر پێت دەڵێن ئەی مرۆڤ تۆ جیهانێکی بچوککراوەیت لەم جیهانە گەورەدا، بەڵام من دەڵێم ئەی مرۆڤ تۆجیهانێکی ئەوەندە ئاڵۆزو گەورەیت لەم جیهانە بچوکەدا. بۆیە ناکرێت خۆت بچوك بکەیتەوەو خۆت بچوك دەرخەیتو ئەو تواناو تاقە مەعنەویو ماددیەیی پێت بەخشراوە نادیدەبگریتو نەتوانی لە شوێنی خۆی بەکاری بێنیت. ئەگەر هەر هیواو ئامانجێکت هەیە لە ژیان کە دڵنیام هەر یەکێك لە ئێوە دونیایەك فکرەو ئامانجی جوانی هەیە، کە دەتەوێت پێیان بگەیت، چونکە مرۆڤە بێ پلانو بەرنامەکان مرۆڤە مردووەکانن. مادام بەرنامەڕێژیتان بۆ کردوونو نەخشەتان بۆ کێشاونو کاری بۆ دەکەن هەرگیز نابێت لەمپەرو کۆسپەکانی بەردەم گەیشتن بە ئامانجەکانت ساردت بکەنەوە.

دواجار هەموو کارێك پێویستی بە هەوڵو کۆششە، هەموو هەوڵو کۆششێکیش پێویستی بە بەردەوامییە، هەموو بەردەوامییەکیش لەگەڵ باوەڕومتمانەبوون بەوەی بۆی تێدەکۆشی پێویستی بە ئارامگرتنە، دواجار هەردەگەی بە مەنزڵ. ئاخر ئەزموونەکانی ژیان فێری کردووین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان ڕێگەمان بۆ تەخت نەکراوە، فەرشی سووریشمان بۆ ڕانەخراوە، دەبێت تاڵو سوێرییەکانی ژیان ئەزموون بکەین، بەڵام مادام ئیرادەیەکی بەهێزو پتەوت هەیە ئامانجەکان هەر مەیسەر دەبن درەنگ، یان زوو. زۆرجار لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا هەوڵی گەیشتن بەئامانجەکانت داوە، بەڵام لەبەرئەوەی زەمەنو زەمین لەبارنەبووەو پێی نەگەیشتووین نابێت دووچاری داڕووخانو هیوابڕاوبوون بین، بەڵکو دەبێت مامەڵەیەکی ژیرانە لەگەڵ ڕووداوو پێشهاتەکان بکەین بۆ سازاندنی زەمینەی لەبارو تەختکردنی کۆسپو لەمپەرەکانی بەردەم گەیشتن بەوەی بەرنامەمان بۆ داڕشتووە.

بۆیە تا ئەو زەمەنو زەمینە لەبار دەبێت هیواو ئامانجەکانت لەناختدا بخەوێنە، بەڵام مەیمرێنە، ئاخریەکێك لە ماناو مەدلولەکانی مردن کۆتایی پێهێنانە، بەڵام دواجار گەرچەندیش بخەوی بە ژمارەی ڕۆژو ساڵەکانی یارانی ئەشکەوت، هەر دەبێت بۆ تەواوکردنی پەیامی مەنزومەی کەونی وەئاگابێیتەوە.

کەواتە مرۆڤی ژیرو سەرکەوتوو ئەو کاراکتەرەیە لەبەرئەوەی ژیان گەورەترین قوتابخانەیە، دەبێت لەو قوتابخانەیە فێربوو بین ئەگەر ئاڕاستەی با ئیمڕۆ تەریب بە خواستەکانی ئێمە نییە مانای کۆتایی ژیان نییە، بەڵکو ئێستا لەبەر کۆمەڵێك هۆکار کاتەکەی لەبار نییەو لە کارەکانمان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان سستی نانوێنینو لە کارناکەوینو چۆك دانادەینو بەڵکو بەردەوام لە کاردا دەبین بە توانایەکی مەعنەوی بەهێز، بۆئەوەی بتوانین بەسەر لەمپەرەکانی سەر ڕێگەماندا زاڵبینو بگەین بە خواستەکانمان. بۆیە پێت دەڵێم بەشێوەیەکی ژیرانە پلانو نەخشە بۆ ئامانجەکانی ژیانت دابڕێژەو هەر کات زەمینە لەباربوو، ئەوەی لەناختدا خەواندوتە وەئاگای بێنەو ئاوازی سەرکەوتن بەسەر کۆسپو لەمپەرەکاندا بچڕەو دەهۆڵی سەرکەوتن بکوتە.



مالیزیا

بڕیار دەدات..

عوسمان سەنگاوی

لە گەشتێکی تەنها یەك هەفتەییدا بۆ وڵاتی مالیزیاو تێڕامان لەو گەشـەکردنە هەمەلایەنەی کە ئەو وڵاتە بەخۆیەوە بینیوە، ڕاسـتەوخۆ هەسـت بەو ڕاستییە دەکەیت کە پێشکەوتنێکی بەوجۆرە دەبێت خاوەن بڕیارێکـی کاریگەر لە پشـت ئەم هەسـتانەوەو ڕاپەڕینـە ناوازەوەیە.. ئاشکرایە باسـکردن لە وڵاتیکی وەکو مالیزیا بە گەشتێکی کەم خایەنو کورتی یەك هەفتەیی ناگاتە ئەو ئاستەی کە هەموو شتێك دەربارەی ئەو وڵاتە ئاشکرا بکرێتو بخرێتە ڕوو، بەڵام ئەم چەند زانیارییەش مشتێکە لە خەرواری زانیاری گشتی مالیزیا.

ئـەم وڵاتـە یەکێکە لە وڵاتانی کیشـوەری ئاسـیاو بـە یەکێك لە وڵاتانی باشـووری ئاسـیا دەناسـرێتو لە ئێسـتادا زیاد لە (٢٨) ملیۆن دانیشـتوانەکەیەتیو دابەش دەبن بەسـەر (١٣) ویلایـەتو (٣) هەرێمی یەکگرتـوو کە کوالالامپور پایتەختی ئەو وڵاتەیە. نەخشـەی مالیزیا لە دوو بەشـی سـەرەکی پێکدێت، دەریای چین دەیکات بە دوو بەشـەوە، هەریـەك لە وڵاتانی ئەندەنوسـیاو تایلەندو سـەنغافۆرەو سـەڵتەنەی بڕۆنای هاوسنووری ئەم وڵاتەن. پێکهاتەی ئاین لە مالیزیا بەم جۆرەیە:

ئیسـلام ٦٠٪، بوزی ٢٠٪، مەسیحی ٩٪، هیندوسی ٦٫٣٪، چینی ٢٫٦٪، جیاواز ئاینی ١٫٥٪ ، بێ ئاین ٠٫٠٦٪.

چۆن مالیزیا گەیشتە ئەم ئاستە؟

مێـژووی مالیزیـا بـە چەندیـن قۆناغی جیـاوازی داگیـرکاریو جەنگو دواکەوتـوویو هەژاریدا گوزەری کردووە، بەڵام لە دوای ئەوەی بڕیـاری هەسـتانەوە دەدات، مالیزیا تۆزی دواکەوتویـیو هەژاریو ژێر دەسـتەیی لە خۆی دەتەکێنێتو لە ماوەی (٢١) سـاڵدا گەشـەکردنێکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت کە لە زۆر لایەنی پێشـکەوتندا لە ڕیزبەندی وڵاتانی یەکەمەکاندایە، تاکە وڵاتی موسوڵمانە کە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێشکەوتن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدانی دەوڵەت بە هاوڵاتی وەکو پلەی یەکەمی کاری حکومەت، لەبەرئەوەشە هاوڵاتی مالیزی هەست بەوە دەکات کە هەر گەشەکردنێك لەو وڵاتەدا ئامانج لە باشترکردنی گوزەرانی هاوڵاتییـە بە پلەی یەکەم، هەروەك یەکێك لە سـەرمایەدارانی عەرەب پرسـیار لە کرێکارێکی مالیزیا دەکات سـەبارەت بە نهێنی ئەو ئاستەی کە وڵاتەکەی پێی گەشـتووە؟ ئەویش لە وەڵامـدا دەڵێت: ئێمە داوامان لێکـرا ڕۆژانە تەنها هەشـت کاتژمێر کاربکەین، بەڵام لە خۆشەویسـتی وڵاتەکەمـان دوو کاتژمێـری دیکە کاری زیادەمان دەکـرد، چونکە هەر پێشکەوتنێك لە ئایندەدا بە سوودی هاوڵاتیان دەگەڕێتەوە!! بە گوێرەی ڕاپۆرتی گەشـەپێدانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ٢٠٠١ بـۆ (٣٠) وڵات کـە خاوەنی بەرهەمی کوالێتی بـەرزن، مالیزیا بە پلـەی نۆیەم هاتو کەوتـە پێش هەر یەك لە وڵاتانی ئیتالیاو سـویدو چین.

گەشـتیار لەسـەردانی ئـەو وڵاتـەدا چەندین نموونـەی جوانکاری پێشـکەوتن دەبینێت کە دەکرێت بڵێیـن زیاتر خزمەتی مرۆڤ لە پێش چاوگیراوە، هەر لە ئازادیو کرانەوەو پاکو خاوێنیو کاری ئازادو سستەمی هاتوچۆو گرنگیدان بە سەوزاییو بەرهەمی ناو خۆییو بینای هەور بڕو سـەنتەری بازرگانی کە لە ئێسـتادا ژمارەیان زیاد لە شەسـت سەنتەرە، کەرتی گەشـتیاری لـە مۆزەخانەو جەنگەڵی گـەورەو باخچەی ئاژەڵانی ناوازە، کە ئەو پەندەی لێ پەیدا بووە وەکو دەڵێن: (ئەگەر هەموو جیهان بگەڕێیت بۆ گەشت، تا نەچیتە مالیزیا گەشتت نەکردووە)!!

ئەو نموونانەی کە سـەرنجی ڕاکێشام زۆرن، بەڵام زیاتر ئەو چەند وێنەیە: هەردوو تاوەری دوانەی کوالالامپور کە پێش چەند ساڵێك تاکە دوو تاوەر بووە لە بەرزیدا لەسـەر ئاسـتی جیهـانو ڕۆژانە بەدەر لەو هەموو کارەی کە تێیدا ئەنجام دەدەرێت، بە هەزاران گەشـتیار سەردانی دەکـەن. نابیناکان لـە مالیزیـا خزمەتێکی زۆر جوان کراونو لەسـەر زۆربەی شۆسـتەکاندا ڕێگەیەکی تایبەتیان بە کاشـییەکی ڕەنگ زەردی بەرزبـووەوەی شـێوەی درێژ بۆ دابین کراوە، نابینا بە گوێرەی هەسـتی ئەوەی کە بەسـەریدا دەڕوات دەزانێت کە ئەوە ڕێگەی ئەوەو کەسـێکی دیکـەی پێدا نـاڕوات، لەگەڵ تەواو بوونـی ڕێگاکە، یـان پێچکردنەوە شـێوازی کاشـییەکە دەگۆڕێت بۆ هێلکەیی کە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە پێچکردنەوە، یان کۆتایی شۆستەکەیە!! نێوانی شەقامەکان کە تەنها یەك مەتر پانتاییەتی، ئەم نێوانە سوودی لێوەرگیراوە بۆ ئەوەی کە بە پایەی تۆکمە بەرز کراوەتەوە بەبەرزی شـەش مەتر بۆ ئەو شەمەندەفەرانەی هاوڵاتیان دەگوێزنەوە بۆ شـوێنە جیاوازەکانی کوالالامپور، مزگەوتەکان لە جوانیو بیناسـازیدا زۆر دەگمەنو کـەم وێنەنو بە خزمەتن لە نێو ئەوانیشدا مزگەوتەکانی ناوچەی (بوترا جایا)و مزگەوتی (توانکو میزان زین العابدین) نمونەیەکی زیندووە.

ئەمانە ئەو ڕاستیە دەخەنە ڕوو کە گەشەو پێشکەوتنی هەر وڵاتێك، پەیوەسـتە بـە چەند هۆکارێك، کـە گرنگترین هۆکاریـش بریتییە لە بڕیاردانێکـی ژیرانەو کارکردنێکی بە ئامانج کـە مالیزیا ئەو بڕیارەی بەسەرکەوتویی کردە کار بۆ خزمەتکردنی وڵات..



ژیان تاقیگەیە!

ن: جاك كانفیلد / و. لە ئینگیزییەوە: شكار نازدار

هەموو كەس خەونی هەیە، بەڵام زۆرێك لە ئێمە لەبیری دەكات، یان بە هۆی بێ ئومێدی، ڕەتكردنەوە، كەمی پەرەپێدانی، وازی لێدەهێنێت.

ئەوە حەزی سروشتییە كە وامان لێدەكات خۆمان لە ئازار دووربخەینەوە، بەم هۆیەوە نكوڵی لە خەونەكانمان دەكەین لە ترسی بە دەستنەهێنانی كەسی پێوست، سەرچاوە، هەل، كە پشتگیری خەونەكانمان بكەن.

من دەمەوێت لێرەدا هاوبەشیتان بكەم لەم چیرۆكە كورتەی كە بە سەر هاوڕێم (كاسرین لانیگان)دا هات.

لەو كاتەی كە ئەو خوێندكاری زانكۆی هارڤارد بوو، یەكەم كورتە چیرۆكی نووسی بۆ یەكێك لە پرۆفیسۆرەكانی لە زانكۆكە، پرۆفیسۆرەكە پاش پێدانی نمرەیەكی زۆركەم، قەناعەتی بە كاسرین كرد، كەوا هیچ بەهرەیەكی چیرۆكنووسی تێدا نییە، ئەوە بووە هۆی ئەوەی كاسرینش بۆ ماوەی ١٣ ساڵ هیچ نەنووسێ.

دواتر، ڕۆژێك كاسرین لە شارۆچكەكەی خۆیان سەردانی ستافێكی فلیمسازی كرد، كاتێك ئەو حەزی زۆری خۆی بۆ نووسین لای چیرۆك نووسێكی ستافەكە دەربڕی، ئەویش لە وەڵامدا پێی گوت: "زۆر بەداخەوەم بۆت، ئەگەر بتویستایە ببیتە نووسەر، ئەوا دەبوایە بەردەوام بیت لە نوسین».

بەڵام كاتێك كاسرین بۆی ڕوونكردەوە كەوا چۆن مامۆستاكەی بێ ئومێدی كردووە، چیرۆكنووسەكە وەڵامی دایەوە: "مامۆستاكەت كەسێكی ئەكادیمییە؟ ئەو چی دەزانێ؟ من بۆ بژێوی خۆم دەنوسم، دەزانی چی بكە؟!

بچۆرەوە ماڵەوەو شتێكم بۆ بنوسەو بۆم بنێرە، ئەو كات من پێت دەڵێم كە ئایا تۆ خاوەنی بەهرەیت لە دونیای بازرگانی ئەدەبو هونەردا، یان نا.

ساڵێك دواتر، كاسرین ڕۆمانەكەی تەواو كردو ناردنی بۆ چیرۆكنوسەكە، ئەو چیرۆكەكەی بە دڵ بوو، ناردی بۆ بریكارەكەی لە نیوۆرك، هەروەها بریكارەكەشی بە دڵی بوو، بە كاسرینی وت: "دەتوانێ كارەكەی بڵاو بكاتەوە».

ئەوەش بووە یەكەمین ڕۆمانی كاسرینو دواتریش چەندین ڕۆمانی بە دوای خۆیدا هێنا كە دیارترینیان بریتین لە:
(Romancing the Stone) و(Jewel of the Nile)
دواتر كرانە شێوەی وێنەی جوڵاو (ئەفلام كارتۆن).

ئایا خەونێك هەیە كە لە قوڵایی ناختدا ناشتبێتت؟

ئەگەر وایە، ئەوا تۆ بزانە كە قەرزداری خۆتی —لەگەڵ جیهان— ئەگەر دەرینەبڕیتو هەوڵی بەدەستهێانی نەدەی!

یەكەم تۆ دەبێت لەگەڵ خەونەكەتدا پەیوەندیت هەبێت، كاتێك ئەم پەیوەندییەت لەگەڵ ناخی خۆتدا پەیدا كردو خۆتت دۆزییەوە، ئەوا بزانە كە خەونەكەت پاڵت پێوە دەنێتو ڕێگەت پێدەدات، كەوا بەسەر تەواوی ئەو بەربەستانە زاڵ بیت، كەوا دێتە ڕێگەت، ئیتر هەر چەندە گەورەش بن.

دووەم فیدباك لە كەسانێكی زۆر كۆبكەرەوە، (بەڵام ڕێگە مەدە ڕای كەسێكی تر خەونەكەت بخاتە گۆڕەوە! وەك ئەوەی بەسەر كاسرین هات بۆ ماوەیەكی زۆر). لە كاتێكدا كە تۆ پیشەیەكی نوێ دەستپێدەكەی، پێشنیازی پرۆژەیەك دەكەیت بۆ ئەو شوێنەی كاری لێدەكەیت، پرۆگرامێكی كۆمپیوتەری دروستدەكەیت، ئەوا بە ئەندازەی پێویست فیدباك كۆبكەرەوەو پێوانەی بكە، پاشان شوێن پاڵنەرەكانت بكەوە.

لە كۆتاییدا دەست بكە بە ئەنجامدانی كارگەلێك كە هەرگیز پێشتر پێی هەڵنەستاویت، كاتێك منداڵ بووین هەموو شتێكمان تاقیدەكردەوە، بەڵام ئێستا؟ ئەمڕۆ ئەگەر منداڵێك كۆمپیوتەرەكەی كێشەیەكی هەبێت، ئەوا بە بێ ترس دەست دەنێت بە تەواوی دووگمەكانی كۆمپیوتەرەكە بۆئەوەی بیخاتەوە كار، بەڵام زۆرێك لە گەورەكان كاتێك شتێكی وا ڕوودات، ئەوا دەترسن كە وا دەست لە دوگمەی هەڵە دابنێنو كۆمپیوتەرەكەیان تێكبچێت!



دەریاوانێکی ژیر

ئالانی

پیاوێك پرسیاری لە دەریاوانێك کرد: باوکت لە کوێ کۆچی دوایی کرد؟

دەریاوانەکە وتی: لە دەریا!

پاشان پرسی: ئەی باپیرت لە کوێ کۆچی دوایی کرد؟

دەریاوانەکە بە هێمنی وەڵامی دایەوەو وتی: ئەویش هەر لە ناو دەریا ماڵاوایی لە ژیان کرد!

پیاوەکە ئارامی لێبڕاو زۆر بەسەر سامییەوە هاواری کردو وتی: ئایا دوای ئەوەش کە باوکتو باپیریشت هەر لە نێو دەریا کۆچی دواییان کردووەو ماڵاواییان لە ژیان کردووە، هێشتا تۆش هەمان پیشەی باووباپیرانت ڕەچاو دەکەیتو بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانت هەر پشت بە دەریا دەبەستیت؟ بە واتایەکی دیکە هێشتا تۆ دەڕۆیتە نێو دەریاو هەمان ئەو کارە دەکەیت کە باووباپیرانت ئەنجامیان داوە!؟

دەریاوانەکە زەردەخەنەیەکی کردو هەمان ئەو پرسیارانەی ئاڕاستە کرد: وتی: ئەی باشە تۆ باوکت لە کوێ کۆچی دوایی کرد؟

پیاوەکە وتی: لەسەر جێگە..

دەریاوانەکە: ئەی باپیرت لە کوێ کۆچی دوایی کرد؟

دووبارە وەڵامی دایەوەو وتی: ئەویش هەر لەسەر جێگە!

دەریاوانەکە ئاوڕی دایەوەو وتی: باشە دوای ئەوەش باوکتو باپیرت لەسەر جێگەی نووستن ماڵاواییان لە ژیان کرد، هێشتا تۆ لەسەر جێگە دەخەویت؟!

ئەگەر ویستت کارێك بکەیت، پشت بە خودا ببەستەو مەترسە..

ئەگەر ڕۆژێك هەستتکرد، کاروبارو بارودۆخی ژیانت سەخت بووە، داوا لە پەروەردگار بکە تا کاوربارت بۆ ئاسان بکات..

هەرگیز بۆ کەمی ڕزقو سەختی پەیداکردنی نیگەران مەبەو مەترسە، چۆلەکەکان لە نێو هەڵۆکاندا ڕزقی خۆیان پەیدا دەکەن..

ئەوەش بزانە کە خودا ئاگادارە، بەوەی چاو دەیبینێو ئەوەش لە دڵەکاندا خۆی پەنهان داوە..

مادام لە ژیاندایت سوپاسگوزاربە، بزانە کە دنیا چەند ڕۆژێکە دێتو دەڕوات..

ئەم پەیامە ئەوەمان یاد دەخاتەوە، کە ئێمەی مرۆڤ خاوەنی هەر پیشەیەك بین، لە هەر پۆستو پلەو پایەیەکدا بین، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە ژیان بگوزەرێنین، ئاکامو سەرەنجاممان ماڵاوایی کردنە لە ژیان.. کەواتە نایەوێت لە مردن بترسین، چونکە ئەوە ڕێگەو ڕێبازی هەمووانە، مرۆڤی ژیرو هۆشمەند لە بری ترسان لە مەرگ خۆی بۆ ئامادە دەکاتو بە توێشوی پڕو ئاکاری جوانەوە پەڕاوەکانی ژیانی دەنەخشێنێتو هەر ساتو کاتێکیش مردن یەخەی گرت، بەسەربەرزییەوە پێشوازی لێدەکات، چونکە خۆی بۆ ئامادە کردووە..

کەواتە خاوەنی هەر پیشەیەك بین، لە دەریا، یان لە وشکانی، لە ئاسمان، یاخود لە زەوی، کۆتاییەکەی جێهێشتنو ماڵاوایی کردنە لە ژیان.. ئەو شتەی بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوەو لە پاش مردنیو سوودی پێدەگەیەنێت، تەنها کردەوەی چاكو ئاکاری جوانە!

سەرچاوە: saamr-sary.forum-log.com



ئاوی شیرین

ئەم هەسارەیەی ئێمە لەسەری دەژین، نزیکەی سێ بەشی ئاوەو یەك بەشی وشكانییە، هەسارەیەكی ڕەنگ شینە، ڕەنگە (ئاو) باشترین ناو بێت بۆ ئەم هەسارەیەی ئێمە لە جێگەی وشەی زەوی. هەرچەندە بەشی هەرەزۆری ئاوە، كەچی ناتوانین بەكاری بهێنین، ئەگەر هەموو ئاوی زەوی بكەینە ١٠٠ پەرداخی زۆر گەورەوە، ئەوا ٩٧ پەرداخیان ئاوەكەی سوێرە كە هی دەریاكانە، تەنها سێ پەرداخ ئاوی شیرین بۆ ئێمە دەمێنێتەوە، دوو لەو پەرداخانەش سەهۆڵنو دەكەونە هەردوو جەمسەری زەوییەوە، ئەو پەرداخەشی دەمێنێتەوە نیوەی ئاوی ژێر زەوییە، ئەو نیوەیەی كە ماوەتەوە بەشی هەرەزۆری ناخاوێنە، ئێمە دەتوانین ٠،٠٠٥٪ ئاوی زەوی بخۆینەوە.

هەموو كەسێك دەیەوێت ئاوی خاوێنی هەبێتو بەكاریبهێنێت، ئاوی خاوێن لە كوێوە دێت؟ بەدڵنیاییەوە ئاوی خاوێن لە بارانەوە دێت، ئایا ئاوی باران خاوێنە، یان نا؟ ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێت، ئاوی باران خاوێنە؟! دەتوانین بیخۆینەوە؟ بە زۆری وەڵامەكە (بەڵێ)یە، تۆ بیر لە باران بكەرەوە، پاش هاتنە خوارەوە، ئاوی جۆگەلەو ڕووبارەكان تازەن، بەڵام هەموو كاتێك خاوێن نین، چونكە ئاوی ناخاوێنی شارەكان، كارگەو كێڵگەكان تێكەڵ بە ڕووبارەكان دەبن، بۆیە دەبێت ئاو خاوێن بكەینەوە پێش ئەوەی بیخۆینەوە.

كاتێك پارچە جلێكی تەڕ لە هەوایەكی گەرمدا هەڵدەواسیت، وشك دەبێتەوە، یان پاش باران بارین ڕێگە خاكییەكان دەبن بە قوڕاو كەچی دواتر وشك دەبنەوەو ئاوەكەی دەچێتە هەواوە، گەرمی خۆر ئاوی سەر ڕووی زەویو دەریاچەو دەریاكان دەكاتە هەڵم، هەروەها هەوا دەتوانێت بڕێكی زۆر ئاو لە دەریاكانەوە هەڵبگرێت، ئەم ئاوە پاكە(شیرینە) خوێی تێدا نییە، خوێ لە دەریاكاندا بەجێ دەمێنێت، هەوای گەرم دەتوانێت بڕێكی زۆر ئاو هەڵبگرێت وەك لە هەوای سارد، هەواگەرمەكە بە هۆی باوە دەگوێزرێتەوەو كاتێك دەگاتە ناوچە بەرزەكان (شاخاوییەكان) بەرزتر دەبێتەوە، هەواكە ساردتر دەبێتو دەستدەكات بە ونكردنی ئاو، ئینجا ئێمە هەور دەبینین، هەورەكان ساردترو تاریكتر دەبن، ئاوەكە قورستر دەبێتو ئینجا دەست دەكات بەبارین بەشێوەی باران، ئەگەر هەوا زۆرساردتر بێت بەفر دەبارێت، باران، یان بەفر، دەكەونە سەرزەویو بەشی زۆری دەڕژێتە ڕووبارەكانەوە، هەندێكیشی دەبێتە ئاوی ژێر زەوی، ڕووبارەكانیش دەچنە دەریاوە، بەم شێوەیە پرۆسەكە دووبارە دەبێتەوە.

بە وردبوونەوە لە باران بارین تێدەگەین، ئاوی باران خاوێنە، بەڵام كاتێك هەوا گەرمو شێدارەكە بەناو دووكەڵو هەوای ناخاوێنی سەركارگەكاندا دەڕوات، دەبێتە هۆی پیسبوونی ئەو ئاوەی هەڵیگرتووە، لە پاش بارین دەردەكەوێت بارانەكە ئاوەكەی ناخاوێنەو دەبێتە هۆی لەناوبردنی گژو گیاو درەختەكانو كوشتنی ماسی جۆگەلەكانی ئەو ناوچەیەی لێی دەبارێت، چونكە بارانێكی ترشو ناخاوێنە.

ترشە باران كێشەیەكە لەگەڵ دروستكردنی كارگەكاندا سەری هەڵدا، بە جۆرێك هەندێجار ڕادەی ترشییەكەی نزیكبوو لە ترشی باتری ئۆتۆمبێل، وەك ئەو بارانەی لە ساڵی ١٩٧٩ لە ویلایەتی ڤێرجینیای ئەمەریكا باری.. ترشە باران دەبێتە هۆی توانەوەی شوێنەوارە مێژووییەكان، خێراكردنی ژەنگهێنان، تێكدانی ڕەنگی دەرەوەی باڵەخانەكانو كوشتنی ماسیو درەختەكان.

خێرا زۆربوونی دانیشتوان، خراپ بەكارهێنانی ئاوو تێكچوونی كەشو هەوا، كۆمەڵە گرفتێكن دەبێت بەهەند وەربگیرێن بۆ چارەسەركردنی كێشەی بێ ئاوی لە داهاتوودا، ئاوی خاوێن كێشەی داهاتووی زۆر لە وڵاتانە، لە كاتێكدا كوردستان ڕێژەیەكی باش بارانی لێدەبارێت، بەڵام ئەگەر بە درووستی مامەڵەی لەگەڵدا نەكرێتو بەرنامەی بۆ دانەنرێت تووشی پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەكان دەبینەوە لە داهاتوودا بە ئاوی ژێر زەویشەوە، بەتایبەتی خاوێنكردنەوەی ئاوی ناخاوێنی كارگەو ماڵان، لە هەمان كاتدا ئاسایشی ئاو پرسێكی گرنگی زۆر لە وڵاتانی ناوچەكەیە، وڵاتانی دراوسێ پرۆژەی گەورە لەسەر سەرچاوە ڕووبارییەكان دروستدەكەن، بۆیە دەتوانرێت وەك سەرچاوەیەك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی سوودی لێوەربگیرێت.


جەلال عەبدوڵا حاجی




پەروەردە











ژیان فێری کردم

ژیان فێری کردم

ئەگــەر هەنگاوێك بۆ دواوە گەڕایتــەوە بێ هیوا مەبە، لە یادت نەچێت تیر پێویســتە بیگێڕیتە دواوە، بۆئەوەی بە بەهێزی بەرەوپێشەوە بڕوات.

ژیان فێری کردم

هەرگیز حەســودی بە کەســێك مەبە کە خودا نیعمەتێکی پێبەخشیوە، چونکە تۆ نازانی خودا چ نیعمەتێکی لێوەرگرتۆتەوە، هەرگیــز خەمبار مەبە ئەگەر خودا نیعمەتێکــی لێوەرگرتیتەوە، چونکــە تۆ نازانی لە بری ئەو نیعمەتە، خودا چ نیعمەتێکی ترت پێدەبەخشێت! کەواتە لە هەموو بارودۆخێکدا سوپاسی خودا بکە!

ژیان فێری کردم

لــە ژیانــدا پارێزگاری لە دوو حیکمــەت بکەو هەرگیز لە یادیان مەکە:

یەکــەم: هەرگیز هــەوڵ مەدە بگەیت بە کەســێك، کە ئەو هەوڵ نادات بگات بە تۆ!

دووەم: جەنــگ لەگەڵ جیهانــدا مەکە، لە پێناوی مرۆڤێك، کە تەنانەت ناتوانێت جەنگ لەگەڵ خۆبەگەورە زانییەکەیدا بکات لە پێناوی تۆ!

ژیان فێری کردم

هەندێــك مرۆڤ وەکو مانــگ وان، لــە دوورەوە ڕووناکنو دەدرەوشــێنەوە، بــەڵام کاتێــك لێیــان نزیك دەبیتــەوە ئەو کات دەزانیت کە چەندە تاریکن!

ژیان فێری کردم

هیچ کات ئەم دوو پەندە لە یاد مەکە:

یەکەم: کاتێك لە لوتکەی توڕەییدا بوویت، بڕیار مەدە.

دووەم: کاتێك لە لوتکەی خۆشــحاڵیو شــادومانیدا بوویت، بەڵێن مەدە!

ژیان فێری کردم

قسەکردن لەگەڵ خەڵکیدا وەکو دروومان وایە، تۆ بەکرەکەیتو قسەکانت دەرزییە، ئەگەر بە چاکی دروومان بکەیت، جلوبەرگێکی نەخشینو ڕازاوەو قەشــەنگ دروست دەکەیت، بەڵام ئەگەر هەڵەت کردو بە باشی دروومانت نەکرد، ئەوا تەنها خۆت بریندار دەکەیت.

ژیان فێری کردم

عەقڵو ژیری مرۆڤ بە درێژی تەمەن ناپێورێت، چەندین منداڵــی بچــووك هەیــە، خاوەنی عەقڵێکــی داهێنــەرو گەورەن، چەندین بە گەورەو بە تەمەنیش هەیە، خاوەنی عەقڵێکی بەتاڵن!

ژیان فێری کردم

حەوانەوەو پشــووی جەســتە لە کەمی خۆراکدایە، ئارامی دەروون لە کەم خەوتندایە، پشووی دڵ لە کەمی خەمو خەفەتدایە، حەوانەوەو ئارامیو پشووی زمانیش لە کەم قسەکردندایە.

ژیان فێری کردم

پێویســت نییە هەوڵبدەیــت هاوڕێی زۆرو بــۆرت هەبێت، بۆئەوەی ببیتە کەســێکی ناســراو، خۆ شــێر بە تەنهــا دەڕوات.. سەرنج بدە مەڕیش بە کۆمەڵ دەڕۆن!

ڕۆڵی دایەنگەکان لە پەروەردەی نەوەکاندا

خۆشەویستان بێگومان چاوەڕوانی باسو بابەتێکی نوێ دەکەن سەبارەت بە تەندروستی دەروونی منداڵەکانتان، کە زیاتر لە حەڤدە ژمارەیە لەم گۆشەیەدا گەڕاوین بە شوێن باشترین ڕێگادا بۆ بەرهەمهێنانی منداڵێکی تەندروست، تا بە ئێوەی ڕێزداری بناسێنین، لە یادتان نەچێت بەرپرسیاری پەروەردەی منداڵ تەنها لە ئەستۆی دایکو باوکدا نییە، بەڵکو دایەنگەکانو خوێندنگاو ڕاگەیاندنو خزمانو خانەوادە... هەمووان بەرپرسن، لەم ژمارەیەدا باس لە ڕۆڵو گرنگی دایەنگەکان دەکەین کە زۆرێك لە دایکان بە هۆی کاری دەرەوە ناچارن بەوەی منداڵەکانیان بنێرنە دایەنگەکان، بەداخەوە دادەکان لە بیریان کردووە کە ئەوان دایکی دووەمی منداڵەکانن، کاری پیرۆزی دایکایەتییان لە ئەستۆگرتووە، دایەنگە تەنها شوێنێك نییە بۆ چاودێری منداڵ تا دایك لە دەوام دەگەڕێتەوە، بەڵکو مەڵبەندی پێگەیاندنو پەروەردەی نەوەکانە دەبێ شوێنی پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکان بێت شوێنی زانستو گەشەی منداڵو کرانەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتیو چالاکیو ...، دەرخستنی بەهرەو چاندنی تۆوی ئازایەتیو ڤارەمانێتییو متمانە بەخۆبوونە، کەواتە پێویستە لە ڕووی دادەو مامۆستاو بیناو شوێنو کەلوپەلو خۆراکەوە... تایبەتمە ندبێت.

لە ڕووی جوگرافیاو شوێنەوە دەبێت شوێنیك بێت دوور لە کارگەو شوێنی بەرهەمهێنانو پیشەسازی، دوور لە شەقامی گشتیو شوێنی قەرەباڵغیو ژاوەژاو، لە ڕووی کەلوپەلەوە قابیلی شکانو ئازاردانی منداڵ نەبێت، شوێنی فراوان بێت هەر منداڵێك بتوانی جوڵەی خۆی بکات بە ئازادانە، بوونی ڕاڕەویو داخراو لە وەرزی ساردا سودی لێ وەربگیرێت، بوونی باخچەو جۆلانەو خلیسکێنەو یارییە گونجاوەکانی ئەو تەمەنە لە خۆبگرێت، لە یەك نهۆم پێکبێت، بوونی لیژنەی تایبەت بەچاودێری تەندروستیو ئامادەکردنی خواردنو بوونی پاکوخاوێنی تەواو لە تەواوی شوێنەکانو خۆراکو یارییەکاندا... ئەو مامۆستاو دادانەش پێویستە کۆمەڵێك مەرجیان تێدا بێت، وەك کەسێکی هێمنو ئارام بن دوور لە بوونی هەر کێشەیەکی دەروونیو ئاکارو هەڵسوکەوت، شارەزابن لە پەروەردەی منداڵو بە خواستی خۆیان ئەو پیشەیان هەڵبژاردبێت توانای یاریکردنو چیرۆك گێڕانەوەو مامەڵە لەگەڵ کردنی منداڵیان هەبێت، توانای دۆزینەوەی بەهرەی منداڵەکانیان هەبێت، تەمەنی منداڵی دایەنگەکان تەمەنێکی زێڕینەو نابێت فەرامۆش بکرێت، زۆر گرنگە کە پەروەردەو فێرکردن یەکەم ئامانجی دایەنگەکان بێت، هەریەك لەو دادەبەڕێزانە بەچاوی دایکایەتییەوە بۆ ئەو منداڵانە بڕوانێتو لە سەروی هەموو فێرکارییەکانەوە سۆزو ئەوین ببەخشێت بەو منداڵانە تا لە هێمنیو ئارامیدا بن تا ئەگەڕێنەوە لای دایکی یەکەمیان، لێرەوە پێشنیار دەکەین بۆ بەڕێوەبەری دایەنگەکان کە ڕاوێژ بکەن بە کەسی پسپۆڕ لە بواری پەروەردەی منداڵو لە هەوڵی ئەوەدابن خولی تایبەت بۆ دادەکانیان بکەنەوە، تابتوانن بە شێوازێکی باشتر مامەڵە لەگەڵ منداڵەکاندا بکەن، جیاوازییەکانی منداڵ بزانن ڕێگای تێگەیشتنی هەر منداڵێك جیاوازە بە پێی ئەو ژینگەو خێزانە تابتوانن بچنە دەروونی منداڵەکان ببنە نموونەیەکی جوان لەو بوارەدا بەسەرکەوتوانە لە پرۆسەیەکی بەرزو پیرۆزی وەهادا ببنە دایکێکی نموونەیی، کتێبو چیرۆکی تایبەت ئامادە بکەن بۆیان وەك پرۆگرامێکی تایبەت بەو تەمەنە.

بۆ ئەم مەبەستەش گۆڤاری بڕیارو خاوەنی گۆشەی منداڵێکی تەندروست، ئامادەی هەر هاوکاریو کردنەوەی خولو دانانی پرۆگرامی تایبەتە بەو بوارە!



گولاڵ حەمەئەمین

بێگەرد فارس



بەختەوەری بریتی نییە لە ڤێلاو کەمالیات!

ماوەی حەوت مانگ بوو مشتو مڕبوو لەسەر داخوازی کاری خوشکەکەیان بەهۆی ئەوەی کەمدەرامەتو هەژاربوو، هەرچەندە کاری مامۆستایی دەکرد، بەڵام ئەوان دەیانگوت کەس‌و کاری نییەو لە ئاستی خێزانەکەی ئێمەدا نییە، خوشکەکەشمان چەندین کەسی تر ئاواتە خوازن هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەن، ئیتر بۆچی ببێتە خێزانی کەسێکی هەژار، بەڵام باوکی بە ئەزموونیان سووربوو لەسەرئەوەی ئەو هاوسەرگیرییە ئەنجام بدرێ، لەبەرئەوەی دەیزانی کەسێکی بە ڕەوشتو بەدینەو ئەگەر کچەکەی خۆشبوێ، ئەوا ژیانی خۆشدەکات، ئەگەریش خۆشی نەوێ ڕێزی لێدەگرێتو ستەمی لێناکات، هەرچۆنێك بوو هاوسەرگیرییەکە سەریگرت، چۆن هاوسەرگیرییەك! لە خانوویەکی بچووکدا کە نە ڕووناکی نە گەرمی خۆری لێ نەدەدا، براکان دڵنیابوون لەوەی خوشکەکەیان تەنها چەند هەفتەیەك ئارام دەگرێتو بە یەکجاری دەگەڕێتەوە، بەڵام چاوەڕوانی درێژەی کێشاو بەسەردان نەبێت خوشکە نەگەڕایەوە لایان، کاتێك سەردانی ماڵی خوشکەکەیان کرد سەرسام بوون بە ڕەفتاری جوانو ڕێزی بێ پایانی زاوای هەژار بۆ خوشکەو براکانی، هەر بە دیتنیان هەستیان کرد ماڵە گچکەی بێ کەمالیات زۆر دەوڵەمەندە بە بەختەوەری‌و ئاسوودەیی‌و ڕێزو خۆشەویستی، لە کاتێکدا ئەوان لەناو ڤێلاو ئەوپەڕی هۆکارەکانی ماڵو سامان بوون، بەڵام زۆر هەژارتر بوونو بێبەشبوون لەو سۆزو خۆشەویستییەی کە دڵەکان ئارامو ئاسوودە دەکات، سەرەڕای گلەیی‌و گازندەی بەردەوامی هاوسەرانیان، تێگەشتن کە خانووی گەورەو دەوڵەمەندی هۆکاری بەختەوەری نین، چونکە ماوەیەکی کەم بوو خوشکە گەورەکەیان لە بەرامبەر ئازادبوونی لە هاوسەرە دەوڵەمەندە بەد ڕەفتارەکەی وازی لە هەموو مافەکانی خۆی هێناو گەڕایەوە ماڵی باوانی، پەشیمانییەکی زۆر دایگرتن بە تایبەتی کە دەیانبینی زاواکەیان زۆر بە هەڵوێستەو لەهەر ساتێکدا زۆر بە ڕێزەوە هاوکاری دەکردنو هەر گیروگرفتو کێشەیەکیش ڕووی بدایە یەکەم کەس بوو بە ڕاوبۆچونە گونجاوەکانی پێشنیاری چارەسەری دەکرد.

ڕۆژگار هاتو چوو، مامۆستای هەژار باری دارایی زۆر باشبوو، لە ماڵە خۆرنەدیوەکەی بۆ ڤێلایەکی گەورەو نزیك ئاوێکی سازگار گواستیانەوەو ژیانێکی زۆر خۆش‌و ئاسوودەیان دەگوزەراند، یەکێك لە براکان دەڵێت لەو سەردەمە خوشکەکەم یەکەم ئافرەت بوو کە ئۆتۆمبێلی خۆی هەبوو، براکان زۆر پەشیمان بوون لەو هەڵوێستەیان، چونکە ستەمیان دەکرد لە کاتێکدا ئەگەر نەیانهێشتایە ئەو هاوسەرگیرییە سەربگرێت، ڕۆژ بەڕۆژ خۆشەویستییان بۆ زیاد دەبوو، بۆ هەر پرس‌و ڕاوێژێك هانایان بۆ دەبردو ئەویش بەوپەڕی ڕێزەوە هاوکاری دەکردن.

بەداخەوە لە ئێستادا زۆرێك لە گەنجانمان بەهۆی کەمدەرامەتییەوە بێ هاوسەرگیری ماونەتەوە، تەنها لەبەرئەوەی سەرەتا ناتوانن هەموو داواکارییەکان جێبەجێ بکەن، بەرامبەریش بەو برە کەمە ئامادە نییە ژیان پێکبهێنن، بەڵام بێگومان هەڵەیەکی گەورە دەکەن، لەبەرئەوەی بەختەوەری خێزانەکان بە هەموو سەروەتو سامانی دونیا نایەتە کڕین.



عیشقی دڵی ئەهلی دڵ

نێچیروان حەمەد

ئەگەر سەیری خۆشەویستی بکەین لە هەموو کاتو شوێنێك دەبێتە دوو بەش:

یەکەمیان: خۆشەویستی خۆپەرستی، دووەمیان: خۆشەویستی خۆنەویستی.

لەوەی یەکەمیان خۆشەویستێکی جنسی دەگرێتەوە، چونکە ئاشق لەوەی یەکەمیان تەنها بیر لە خۆی دەکاتەوەو هەر لەبەر خۆشیەتی کە مەحبوبەکەی خۆشدەوێت، بەڵام لەوەی دووەمیان ئەوپەڕی دڵسۆزی تێدایە چونکە گرنگ نییە مەحبوب، یان مەعشوق بۆ ئەو سوودی دەبێت، یان نا، گرنگ ئەوەیە یار دڵی خۆش بێت، با ئەو دڵخۆشییەش زەرەر بە عاشق بگەیەنێت، بۆیە ئەگەر سەیری وتەو هۆنراوەکانی ئەهلی دڵ بکەین ئەوە بەڕوونی خۆشەویستی، یان عیشقی خۆنەویستی ڕەنگ دەداتەوە، هەر دڵسۆزی بۆ یار یەکێکە لە سیفەتەکانی ئەهلی دڵ، ئێمە ناتوانین لێرە باسی هەموویان بکەین، چەند نموونەیەك باس دەکەین وەکو باسمان کرد یەکێك لە سیفەتەکانی ئەهلی دڵو عاشقی ڕاست بریتییە لە (ڕازیبوون)، واتا عاشق بە هەموو شتێکی مەعشوقەکەی (ڕازیبوون)، تەنانەت ئازاردانەکانیشی بۆ ئەو مایەی تامو لەزەتە وەکو ناری لە دەربڕینی خۆشەویستیو دڵسۆزی خۆی بۆ مەعشوقەکەی لە شیعرێکدا دەڵێت:

گەر بەتیری عیشقی جەرگم پارەکا گاهی بەناز
ماڵی ئاوابێ بەخەندەی لێوی دەرمانم دەکا

یان وەکو ئەحمەد موختار جاف دەڵێ:

لوتفی یار هەر بۆ ڕەقیبە من ڕەزام ئەو دولبەرە
جار جار هەتا بەجوێنێ بێتو بمداتۆ جەواب

ئەگەر لە هەر یەکێك لەو شاعیرانەش بپرسی بۆچی ئەبێ ئەوەندە دڵسۆز بی، کاتێك ڕەنگە یار هەر ئاگاداری ئەوەش نەبووبێ کە تۆیەك وا ناڵەناڵی بۆ دەکەیت، ئەوە مەحوی وەڵامان دەداتەوەو دەڵێت:

بیبینێ یا نەیبینێ من دادو بێدادێ ئەکەم
گوێ بداتێ یا نەداتێ ئاهو فریادێ ئەکەم
حەقی ئیخلاسە بەجێهێنانی ئادابی خولوس
پێ بزانێ یا نەزانێ من بە دڵ یادێ ئەکەم

لای مەحوی گرنگ ئەوەیە ئاشق کاری خۆی بکاو دڵسۆزی خۆی دەربڕێ، ئینجا یار ئاگادار بێت، یان نا ئەوە کێشەی ئەو نییە، یان وەکو حەریقی لە کاتی ئازاردانی دڵی لەلایەن یارەوە دەڵێ: گەر ئەتەوێ دڵم لە گریان بووەستێ، ئەوە بەوە نابێ بیخەیتە ژێر پێتەوە، بەڵکو یەك خەندە بەسە بۆ ئەو

مەیخەرە ژێر پێتەوە گەر ئەتەوێ ژێر بێتەوە
دڵ کە منداڵە شەکر خەندەی لەبت چاری ئەکا

زۆرجار ئەهلی دڵ خۆیان کردۆتە قوربانی یارو لە ڕێگەی ئەودا خۆیان بەختکردووە، چونکە ئەوان ژیانیان لەوە بینیوەتەوە کە بۆ یار بمرن واتا لە مردن بۆ یار ژیانێکی نوێبووە بۆ ئەوان بەپێچەوانەی خەڵکی ئاسایی کە مردن لە مردن دەبیننەوە هەر ئەوەش وایکردووە مەحوی بڵێ:

بوومە خاکی بەری پێی پێیەکی نەنا پێما
وتی: سەد دەفعە بیخۆ ئەی حەریفەی بێ مانا

یان وەکو نالی لە باسی مەحبوبەدا دەڵێ:

هەر بە ئومێدی عیادەت بەڵکو جارێ بێتە لام
من ئەگەر چی بشمرم پێم خۆشە ئەو بیمارییە

ئەو تێڕوانینە قوڵەش بۆ ئەو ژیریو ئەقڵی ئەهلی دڵ دەگەڕێتەوە کە ئیشق وای لێکردوون تامو بۆنێکی تر لە دونیا بە گشتیو مردن بە تایەبتی بکەن، چونکە ئەوەی جێگای ترسو تۆقینە لای خەڵکێکی ئاسایی ئەوە لای ئەوان جێگای خۆشبەختیو شادییە، وەکو یەکێ لە ئەهلی دڵ دەڵێ: خودایە سوپاسی تۆ دەکەم مە تامو چێژ لە تەنیایی دەکەم، لە کاتێکدا مرۆڤی ئاسایی لە تەنیایی دەترسێت.. بۆیە تێڕوانینی شاعیران بە تایبەتی بۆ یارو مەعشوق پەیوەندییەکی پێچەوانەوە بووە، لەبەرئەوەی ئەوان بە چاوی دڵ سەیری ماددییەتیو دونیایان کردووە، هەر بۆیە چوونەتە ناخی شتەکان، چونکە هەر کەسێك بە چاوی دڵ سەیری دەوروبەر بکات هەر وەك ئەوان ژیریو فەلسەفە لە زمانیان چەشنی ئاو لە گۆزە دەڕژێت، خاڵی گرنگ ئەوەیە کەس ناتوانێ گلەیی لە ئیخلاسو دڵسۆزی شاعیرانو ئەهلی عیرفان بکات، سەبارەت بە مەعشوقەکانیان، چونکە ئەگەر تۆ لە ڕوانگەی خۆتەوە سەیری پەیوەندییەکە بکەی، وەکو ئەوە وایە سەیری ئاوێنە بکەی کە شتە ڕاستەکان بە چەپ دەبینێت، بۆیە ئەوەی نەچێتە ناو ئەو جیهانەوە کە جیهانی ئیشقە ناتوانێ حوکمیش بدات، ئاخر وەکو ئەهلی عیرفان دەڵێن: ئیشق ئەزمون دەکرێت، بۆیە تا ئێمەش تامی نەکەینو ئەزمونی نەکەین، زمانمان چەشنی دەستی دزێك کەلەپچەکراوەو نەدەتوانی قسە بکات نەدەشتوانی بێتە گۆ..

هەر چاکەیەك ئەنجامی دەدەیت، دێتەوە ڕێگەت..

دوای ئەوەی باوکم بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێکردین، منو دایکمی تەنیا جێهێشت، ئەرکی سەرشانی دایکم سەختتر بوو.. دایەگیان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانمان خۆی فێری دروومان کردو ڕۆژانە لە پێناوی ئەوەی ئیحتیاجی هیچ کەس نەبین جگە لە خودا، سەربەرزانە بە ئارەقی نەوچەوانی قوتی ڕۆژانەی بە دوورینی جلوبەرگ بۆ پەیدا دەکردین، هەروەها بەردەوام هانی دەدام بۆئەوەی درێژە خوێندن بدەم، ڕێگەی نەدەدا هیچ کارێك بکەم جگە لە خوێندنەکەم!

ئەو کات من هیچ کارێکم لە دەست نەدەهات بۆ دایە گیانی ئەنجام بدەم، تەواوی خەرجی ڕۆژانەمان لەسەر دایکم بوو، بەڵێنم دا هەر کات خوێندنم تەواو کردو دامەزرام، بەشێك لە مووچەکەم بۆ دایکم تەرخان بکەمو تەواوی پێداویستییەکانی ژیانی بۆ فەراهەم بهێنمو ڕێگە نەدەم چیدی شەونخونی بکاتو لە پێناوی مندا ماندوو ببێت، ئاواتەخوازبووم ڕۆژێك بتوانم کەمێك پاداشتی دایکە دڵسۆزو ماندوونەناسەکەم بدەمەوە، بەڵام قەدەر ڕێگەی نەدا من بە زیندوویی چاکەیەك لەگەڵ دایکم بکەمو کەمێك پاداشتی ماندووبوونی بدەمەوە، ویستی خودا وەهابوو بۆ دواجار دایکم ماڵاوایی لێکردینو منی تەنهاو خەمبار بەجێهێشت، بۆ کۆچی یەکجاریو ماڵاوایی هەمیشەیی دایکی ئەزیزم زۆر گریام، بەڵام خەمو گریان نابنە هۆی گەڕانەوەی دایکمو شادبوونی ڕۆحی ئەو.. لەبەرئەوە بەڵێنم دا بە خودای گەورە، چواریەکی مووچەکەم بۆ دایکم تەرخان بکەمو بیبەخشم بە هەژارانو کاری خێرخوازی پێ ئەنجام بدەم، بەو هیوای ئەجرو پاداشتەکەی بگات بە دایکم..

(٣٠) ساڵ بەسەر کۆچی دایکی ئەزیزو ماندوونەناسمدا تێپەڕی، بەردەوام لە هەموو سوجدەیەکمدا نزام بۆ دایکم کردووە، چەندین بیری ئاوم هەڵکەندووەو کردوومەتە خێر بۆ دایکم، تا بۆی ببێتە خێرێکی هەمیشەییو نەبڕاوە، لە زۆرێك لە مزگەوتەکانی شارەکەمدا بەرادی ئاوم داناوە بۆ خێری دایکم، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو، ئەوە بوو ڕۆژێکیان دوای ئەنجامدانی نوێژ لە مزگەوت هاتینە دەرەوە، چەند پیاوێکم بینی بەڕادێکی ئاویان دادەگرت لە مزگەوتی گەڕەکەکەی خۆمان، بە بینینی ئەو دیمەنە دڵم زۆر تەنگ بوو، فرمێسك لە چاوەکانمدا قەتیس مابوو، لە دڵی خۆمدا وتم: من لە زۆربەی زۆری مزگەوتەکانی ئەم شارەدا بەڕادی ئاوم داناوە، بەڵام بیرم چووە لە مزگەوتی گەڕەکەکەی خۆمان بەڕادێك دابنێم، لەو بیرکردنەوانەدا بووم، مامۆستای مزگەوتەکە سڵاوی لێکردمو وتی: خودای گەورە پاداشتت باتەوە بۆ ئەو بەڕادە، بەڕاستی زۆر پێویست بوو بۆ مزگەوتەکەمان!

بە قسەکانی مامۆستا سەرسام بووم، وتم: نا بمبورە ئەو بەڕادە هی من نییە، مامۆستا وتی: من دڵنیام ئەو بەڕادە هی تۆیە، ئەمڕۆ کوڕەکەت هێنای، وتی ئەوە هی باوکمە!


بەو هەواڵە زۆر دڵخۆشبووم، کاتێك گەڕامەوە ماڵەوە.. کوڕەکەم بینی ناوچەوانم ماچ کرد.. پێش ئەوەی من پرسیاری لێ بکەم، وتی: بابە گیان ئەو بەڕادە من کڕیم، نییەتی تۆم لێهێنا، خودای گەورە لێت قبوڵ بکاتو بە سەلسەبیلی بەهەشت پاداشتت بداتەوە!

وتم: باشە تۆ پارەی کڕینی ئەو بەڕادەت لە کوێ بوو، خۆ تۆ کارناکەیتو هێشتا خوێندکاری پۆلی یەکەمی ناوەندیت؟!

وتی: لە مێژە ڕۆژانە بەشێك لە خەرجییەکەم پاشەکەوت دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانم چاکەیەك لەگەڵ تۆ بکەم، هەروەکو ئەوەی کە دەبینم تۆ بەردەوام چاکەو خێر دەکەیت بۆ داپیرەم!

سەرچاوە: www. culture4all.org

بەرزان ئەبوبەکر





ئارام نەبی مەحموود

لە ڕۆحم خۆشەویستترم نەبوو!

هەمیشە بیر لە تۆ دەکەمەوە، بیر لە جوانیت، باشیت، لێبوردەییت، دەکەمەوە، بیر لە بەخششە بێ کۆتاییەکانت دەکەمەوە، ئەم ڕۆژانە ڕۆدەچم لە بیرکردنەوە لە تۆ، بۆیە هەستی شەرمەزاری گیانمی تەنیوە، بەڕاستی من شەرمەندەم! هێندەت پێبەخشیوم کە لە ژماردن نایە!

دەمەوێت قەرەبووی ئەو هەموو لوتفو کەرەمو باشیەی تۆ بکەمەوە! دەمەوێت قەرەبووی ئەو خۆشەویستییە بکەمەوە کە بێ ئەندازە پێتبەخشیووم! قەرەبووکردنەوەی تۆ بۆتە باسی هەمیشەیی من لەگەڵ خۆم!

زۆر گەڕامو سۆراغم تا شتێك بدۆزمەوە، کە بەهۆیەوە بتوانم قەرەبووت بۆبکەمەوە، شتێك کە لایەقو شایستە بێت بە تۆ، بەڵام نەبوو...! هیچ شتێك نەبوو شایەنی ئەوە بێت بیکەمە خەڵاتی تۆ...

ئاخر تۆ هێندە مەزنی! هێندە پیرۆزی! هێندە خۆشەویستی! هێندە بەخشندەیت! هێندە میهرەبانیت، بۆیە ناکرێت هەر لە خۆمەوە بڵێمو بیکەم، تەنها شت کە هەمەو پێتی ببەخشم! هەر چەندە لایەق بە تۆ نیست! ئەمما لە ڕۆحم زیاتر، لە ڕۆحم بەنرختر، لە ڕۆحم خۆشەویستترم نەبوو...!

ئەوەش بە قەرەبوو نازانم، بەڵام وەکو وتم لەمە باشترم نەبوو! گەورەییتە گەر لێمی قبوڵ بفەرمووی!

پێم گێلییە کە ئێستا لە بیری قەرەبووکردنەوەدام! چوون ناتوانم، نا ناتوانم هەرگیز! ئەوەی من دەمەوێت بیکەم مەحاڵە، ئاخر من لە کوێو تۆ لە کوێ؟!

بۆ من گەورەترین بەخششە کە ڕێگەت داوە لەگەڵت بم! بێ تۆ من زیندویەکی مردووم، بێ تۆ وێرانەم، تۆ بووی خۆمت بە خۆم ناساند، تۆ هەموو ژیانمی!

من بێناز کەوتبووم، تۆ هەڵتگرتمەوەو نازت پێبەخشیم، خۆشەویستیت پێبەخشم، ئارامیت پێبەخشیم، ئاسوودەییت پێبەخشیم، هەر شتێ کە نەمبوو تۆ پێتبەخشیم! منت کردە خاوەنی شتانێکی بێ هاوتا!

ئەوەندە بەسە کە هەر کات بمەوێ حازری! هەر کات بمەوێ ئامادەی گوێبیستم بیت، هەر کاتێ بمەوێ، بە هەر جۆرێ، بە جەستەی ماندوو، بە دڵی شکاو، بە چاوی پڕ لە ئەشك، دێمە حوزورت! دێم دەردە دڵت لەگەڵ دەکەم، دێم خەمەکانمت لەگەڵ بەش دەکەم! دێم ناخی پڕم خاڵی دەکەمەوە، کاتێکیش دێم کە هەمووان نووستوون تەنها خۆم بم بێدار، لە تاریکی شەوا!

ئای! لەگەڵ تۆ بوون چ چێژێکم پێ دەبەخشێت، چێژێك کە نە پێنووس، نە زمان ناتوانن گوزارشی لێوە بکەن! دەمەوێت هەمووان بزانن کە من لەگەڵ تۆ بەختەوەرترینو ئاسوودەترین مرۆڤی دونیام! دەی ژیان واتە لەگەڵ تۆ بوون! بێ تۆیی نازانم ناو بنێم چی؟!

وەختێ دڵم خاڵی بوو لە تۆ، خاڵی بوو لە هەموو جوانییەکانی زیندەگی، وەلێ ئێستا هەموو شتەکان بۆ من گۆڕاون، چاوەکانم جۆرێکی تر دەبینن، گوێیەکانم جۆرێکی تر دەژنەون، جۆرێکی تر بیردەکەمەوە، ئێستا ناخۆشیەکانیش بۆمن خۆشین! چوون دڵم تۆی تێدا هەس!

هەموو شتێکم لا نامۆبوو! هەتا خۆشم! نەمدەزانی وشەکانی عیشقو خۆشەویستی یانی چی؟! وەلێ ئێستا کە لەگەڵ تۆم، نەك هەر ئاشنای وشەکانم، بەڵکو خەریکە دەتوێمەوە لە ناویاندا!

من...!! ئەو کاتە هەست بە گەورەییو بوونی خۆم دەکەم، کە لە بەردەمتا چۆکدادەمو دەکەومە سەر دەست! بەڵێ تۆ شایەنی زۆر لەوە زیاتری... زۆر لەوە زیاتر کە بە بیری منی داماودا دێت، دەیڵێمەوە: "بە هەموو بوونم قەرزاری تۆم، دڵنیاشم لەوە ناتوانم قەرەبووت بکەمەوە، ئەم نامەیەشم بۆ ئەوە نووسی کە بەیانی بۆم بێتە دەنگو گەواهی قوربانی ڕۆحم بدات، کە خۆشەویسترینو شیرینترین شتە لای مرۆڤەکان"!

توندوتیژی ناو خێزان، تاکی شەڕانگێز دروستدەکات

خێـــزان بەرزترین پێگەیـــە بۆ پەروەردەکـــردنو پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروستو ڕۆشـــنبیرو ڕەوشتبەرز بۆ خودی خێزانو کۆمەڵگـــەش، بەڵام زۆرجـــار دەبینین ئەم پێگەیە وەك پێویســـت نییەو لە چەند ڕەهەندێکەوە بایەخی تەواوی پێنادرێت. پەیوەندی نێوان دایكو باوك لەم ڕووەوە دەتوانرێت وەك خاڵێکی ســـەرەکی ســـەیر بکرێت، هەرچەند ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای متمانەو لێبـــوردنو خۆشەویســـتیو لێك تێگەیشـــتنو گوێرایەڵی دروســـت بووبێـــت، ئەوەنـــدە پتەوی خـــۆی دەپارێزێت، بـــەڵام کاتێك ئەم پەیوەندییە بەرەو لاوازی دەڕواتو کێشەوگرفتو ناکۆکی دەکەوێتە نێوان دایكو باوکەوە، زۆرجاریش بۆ چارەســـەرکردن پەنا دەبەنە بەر توندوتیژیو شەڕانگێزیو ڕاستەوخۆش کاریگەری خراپ لەسەر منداڵەکان دروستدەکات، چونکە یەکەم قوتابخانە بۆ دروستبوونی کەسایەتی منداڵ خێزانە کە تێیدا فێری هەموو ڕەفتارێك دەبێتو کاریگەری خۆی دەبێ لەســـەر منداڵ بە لایەنی چاکوخراپییەوە، هەربۆیە شـــەڕو ئاژاوەی ناو خێزان وەکو گشت ڕەفتارە خراپەکان پاشماوەی خۆی بەجێدەهێڵێت لای منداڵان بەتایبەتی لە تەمەنی زۆر منداڵی دا، لەبەرئەوەی گشـــت ڕەفتارەکانی منداڵ کاردانەوەی خێزانەکەیەتی.

شـــەڕانگیزی خێزان کاتێك لە نێوان دایكو باوك بەرجەســـتە دەبێت، هەمان ئەو شـــەڕانگێزی لەســـەر بۆچوونـــی منداڵ تۆمار دەبێتو کاری تێدەکات، بەم شێوەیە وێنەی خێزان بە ئاڵۆزی لای منداڵ دروست دەبێت، کاتێکیش یەکەم دیمەنو دووبارەبوونەوەی هەمـــان دیمەن توندوتیژیو شـــەڕانگێزی لە نێـــوان دایكو باوك لای منـــداڵ دەبینرێت، جۆرێـــك لە دڵەڕاوکێو تێکشـــکاوی ناخی تـــووش دەبێ.. بۆیە هـــەوڵ دەدات بەپێی توانـــاو لێهاتوویی خۆی چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە.

پەنا بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو دەبات بۆ یەکێکیان دایك، یاخود باوك، تا بتوانێت بەهاوکاری کاریگەری لەسەر ئەوەی تر دروســـتبکات، لەم حاڵەتەشـــدا بێگومان هەندێك ڕەفتارو ئاکار وەردەگرێـــت کە وەك بناغەیەك تێیدا فێـــری توندوتیژی دەبێت، چونکـــە لایەنەکـــەی تر جا دایـــك بێت، یان بـــاوك ئەگەر هەوڵی چارەســـەرکردنی نـــەدات، ئەوا منداڵەکـــە بەپاڵپشـــتی یەکێکیان بەرنامە بۆ توندترین شـــێوازی توندوتیژی دادەنێت، ئەمانەش هەمـــووی لە هزرو بیری منـــداڵ جێ دەمێنێـــتو بەتێپەڕبوونی کاتو تەمـــەن تاکێکی تەواو توندوتیژی لێ دروســـت دەبێت، کە ناتوانرێت بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، هەموو وتەو وێنەیەك لای منداڵ جێگای سەرسوڕمانو پرســـیارکردن دەبـــێو بەپێی توانای خۆی هەوڵدەدات.. وەڵام بۆ ســـەرجەمیان بدۆزێتەوە..جا پێویستە لەســـەر هەموو دایكو باوکێكو خێزانەکان هەوڵبدەن هەر گرفتو ئاســـتەنگێك هاتە بەردەمیان لە ژیانـــی ڕۆژانەیاندا بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەنو بە گفتوگۆو ڕاوێژ بە یەکتری چارەســـەری بکـــەن، چونکە ژیانی ئەمڕۆ پڕە لە مەینەتیو کێشـــەو جەنجاڵی، هیـــچ خێزانێکیـــش لە کۆمەڵگای کـــوردی بێ کێشـــە نییە، زۆر گرنگیشـــە دایكو بـــاوك ڕەفتارێکی نەشـــیاو نەکـــەن لەبەرچاوی منداڵەکانیان بۆئەوەی کار نەکاتە ســـەر دەروونی ئەوانو هەســـت بـــە ئـــازاری ناخی خۆیان نەکـــەنو لـــەدوارۆژدا مرۆڤێکی هێمنو لەسەرخۆی لێ دەربچێت، کە دووربن لە هەموو توندوتیژییەكو بە ئاسودەییو دڵخۆشیو کامەرانی بژین.



ڕەزوان عەبدولقادر




هەناسەیەکی باراناوی

ڕۆشنا صاڵح

کاتێـك وەرزی باران بارین دێتە پێش، هەمووان موشتاقی بینینی یەکەم دڵۆپی بارانو یەکەم هەناسەی بۆنی نۆبەرەی خاکین، تا خۆشحاڵمان کات، بە تاسەوە سەیری ئاسمان دەکەین، لەبەردەم پەنجەرە ڕادەوەستین، دەستەکانمان بۆ تنۆکە زیوینەکانی واڵا دەکەین، سەرنجی شوێنی تنۆکەکانی دەدەینو چێژ لە بینینی وەردەگرین، پشوو بە ڕۆحمان دەدات، ئاودێری دڵەی تەژنەمان دەدات، پاش بارانیش سروشت ڕازاوەو نەخشین دەبێتو پڕ دەبێت لەبەرائەتو بێگەردی، هەوا سازگارو خۆش دەبێت، تیشکی زێڕینی خۆر جوانتر لە جاران خۆی نمایش دەکات.

بەڵام ئێمەی مرۆڤ گەر تەنها بۆ جوانییەکەیو سوودەکەی بارانمان بووێت، ئەو کات چاوی دڵی خۆمان فریوداوە، چون باران گەورەترە لەو نیعمەتەی تەنها بۆ ئەمانە بێت، باران نیعمەتێکە تالێی وردببینەوە لە جوانییە پەنهانەکانی تێناگەین، باران پڕە لە خۆنەویستیو میهرەبانیو ئارامیو بەخشندەییو دادپەروەری، باران هۆکاری ئاوەدانییە، هەموو مانایەکی جوانی هەیە، ئێمەی مرۆڤیش دەتوانین ببینە قوتابی بارانو چاو لە باران بکەین، بەسۆز بین وەك باران، داباریینە سەر مەزرا سیسبووەکانی سۆزو بیکەینە گوڵستان، چەشنی باران لە میهرەبانیماندا بتوێینەوەو تینوێتی گەرووە پڕحوزنو خەمگینەکان بشکێنین، با ببینە هەتوان، با هەوڵبدەین بە وێنەی باران بەخشندەبینو بە یەکسانی خزمەتی مرۆڤایەتی بکەین، بێ جیاوازی ئایدیاو ڕەگەزو فیکر، باوەك باران سادەو خۆشەویستو بەوەفابین، بەرامبەر دۆستو ناسیاوو هاوکارانمان، تاگەر لایان نەماین، ئاواتی گەڕانەوەمان بۆ بخوازن، یان هەڵگرتنی شوێن پێمان بکەنە نەریتییان.

با لەگەڵ بارانو بەفری ئەم زستانەدا ناخمان بەفرینو ڕەوشتو ئاکارمان چەشنی باران جوانو بەویقار بریقەدار بکەین، با هەرگیز نەبینە تەرزەو زیان بە کەس نەگەیەنینو ئازاری ڕۆحی خۆمان نەدەین، زستانێکی پڕخێرو خۆشیو بەرەکەت بۆ هەموو لایەك بە ئاوات دەخوازم، خوازیارم لەم زستانەدا خوداگیان بە بارانی میهرەبانی کێلگەی دەروونمان تێرئاو کاتو غەمو حوزنو خەمەکانیشمان لە نمەیەکیا فەنا بکات.



چرا عەلی

کورتە نامە

هەرچەندە زیاتر بمێنیتەوە ڕۆیشتنت سەختتر دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕۆیشتی جێ پێکانت بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.

ئەگەر لە کارێکدا سەرکەوتیت، هاوڕێ درۆینەکانو دوژمنە ڕاستەقینەکانت بۆ دەردەکەوێت.

دونیا ئەوەندە فراوانە بۆ هەموو بوونەوەرێك جێگا هەیە، لەبری ئەوەی جێگای کەسێك بگریت، هەوڵبدە جێگای ڕاستەقینەی خۆت بدۆزەرەوە.

هیچ کات نابێت بە ناچاری پێبکەنی، هەندێك کات پێویستە تا کۆتایی بە ئارامی بگریت، زەردەخەنەی پاش گریان لە پەلکەزێڕینەی پاش باران جوانترە.

جوانی مەوداکان لەوەدایە، هەندێك کات دێتە بیرمان کەسێك هەیە تا دڵتەنگی ببین.

خۆشبەختی واتە خودای گەورە ئەوەندە ئازیزت بکات، بوونت ئارامی بەخش بێت بۆ کەسانی دیکە.

ئەو ساتەی بیری لێ ناکەیتەوە کەسێك لە دوورەوە یادگارییە باشەکانت هەڵدەداتەوە.

ساتەکانمان تێپەڕاند تا بە خۆشبەختی بگەین، بێ ئاگا لەوەی خۆشبەختی هەمان ئەو ساتانەبوون کە تێپەڕین.

هەمیشە پەلکەزێڕینە مافی کەسانێکە تا کۆتا دڵۆپە باران لە ژێر باراندا دەمێننەوە.

مەملەکەتی ئەوین

گەرمیانی
garmeyani@yahoo.com



دەگێڕنەوە پاشایەك مەجنونی بانگ کردو پێی گوت: ئەوە تۆ چیت بەسەرهاتووە، بۆچی خۆت ئاوا پەرێشان کردووە، وێڵی دەشتو کێوانیو نەفسی خۆت بە هیلاك بردووە! لەیلا چییە تۆ هێندە بۆی سوتاوی! ئەو کچە ئەوە ناهێنێت تۆ ئاوا خۆتی بۆ بکوژی!

وەرە با جوانانی بێ وێنەت پێ نیشاندەم، تا بزانی جوانیو قەشەنگی ئەمان لە کوێو جوانی لەیلێ لە کوێ!

بەڵام کاتێك جوانان هاتنە مەجلیسی شا، مەجنون سەری داخستو پێڵوی چاوەکانی لێکناو بە هیچ شێوەیەك تەماشای نەکردن!

پاشا گوتی: سەر هەڵبڕەو تەماشا بکە، بزانە چی جوانییەك دەبینی، ئەمانەت هەموو پێدەبەخشم، ئیتر چیت لە لەیلێ داوە؟ بۆچی سەرهەڵنابڕی؟

مەجنون گوتی: قوربان دەترسم ئەگەر سەرم بڵندکەم ئەوینی لەیلا شمشێری خۆی هەڵکێشێو سەرم لە گەردنم جودا بکاتەوە! من دوای لەیلا تەماشای کەسێکی دی چۆن دەکەم؟!

بۆیە هێندی شاعیر دەڵێت:

زوڵفی سەرشانت عەزیزم! کاتێ هاتی شانەکەی
من گوتم سەد خۆزگە دەنکی شانەبامو شا، نەبام!

بۆ کەسێك تەنها ئەوین لە جوانیو سیمادا ببینێت ئەستەمە بتوانی بە زمانی عیشق لەگەڵی بدوێیو ئەویش لێت حاڵی بێت، ئەو کاتە نازانی چۆن وای لێ بکەیت هەست بە هێزی ئەوین بکات، بزانێت نوری ئەوین تیشکێکی موعەتتەرە، بۆنی ڕۆحەکان کەیلەکاتو نوریشی سۆماکان بە ناخی ئەوین ئاشنا دەکات!

ئەو کات ناچار دەبین ماتو بێدەنگ بین، پەنا بۆ ئەندێشەو خەیاڵ بەرین!

من چۆن پێیان بڵێم کە دڵێك هەیە گوێی لە گریانی منە، هەرچەندە من بە بێ دەنگیش بگریم!

ئەو دڵە هەناسەکانم دەژمێرێ، لەگەڵ هەموو هەنگاوەکانمدا هاودەمە، چۆن پێتان بڵێم: ئەو دڵە سپییە وەکو بەفر، پاکە وەکو باران!

ئاخر من چۆن پێتان بڵێم خۆشەویست ئەو کەسە نییە کە دوای مردن تێر بۆت بگری! مەراسیمی شینو گریانت بۆ ساز بکات!

نا ئەو کەسە بەڕاستی خۆشیدەوێیت کە دەمرێ، دەسوتێ، کاتێك دەبینێ تۆ دەگری!!

مەولانای ڕۆمی دەڵێت: ئەگەر ئەوینو خۆشەویستی بچێتە نێو ناخی کێوەکان، ئەوا دەهەژێنو لە خۆشیدا دەکەونە سەما!

دەزانم بێدەنگی سەختە، بەڵام لای ئەوینداران بێدەنگی هونەرە، چونکە ئەوان زەمەنێکە دەسوتێن، هەڵدەقرچێن... وەلێ بێدەنگ!

خۆ ئەوان گڕی ئەوینێك دڵی هەڵنەپڕوکاندوون، تا وەکو دەریایەکی مەنگ گوێت بۆ ڕادێرنو تۆش بە ئەسپاییو بە زمانی چرپە پێیان بڵێی: ئاخر من مرۆڤێکم خۆشدەوێت کە ئەو لە چاوی مندا هەموو گەردوونە بەڕەنگی ئەرخەوانی! ئەو زەویو ئاسمانی منە، لانەی بەختەوەریو باوەشی میهرو ئۆخژنی دڵمە، ژووانی ڕۆحو سۆمای چاومە!

ئەوان ئۆقرە ناگرن تا پێیان بڵێی: کە ئەوین گاڵتە بە هەموو باقو بریقو پلەو پایەو سەروەتو سامانی دونیا دەکات، چونکە هەموو ئەمانە بێ خۆشەویستی ئەرزشیان نامێنێو هەموو لەزەتو خۆشییەك لە دەست دەدەن!

تۆ پێویستت بە کەسێك نەبوو گوێ بۆ قسەکانت ڕادێرێ! تۆ تەنها دڵێکت دەویست هەست بە سەداو زایەڵەی ناخت بکات!

ئەلئسان ئەو دڵە گوێی بۆ لێدانی دڵت ڕاگرتووە، تا گوێی لە دەنگی هەناسەت نەبێت، دڵنیا نییە کە هێشتا دەژی!

ئێستا تۆ لە نێو ئەو دڵەدا ڕەشماڵت هەڵداوە کە عومرێکە بە شوێنیدا وێڵی!

ئەو دڵە ساتێك لە دووری تۆ ئۆقرە ناگرێت، سروەی نەسیمی بۆنی گوڵاوی تۆ نەبێت دەبێتە قەفەس!!

لە سینەمدا چ شیرین دڵ دەناڵێنێ بە مەحزونی
وەرن لەو شیوە گوێ بگرن، بە شینو شیوەنی نەیدا ! "وەفایی"

تۆ لە مێژە دەتزانی دڵەکان دوو جۆرن: جۆرێك دەتوانی بیکڕی، یاخود بە کرێ بۆ ماوەیەك وەك کرێچییەك نیشتەجێی بیت!

بەڵام جۆرێکی دی هەن کە هەرگیز سەودا ناکرێن! مەگەر بەڕۆح!

وای لە گەورەیی دڵێك بێ تۆ ناژی! بۆ تۆ دەژیو بۆ تۆ دەمرێ!

بە پێڵوی چاوەکانی باوەشێنی خۆزگەکانت دەکات! هیواکانت دەلاوێنێتەوە، فرمێسکەکانت دەکاتە ملوانکەی مرواریو بە گەردنی خۆی سەودای دەکات!

ڕۆمی دەڵێت: کاتێك دڵی مرۆڤ لە ئەوین خاڵی دەبێت، جگەلە بتێکی گۆشتو خوێنی وەك بەرد، هیچ سیمایەکی مرۆڤانەی پێوە نامێنێت!

دۆڵو دەشتی خاڵی لە ئەوین، لە کۆمەڵە خۆڵێك زێترنییە!

نیگەران مەبە، کاتێك تۆ ناتوانیت وەڵامی ئەو کەسانە بدەیتەوە کە ئازارت دەدەن. دێنە نێو گوڵستانی ئەوینی تۆو گوڵشەن دەخەنە ژێر پێو بێبەزەییانە گوڵەباخەکان دەوەرێنن!

خەم مەخۆ، ئەوە نیشانەی بێهێزی تۆ نییە! ئەوە دەری دەخات کە تۆ خاوەنی دڵێکی پاکو بێگەردو منداڵانەیت، کە جگە لە خۆشەویستیو ئەوین هیچی دی تێدانییەو بە فێڵو تەڵەکەی ئەم سەردەمە پیس نەبووە!

ڕێگە مەدە مەملەکەتە چکۆلەکەت بکەنە پەرێزی حوزنو ماتەم! پێبکەنە، مەهێڵە هەرگیز خەندە ماڵاوایی لە لێوەکانت بکات، چونکە هەموو هێزو دەسەڵاتی دونیا ناتوانێت، خەندەیەك بکوژێت!

تۆ دەتوانیت لە دژوارترین ساتەکانی ژیانا پێبکەنیت! لە نێو دەریای فرمێسکدا ڕێگا بۆ زەردەخەنەکان بکەیتەوە!

تۆ پەیامی خۆشەویستیو ئەوینت پێیە، لە وەرزی وەیشوومەو زریانو ڕەشەبای خەمیشدا، نەورەسە سپییەکان دڵیان نەهات جێت بێڵن!

کێ دڵی دێ تۆ جێ بێڵێ؟ کێ دڵی دێ تۆ بڕەنجێنێ؟ ئەی شازادەی مەملەکەتی ئەوین!

فەرموویان لێ بکە بۆ جیهانی پەپوولە، بۆ وڵاتی بەفرو تارای زیوین، بۆ دەڤەری خۆشەویستی، با بێنو ببینن کە ئەویندارەکان بێبەرامبەر دەسووتێن وەکو شەم، هەڵدەقرچێن وەکو پەروانە!

با بێنو ڕۆحی خۆیان بدۆزنەوە، با بزانن هەموو مرۆڤێك بەسەردەمی منداڵیدا تێدەپەڕێت، وەلێ هەندێ کەس تا مردن، هەر بە منداڵیو هەرزەکاری دەمێننەوە!!

تەنها لە قوتابخانەی ئەویندا، مرۆڤ دەگاتە کەماڵ، لەوێدا مرۆڤ بە خودی خۆی ئاشنا دەبێو لە مانای مرۆڤانەی خۆی تێ دەگات، لەوێدا وانەی سووتانو گریانو توانەوەو ئاوێتەبوون بە ڕۆح دەخوێنێو دەگاتە ڕاحەتی ڕۆح!

ئەشکو ئاهی من هەتا بێ، زۆرترە ئاسوودەگیم
ڕاحەتی ڕۆحو دڵە، ئابو هەوایی سازگار – وەفایی -

لەوێدا مرۆڤەکان، ئیتر جیهانی لاشە جێدێڵنو بەرەو جیهانی ڕۆحو لیقای دڵ هەنگاو دەنێن، ئەوسا دەزانن کە گەیشتن بە لاشەی مرۆڤەکان، ئاسوودەگی نابەخشێ بە ڕۆح، سوکنایی نادا بە دڵ، چێژ نابەخشێ بە ژیان!

لە دونیایەکا دەژین، کە هەموو ئاواتی ئەویندار، ئیلتیفاتێکی مەحبووبەکەیەتی، بیستنی چریکەی ڕۆحو هەناسەیەتی. نیگایەك، چرپەیەك، خەندەیەك، بە هەموو موڵکی دونیا سەودا ناکرێت لەوێدا!

کەی دەبێ وەك بولبولو گوڵ دابنیشین پێکەوە
ئەو بە خەندەی لێوی ئاڵو من بەگریەو شینەوە
باغی ڕوخساری لەمن پۆشی بەسەرپۆشی نیقاب
یانی لاچۆ عاجزم ئیمرۆ بەدەس گوڵچینەوە
تا قیامەت سەر لە سوژدەی شوکردا هەڵنابڕم
گەر بڵێی لاچۆ لەبەرچاوم، بە خەشمو قینەوە
تورکی چاوی گەر ببینێ عابیدی خەڵوەتنشین
دێتە جونبوش ئەو بە جوببەو خەرقەیی پەشمینەوە
با نەکا عاشق گلەیی ناهەق لە بەدبەختی ڕەقیب
خوێنی فەرهادەو گوناهی وا بەسەر شیرینەوە
سیحری غەمزەی وەردەگێڕێ زاهیدو عالم لە ڕێ
ئەم بە کوڵێ عیلمەوە، زاهید بە باری دینەوە
گەر بڵێم قوربانی تۆبم، ڕوو لە من کە لەحزەیە
وەردەگێڕێ شەمعی ڕوخساری بەدەم ئامینەوە – ناری -

لەوێدا تەماشای ئەڕواح دەکرێت، نەك ئەلواح * تا دەگەیتە سەرچاوەی ئیلهامو ئەسراری دڵ، ئیتر ناتوانی ئەو دەڤەرە چۆڵ بکەی! لە ئەویندارت غافڵ بی، دژوارترین ساتو سەختترین کارەسات، ئەو کاتەیە کە لە ناکاو لە هاودەمی ڕۆحت دوورت دەخەنەوە! ئیتر جگە لە دەوڵەتی حوزنو ماتەم، لە هیچ خاکێکدا جێگات نابێتەوە!

تا لەمن ئەو ماهی چاو بەخومارە خۆی ون کردووە
تیفلی دڵمی تووشی بیماری سەروبن کردووە
من لە حەلقەی خەتمی نازا، زۆر هیلاکی غەمزەنیم
ڕابیتەی ئەبرۆ، جگەرمی ئەنجن ئەنجن کردووە
تو خودا با هێندە بگریم، تا بزانن شارەزوور
سەیلی فرمێسکی من ئاوی زەڵمی لیخن کردووە - بێخود -

تەنها لەوێدا خۆشەویستی بێبەرامبەرە، بۆ تامەزرۆیی لاشە نییە، تەنها لەوێدا دڵ سوڵتانە، وزەی ڕێگا تەنها فرمێسکو سوتانە، بە تەنها ئەو دەڤەرە مرۆڤستانە! ئازیزەکەم، هێزی دەوڵەتی عیشق بێسنوورو ئامانە، دڵنیابە ئەوەی ساتێك بۆنی ئەوینی کردبێ، لە ئازاردانی ئەویندار پەشیمانە، گشت دەزانن گفتو کرداری ئەویندار، وەکو مانگی چواردە جوانە!!

ئەویندار بۆ خۆی ناژی، بۆ ئەم ژیانە باخەوانە، دیاریی دەستی، تەنها چەپکە گوڵی جوانە، لێوی دەریای دوڕو یاقوتو مەرجانی وشەی جوانە! ڕەنگی خەندەی وەکو شەوبۆو گوڵی مێخەکو شیلانە، بۆنو بەرامەی ئەوینیش تاڤگەی میسکو عەنبەرو گوڵەباخە!

ئەوەی بۆنی عیشقو ئەوین، کەیلو مەستی نەکردبێ، هەموو ژیانی پەشیمانیو ئاخو داخە!

سڵاو لە گەورەییو بەرزیت ئەی باخەوانی ئەم باخە!

----

* مەبەست لاشەیە بەبێ ڕۆح وەکو تەختە وایە ألواح کۆی "لوح"ـە واتە: تەختەدار



نامە نوورییەکان

نامەی بیستەوسێ

زۆر دەمێکە عەودالّی مانای تەواوی ئەم فەرمودەیە بووم....

"ان تعبد الله كانك تراه فإن لم تكن تراه فإنه يراك" زۆربەی ئەو کتێبانەی کە ڕاڤەی ئەو فەرموودە بەرزو پیرۆزە دەکەن گەڕام، وەلێ تینوێتی دڵی منیان نەشکاند، ئەوەی کە زۆر هەوڵی لێکدانەوەی ماناکەی دابێت گووتویەتی ئیحسان کە بەرزترین پلەی ئیمانە دوو مەرتەبەی هەن: یەکەمیان "موشاهەدە" کە بگەیتە ئاستێك وەکو ئەوەی خودا بە چاو ببینی! هەست بە بینینی بکەیو لە شەرمی دیداری خودا بە هیچ شتێکەوە سەرقاڵ نەبی کە ئەو پێی ناخۆشە! بەڵام ئەمە چۆنو بۆچی! چۆن بگەینە وەها پلەو مەرتەبەیەك ئەوەیان زۆر درێژە پێنەداوە!

مەرتەبەی دووەم: "مراقبە" چاودێری خودایی، هەستکردن بەوەی خودا هەمیشە چاودێرەو هەموو کات دەمانبینێت! هەربۆیە نابێت لە شوێنێك غایب بین کە ئەو دەیەوێت لەوێ بین! لە شوێنێك حازربین کە ئەو پێی خۆشنەبێت لەوێ بمانبینێت!

ئازیزەکەم: ئێمە چەندین ساڵە ئەم فەرمودەیەمان دەیانو سەدان جار خوێندۆتەوەو گوێمان لێبووە! وەلێ لە خۆمان نەپرسیوە دەکرێت ئێمەش بگەینە وەها پلەیەك؟!

لە خۆمان نەپرسیوە خودایەك کە دەفەرموێت: "لا تدركه الابصار". بۆچی دەیەوێت ئێمە ببینێت؟ دەکرێت ئێمە بە دڵ وەها پەیوەندییەك لەگەڵ خوداوەند دروست بکەین کە بیبینین بە چاوی دڵ؟ بینینی حەقیقی دەبێت هەر بە چاو بێت! یاخود دیداری چاو بەراورد بە دیداری دڵو ڕۆح هەر بینین نییە!

ئەگەر دیداری چاو هێندە گرنگە بۆچی خودا خۆی لە خۆشەویستان پەنهان کردووەو وەڵامی موسای کەلیم بە (لن ترانی) دەداتەوە!

ئەویندارانی خودا هەموو عومریان سووتانە بە مەحەببەتی ئیلاهی، بەڵام تا ڕۆحیان لە لاشەدا بێت بە دیداری ئیلاهی شادنابن!

ئەویندارانی خودا خۆ هێشتا بە دیداری ڕووخساری نوربەخشی خودایی موشەرەف نەبوون، ئەی چۆنە لە سەرەتای سەحەرا لێویان هەڵدەقرچێو دڵیان هەڵدەگیرسێو جەستەیان وەكو بی ناو ئاو دەلەرزێ؟

و إني لتعروني لذاكراك هزه كما انتفض العصفور بلله القطر

هەڵبەت مەبەست لەو دیدارە دیداری زاتی ئیلاهی نییە، بەڵكو موشاهەدەی سیفاتی خودایە، هەستكردنە بە شوێنەواری سیفاتی بەرزو ناوی جوانو ڕازاوەی، چونكە وەكو دەڵێن " المشاهده بالشعور لا بالحضور" بینینی ڕاستەقینە بە هەستكردنو یادو یادەوەریو ئیحساسە، نەك بە ئامادەبوونی خودا!

هاوكات بینینی خوداوەند لە دونیا بە سۆمای چاوی ئێمە مەحاڵە!

خۆ ئەگەر بهاتبایە خوداوەند لە دونیا خۆی نیشانی هەموو بەندەكانی بدابا ئەوە لەشەرمی دیدارو هەیبەتی ئیلاهی كەس نەیدەتوانی سەرپێچی فەرمانی خودا بكات!

وەلێ گەورەیی بۆ كەسێك كە خۆشەویستیو ئەوینی خودایی هێندە وابەستەی فەرمانەكانی خودای كردووە لە شەرمی خوداوەندو سۆزی ئەوینو تاسەی ڕۆژی دیدار ناتوانێت سەرپێچی ئەمری ئیلاهی بكات.

چونكە ئەو بەندەیە لە تۆماری خۆشەویستانی خودادا ناوی نوسراوە، ● كۆڕی فریشتەكانی ئاسماندا ناوی براوە!

ئیبنولقەیم دەڵێت: "هەركاتێك خودا كەسێكی خۆشبوێ مەحەببەتی خۆی لە نێو دڵی دەنێ!"

خۆشەویستی ڕاستەقینەی ئێمە سەرچاوەكەی خۆشەویستیو لوتفی ئەو پەروەردگارە مەزنەیە بۆ ئێمە! گرنگ نییە ئێمەی بچووك ئەو خودا گەورەیەمان خۆشبوێ، ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە ئەو خودا گەورەیە ئێمەی خۆشبوێ!

بەو هەموو لوتفو گەورەییو دەسەڵاتە بێ سنورەیەوە بانگی جبریل بكاتو بفەرموێت: "ئەی جبریل من فلانە بەندەم خۆشدەوێت، تۆش خۆشت بوێ!"

ئەو كات جبریل چۆن كەسێكی خۆشناوێت كە خۆشەویستی خوداوەندە؟!

ئەویش لە نێو ئاسمانەكاندا بانگی هەموو فریشتەكانی ئاسمان دەكات: خودا فلانە بەندەی خۆشگەرەكە ئێوەش خۆشتان گەرەكوێ!

دواتر خودا لەسەر زەویش خۆشەویستی ئەو مەحبوبەی خۆی لە دڵی بەندەكانیدا پەخش دەكات!

ئیمامی زەهەبی دەڵێت: "هەر بەندەیەك ڕووی دڵی بكاتە خودا، خودا ڕووی دڵی بەندە باوەڕدارەكانی دەكاتە ئەو!".

ڕووكردنە خودا واتە ڕووكردنە هیوایەكی نەبڕاوە، هێزێكی بێ سنور، خۆشەویستییەكی ڕاستەقینە، میهرو ئەوینێكی نەبەدییە!

ئەو كاتەی مرۆڤ دڵی وابەستەی خودا دەبێت، ئیتر دەرگای هەموو هیواو ئاواتەكانی بۆ دەكرێتەوە! دڵنیا دەبێت كە ئەوەی خودا لە ئاسمان بەوی دەبەخشێت، كەسێك لەسەر زەوی ناتوانێت ڕێگری لێ بكات!

ئازیزم: هەمیشە هەموو هیواو ئاواتەكانت وابەستەی خوداوەند بكە، چونكە كەسانێك هەبوون كە هەموو هیواو ئاواتو ئارەزووەكانیان بە مرۆڤێكی لاوازی وەكو خۆیانەوە پەیوەست كرد! بەڵام كاتێك هەموو ئاواتو هیواكان نایەنەدیو ئەوەی چاوەڕوانی دەكرد نایگاتێ، تووشی بێهیوایییەكی تاڵ دەبێت!

لە هەموو شتێك بێ هیوا دەبن، لەو كەسەی خۆشیانویستووەو لە هەموو ئەو هیواو ئاواتانەی كە هەیان بووە!

بەڵام ئەوەی ڕووی دڵی هەمیشە لە خودا بێت، هەرگیز بێهیوا نابێت!

ئەوەی دەستی بە ئەڵقەی خوداییەوە گرتبێت بێهیوا نابێت!

ئیبنولقەیم دەڵێت: ئێوەندی سەعادەتی دونیاو ئاخیرەت پەیوەستە بە دەستگرتن بە فەرمانی خودا!

لە دونیادا سەرفرازی هاودەمی ئەو كەسەیە كە جگە لە گەیشتن بە ڕەزامەندیو خۆشەویستی خودا هیچ ئاواتێكی دی نییە!

چونكە دەزانێت هەموو كارەكان بە دەست ئەون، هەموو تكاو ڕجاو داواكارییەكان لەلای ئەون! بێ فەرمانی ئەو، خۆ هیچ ناكرێت!!

دەزانێ كە هەموو لوتفو خەڵاتێكی ئەو سەرمەدین، هەرگیز گۆڕانكارییان بەسەردا نایەت، گەر خۆشەویستی خودا بەدەستبێنێ، ئیدی ئەگەر هەموو دونیا پشتی تێ بكەن بە خەیاڵیدا نایەت، وەلێ ئەگەر هەموو دونیا ڕوویان بكەنە ئەو، بێ خۆشەویستی خودا، هیچ سودێكی نییە!!

ئەو كات پێویستە هەموو ڕێگایانە ڕێبەندكەین كەلەو ئەوینە خوداییەمان مەحروم دەكات، كە تاوانو گوناهو شوێنكەوتنی هەواو ئارەزوو ڕێچكەی یەكەمی هەموو ڕێگاكانە!

تاوان مایەی دووركەوتنەوەیە لە خودا، مایەی هەژاریو داماویو هەناسە ساردییە!

ڕووكردنە شاوەتو ئارەزوو هەموو پێوەرەكان دەشێوێنێ، هەموو بینایییەكان لێڵ دەكات، جوان ناشیرینو ناشیرین جوان دەكاتو بەرگی حەق دەكاتە بەر باطلو بەرگی باطلیش دەكاتە بەر حەق!

گوناه سەرچاوەی هەموو دەردەسەرییەكانی مرۆڤە!

لە بەرامبەریشدا ملكەچبوون بۆ فەرمانی خودا پێشخستنی ویستی خودا بەسەر ویستی نەفسو ئارەزوودا، ڕێگای ئازادیو سەرفرازیو ڕزگارییە!


لەزەتی تاعەت بێ وێنەیە! لەزەتی گوناه حەددی چییە بگاتە گەردیلەیەك لەو لەزەتو خۆشییە!!

ژیان لە سایەی قورئانو پەیامی ئاسمانو چرای نوری ئیلاهیدا دەگاتە لوتكەی بەرزیو بڵندیو لەزەتی ڕۆح!

كەواتە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مەقامی "موشاهەدە" خەونو ئاواتی خۆشەویستانی ژێرمەندی خودان!

زمانیان هەمیشە بە نێوی خودا پاراوە، ڕووی نیگای دڵیان ئاسمانە! چاویان بە سورمەی شەرم ڕشتووە، لە هەموو بزووتنەوەو جوڵەیەكدا لەگەڵ خودادا دەژین، هەست بە سیفەتی خودای "رقيب"و "سميع"و "بصير"و "عليم"و "خبير" دەكەن، بە كردارو گوفتاری جوانیان جوانترین نمایش دەكەن. فریشتەنو بەسەر زەویدا دەڕۆن! جگە لە سودو جوانیو میهرەبانی زیان بە مێروولەیەك ناگەیەنن، پاكی سیمایانە، میهرەبانی كاڵایانە، دەستپاكو زمانپاكو هەستپاكو دڵپاكن. ئەوانە پەروەردەی ژێر نەزەری ئیلاهین! ئەوانە عالەمی غەیبو شەهادەیان پێكەوە گرێداوە، ئەوانە پەنهانی خۆیان پاراستووە، خوداش ئاشكرای جوان كردوون. " إن الذين يخشون ربهم بالغيب لهم مغفرة وأجر كبير"

ع.ش. شێركۆ



لەگەڵ هێمنی شاعیردا

عەزیزم بۆچی تۆراوی لە خۆڕا؟
چ قەوماوە؟ دڵی تۆ بۆچی گۆڕا
ئەتۆ وا زوو لە بیرت کردم ئەمما
فەرامۆشت نەکەم شەرتە لە گۆڕا
لە من ڕا، خۆ خەتایەك ڕووی نەداوە
ئەدی بێ مەیلی بۆ ڕووی دا لەتۆ ڕا؟
ئەسیری کە زیەتە کۆتری دڵی من
دەبێ حاڵی چ بێ کۆتر لە تۆڕا؟
سەرو ماڵو کەماڵو بیرو خۆشم
لە نەردی عیشقی تۆدا پاکی دۆڕا
لە چاوم دێ بە خوڕ فرمێسکی خوێنین
کەچی ئەم گۆمە خوێنە هەڵنەچۆڕا
منو لاشەی پەپولە مایەنەوە بەس
شەوی دووری، شەمیش تواوە لە کۆڕا

"هێمن" نازناوی شاعیری مەزنی کورد (سەید محمد أمین کوڕی سەید حەسەنی شەیخولئیسلامی) موکرییە، ساڵی (١٩٢١) لە گوندی "لاچین"ی نزیك شاری مهاباد لە دایکبووەو لە ڕۆژی ١٧ای نیسانی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە!

هێمن شاعیرێکی نوێخوازو نیشتمانپەروەرو هەست ناسك بووەو خاوەنی شیعری جوانو بێ وێنەیە!

"هێمن" شاعیریکی شۆڕشگێر بووەو بەشاعیری کۆماری مهاباد ناسراوەو ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە خەباتدا بۆ ئازادی کوردستان.

موو ناپسێنم!!

ئەمن دەمگوت لە دنیا تا بمێنم
لەبەر کەس ئەستەمە سەر دانەوێنم
کەچی ئێستا لە داوی بسکی تۆدا
گرفتارم گوڵم موو ناپسێنم!

ژیانم پڕ لە ڕەنجەو نامرادی
بە هەڵکەوتیش نەهاتم تووشی شادی
دڵم هێند تەنگە هەرجێی تۆ دەبێو بەس
ئەتۆش مەحکوومی حەپسی ئینفرادی

قەرار بوو بێی لەگەڵ خۆت شادی بێنی
نەهاتی، گەرچی پێت دابووم بەڵێنی
لە ناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن
لە کوێ فێربووی گوڵم پەیمان شکێنی؟

ئەگەرچی ڕۆیی، قەت ناچی لە یادم
دەکەم یادت، بە یادی تۆوە شادم
کە بارگەت بۆ هەوار تێکنا عەزیزم
شکا ئەستووندەکی تاوڵی مرادم